# هەیڤ

45

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە
ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا
دەریدەکات

## "تەسبیح" لە قورئانی پیرۆزدا



## گەلی عاد



## چەند ئاماژەیەکی زانستیی دەربارەی دابەزاندنی ئاسن



## تێڕامانێك لە مرۆڤ

بسم الله الرحمن الرحيم

# هەیڤ


## بەشی کوردی

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002دا بلاو کرایەوە

ژمارە (45) بەهاری 2017ز - 1438ك

www.haiv.org

خاوەنی ئیمتیاز
ناوەندی کوردستان
بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا



سەرنووسەر
د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

جێگری سەرنووسەر
خالید حەسەن عەلی

بەڕێوەبەری نووسین
هاوژین طالب رضا
009647707601225

ڕاوێژکاری یاسایی
محەمەد ڕەئووف ئەحمەد
009647701527323

دەستەی نووسەران
فاڕووق ڕەسووڵ یەحیا
محەمەد حسێن کەریم
د. کاوە فەرەج سەعدون
جەمال محەمەد ئەمین
د. محمد جمیل الحبال
بەرزان ئەبوبەکر ڕەشید
د. بەهێز محەمەد ساڵح
سەروەر حەسەن عەلی

دیزاین
زانیار ئەنوەر ئەحمەد
zanyarkurdish@gmail.com



پەیوەندی
haivkurdy@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان:
سلێمانی - شەقامی سەرەکی چوارچرا
بەرامبەر زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی





چەند نهێنییەك لە ئایەتی:
﴿يَٰنَارُ كُونِي بَرۡدٗا وَسَلَٰمًا عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ﴾ 14





بازنەی ویلس 30





تەفسیرێکی زانستی بۆ ئایەتی:
﴿أَلَمۡ نَجۡعَلِ ٱلۡأَرۡضَ كِفَاتًا﴾ 37





بۆ نەوجەوانان 38





پاراستنی گەردوون لە تیاچوون 40





من إعجاز القراءات القرآنية 46


ئەم گۆڤارە ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی تێدایە، پاراستنی پێویستە.

# ئیعجازی زانستی و پەیوەندی بە ئیعجازی زمانەوانیەوە

دیارە قورئانی پیرۆز بە زمانێکی عەرەبی پاراو دابەزیوە: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ ﴾ الشعراء. واتە: (خوای گەورە ئەم قورئانەی ناردووەتە خوار، جوبریل هێناویەتە خوار، بۆ سەر دڵت تا تۆ لە ترسێنەران بیت، بە زمانێکی عەرەبی ڕەوان). تەنانەت نەیارانیشی هەر لە سەرەتای هاتنەخوارەوەی نیگاوە نەیانتوانیوە ڕەخنە لە زمانەوانی قورئان بگرن، لە کاتێکدا زۆر گرنگ بوو بەلایانەوە شتێك بدۆزنەوە بۆ ڕەخنەگرتن لەو دینە تازەیە، بۆ سەلماندنی نادروستیی، تا بڵێن: چۆن دەبێت لەلایەن خوای ئاسمانەکان و ئادەمیزادەکانەوە هاتبێت و لە زمانی ئەوان نەزانێت!! گەر هەڵێکیشیان دۆزیبێتەوە یەکودوویان لێ نەکردووە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ﴿٤﴾ ﴾ إبراهيم. واتە: (هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێت تەنها بە زمانی گەلەکەی خۆی بووە، تا هەقیان بۆ ڕوون بکاتەوە). لەگەڵ شارەزایی عەرەب لە زمانەکەیان و شانازی کردنیان پێوەی، زمانی حاڵیان دانیان بوو بە بەرزیی ڕەوانبێژی قورئان.

پێدەچێت ڕەخنەی قورەیش و عەرەبە موشریکەکان لە ناوەڕۆکی پەیامەکە و دینەکە گیرابێت، نەك لە زمانی قورئان، چونکە خۆیان شارەزای زمان بوون، جگە لە جوانیی تەعبیر و داڕشتن هیچیان بەدی نەکردووە، ئەوەش دەمڕاستەکەیانە شاهێدی دەدات: «والله إن لقوله الذي يقول حلاوة، وإن عليه لطلاوة، وإنه لمثمر أعلاه، مغدق أسفله، وإنه ليعلو وما يعلى، وإنه ليحطم ما تحته». زمانی عەرەبی بەوە جیادەکرێتەوە کە موفرەداتی زۆرە و، بۆ هەر جووڵەیەکی ژیان، یان هەر هەڵوێست و وێنایەك، وشەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە. دیارە قورئان لەم بوارەدا لە پێش هەموویانەوە بووە. نەك ئەوەندە، بەڵکو ئەو زاراوە زانستیانەی کە قورئان بەکاری هێناون، دەقاودەق لەگەڵ ڕاستیە زانستیەکەدا دەگونجێت، ئەگەر وشەیەکی دیکە بەکاربهاتایە لەوە نەدەچوو هەمان مەبەست ببەخشێت، بۆ نموونە: وشەی (العلقة) کە لە باسی قۆناغبەندی دروستبوونی مرۆڤدا لە قورئاندا باسکراوە، چەند مانایەکی هەیە لە زمانی عەرەبیدا: (علق) وهو الالتصاق والتعلق بشيء ما. والعلقة: دودة في الماء تمتص الدم، وتعيش في البرك، وتتغذي على دماء الحيوانات التي تلتصق بها، والجمع علق. وعلقت الدابة إذا شربت الماء فعلقت بها العلقة. والعلق: الدم عامة والشديد الحمرة أو الغليظ أو الجامد (لسان العرب جـ١٠ ص٢٦٧-٢٦٨، الجوهري جـ٤ ص١٥٢٩، مقاييس اللغة جـ٤ص ١٢٥، المعجم الوسيط جـ٢ص ٦٢٣، القاموس المحيط جـ٣ ص٢٧٥، المفردات للاصفهاني ص ٣٤٣). ئەگەر بێین بەراوردی ئەم مانایانە بکەین، بەپێی زانستی سەردەم و وێنەگرتنی ئەو قۆناغە بە ڕێکارە سەردەمییەکان، دەبینین هەموو واتاکانی لەگەڵ ئەو قۆناغەدا تەعبیری لێ دەکات: ئەو قۆناغە شێوەکەی لە زۆر ڕووەوە وەك زەروو (وەك شێوەی و ئەو ژینگەیەی تێیدایە کە لەناو شلەدایە و، خۆی هەڵواسیوە و، خوێن وەردەگرێت) و بە دیواری منداڵدانەوە هەڵواسراوە و خوێن لەم قۆناغە دروست دەبێت و لەبەر ئەوەی سوڕەکە تەواو نەبووە، وەستاوە (جامد)ە و تەڕە و لە ڕوگەشیشدا وەك خوێنێکی سوور وایە..(هەیف، ژمارە٤، ٢٠٠٣).

نەك ئەوەندە، بەڵکو قورئان دەستپێشخەریی کردووە لە ناونانی دیاردە گەردوونیەکان بە وشەیەك کە دەبێت هەر ئەو بێت، واتە بە بەکارهێنانی وشەیەکی تر مانا زانستیەکەی وەك خۆی دەرناچێت، بۆ نموونە: (الدخان) لە ئایەتی: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ﴿١١﴾ ﴾ فصلت. زانایان ئەو دووکەڵەی کە ئاسمان و زەوی لێ دروست بووە پێیان وتووە (تەم)، بەڵام تەم ساردە، لە کاتێکدا ئەو گەرم بووە، ئەم قۆناغە تەنۆڵکەی گازی تێدا بووە، کە ئەوەش لە دووکەڵدا هەیە، بۆیە وشەی دووکەڵ (الدخان) زانستی ترە (عن تطابق بعض الكشوف الكونية مع الاخبار القرآنية، عبدالمجيد الزنداني).

قورئانی پیرۆز جارێکی تر زاراوەی وای بەکارهێناوە کە لەگەڵ سەردەمی ئەوکاتی (متلقي)دا بگونجێت و، هەر کاتەو بەپێی ئاستی زانستیی سەردەم لێی تێبگەن، بۆ نموونە: ئایەتەکانی: ﴿ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ﴿٢﴾ فِىٓ أَدْنَى ٱلْأَرْضِ وَهُم مِّنۢ بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ﴿٣﴾ ﴾ الروم، وشەی (أدنی) بە (نزیکترین) دێت، هەر بۆیە ئەوکاتەی وا حاڵی بوون کە ئەو شوێنەی جەنگەکەی تیا ڕووی داوە نزیکترینە لە مەککەوە بۆیان تا شوێنی جەنگەکانی تر، یان نزیکترین زەوی ڕۆمەکانە لێیانەوە، بەڵام لەم سەردەمەدا زانست سەلماندوویەتی ئەو شوێنەی جەنگەکەی تێدا ڕووی داوە لە نزمترین شوێنەکانی سەر زەویە (هەیف، ژمارە ٣٧ و ٣٨، ٢٠١٥)، واتە بەکارهێنانی وشەی (أدنی) هەردوو ماناکەی گەیاندووە، هەردووکیشیان ڕاستن، لە هەر سەردەمە و بە پێی خۆی لێی تێگەیشتوون.

کەواتە ئیعجازی زانستی لە سەرەتادا ئیعجازێکی زمانەوانی ڕەوانبێژیە، لە هەڵبژاردنی جوانترین و شیاوترین وشە بۆ هەواڵ و ئاماژە زانستیەکان، بە داڕشتنێکی ورد و موحکەم، تا بیسەلمێنێت ئەم قورئانە تەنها لەلایەن خوای گەورەوەیە: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ ﴾ الشعراء، ﴿ لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴿٤٢﴾ ﴾ فصلت.

سەرنووسەر



# موعجیزاتی قورئانی

## ڕووناکیی سێهەم

ن: مامۆستا سەعیدی نوورسی
و: فارووق ڕەسووڵ یەحیا faruqrasul@haiv.org

لە ڕووناکیی دووهەمدا ئاماژەمان بۆ ڕووخان و تێکشکانی حیکمەتی مرۆڤ کرد لە بەردەم حیکمەتی قورئاندا، هەروەك ئاماژەشمان تێدا کرد بۆ ئیعجازی حیکمەتی قورئان.

وا لەم ڕووناکی‌یەشدا پلەی حیکمەتی قوتابییانی قورئان (کە زانایانی ئەصفیا و، ئەولیایانی پیاوچاك و، کەسانی ڕووناکبووی ناو حەکیمە ئیشراقی‌یەکانن) لەچاو حیکمەتی قورئاندا ڕوون دەکەینەوە و، بە پوختی ئاماژە بۆ ئەم لایەنەی ئیعجازی قورئان دەکەین.

ڕاسترین و ڕوونترین بەڵگە لەسەر پایەبڵندیی قورئانی حەکیم و لەسەر ئەوەی کە قورئان ڕاست و ڕەوایە و، بەهێزترین بەڵگە و نیشانەش لەسەر ئیعجازەکەی ئەوەیە کە:

قورئانی پیرۆز لە دەمی باسکردنی "تەوحید" و هەموو بەشەکانی‌دا هاودەم لەگەڵ باسکردنی گشت پلەکانی ئەو بەشانە و سەرجەم پێداویستی‌یەکانیان و، بێ ئەوەش "ڕێکوپێکی"ی هیچ کامێکیان تێك بدات، بە تەواوی "هاوسەنگی"ی خۆی پاراستووە! هەروەك پارێزگاریی "هاوسەنگی"ی نێوان گشت حەقیقەتە خوایی‌یە بەرزەکانیشی کردووە و، سەرجەمی ئەو حوکمانەشی لە خۆدا کۆکردووەتەوە کە هەموو ناوە جوانەکانی خوای گەورە داخوازی دەبن، هاودەم لەگەڵ پاراستنی ڕێکوپێکی و پەیوەندیی دەست لەملانی نێوان ئەو حوکمانەدا.. هەروەك بە هاوسەنگیی تەواو کاروباری "ڕبووبییەت" و "ئولوهییەت"یشی پێکەوە لە خۆدا کۆکردووەتەوە!

جا ئەم "پارێزگاری" و "هاوسەنگی" و "کۆکردنەوە"یە، تایبەتکاری‌یەکی قورئانە کە هەرگیز لە هیچ ئاسەوارێکی مرۆڤدا نی‌یە. تەنانەت نە لە بەرهەمە فیکری‌یەکانی گشت بیریارە مەزنەکان و، نە لە ئاسەواری ئەولیایانی پیاوچاکدا کە ڕۆشتوونەتە ناو جیهانی مەلەکووت و، نە لە کتێبی ئەو ئیشراقی‌یانەی کە لە ناخی دیوی ناوەوەی شتاندا ڕۆچوون و، نە لە عیرفانی ئەو ڕۆحانییانەشدا کە ڕۆشتوونەتە ناو جیهانی پەنهانی غەیبەوە، تایبەتکاریی وا دەست ناکەوێت. بەڵکو هەموو بەش و تاقمێکی ئەوان دەستی بە تەنها لقێك یان دوو لقی درەختە مەزنەکەی "حەقیقەت"ەوە گرتووە و، بە تەواوەتی بە گەڵا و بەری ئەو لقەوە سەرقاڵ بووە و، چ لەبەر پێنەزانی و چ لەبەر بۆ نەڕوانین، ئاوڕی لە هیچ کامی لقەکانی تر نەداوەتەوە، دەڵێی جۆرە کار دابەشکردنێك لە نێوانیاندا ڕووی داوە!

بەڵێ، ڕوانینە "بەرتەسکە پابەندەکان" هەرگیز ناتوانن دەوراندەوری "حەقیقەتی ڕەها" بدەن و هەموو لایەکی ببینن. چونکە ئەم کارە پێویستی بە ڕوانینێکی کوللی و گشتگیری وەك "قورئانی پیرۆز" دەبێت!

کەواتە هیچ شتێکی تری غەیری قورئانی پیرۆز - با دەرس و ڕێنماییشی لە قورئان وەرگرتبێت - ناتوانێت بە "ژیری"یە سنووردار و جوزئی‌یەکەی خۆی جگە لە چمکێك یان دوو چمکی حەقیقەتە کامڵەکە زیاتر هیچی تر بە تەواوی ببینێت! بۆیە بە گەرموگوڕی لەو چمك و لایەنەدا سەرقاڵ دەبێت و لێی ناترازێت و، لە ئەنجامدا "هاوسەنگی"ی نێوان "حەقیقەتەکان" دەشێوێنێت و، یان بە "ئیفراط" یاخود "تەفریط" ڕێکوپێکیی نێوانیان ناهێڵێت!

لە لقی دووهەمی وتەی بیست و چوارەمدا بە نموونەیەکی سەیر ئەم ڕاستی‌یەمان ڕوون کردووەتەوە. بەڵام لێرەدا نموونەیەکی تر دەهێنینەوە کە ئاماژە بۆ خودی ئەم مەسەلەیە دەکات. ئەمەش نموونەکەیە:

گریمان لە بنکی دەریایەکی فراواندا گەنجینەیەکی گەورەی پڕ لە گەوهەری بەنرخ ببێت. ئنجا چەند مەلەوانێکی بندەریایی کارامە بۆ دۆزینەوەی گەوهەرەکانی ئەو گەنجینە بەنرخە ڕۆشتبنە ناو ئەو دەریایەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی چاویان بەسترابوو، ئەوا مەگەر بە دەست، دەنا نەیاندەتوانی جۆرەکانی ئەو گەوهەرە بەنرخانە بناسنەوە. یەکێکیان دەستی بەر ئەڵماسێکی کەمێك درێژ کەوت و، بڕیاری دا کە ئەو گەنجینەیە بریتی‌یە لە: گەنجینەیەکی پڕ لە شیشی ئەڵماس! خۆ کە وەسفی چەند گەوهەرێکی تری لە هاوەڵەکانی بیست، پێی وابوو ئەو گەوهەرانەی کە ئەوان لێی دەدوێن شوێنکەوتە و نقێم و نەخش و نیگاری ئەو شیشە ئەڵماسانەن کە خۆی دۆزیونیەتەوە!

هەروەها گریمان هەندێکی تریان شتێکی خڕی وەك یاقووت و.. کەسانێکی تریان مووروویەکی زەردووی چوارگۆشەیان دۆزیبێتەوە و..

بەم جۆرە... هتد.. ئەوا هەموو یەكێ لەوانەی كە ئەو گەوهەر و بەردە گرانبەهایانەیان بە دەست - نەك بە چاو - دیوە، پێی وا دەبێت: ئەو گەوهەرە بەنرخەی كە خۆی دۆزیویەتەوە بەشی "سەرەكی" و "زۆر"ی گەنجینەكە پێكدەهێنێت و، ئەو وەسفانەش كە لە هاوڕێكانی دەبیستێت بە لق و پەل و ناوكارەی گەنجینەكەیان دادەنێت، نەك بەشێكی "سەرەكی"ی ئەو گەنجینەیە!

بەم جۆرە، "هاوسەنگی"ی ڕاستییەكان دەشێوێت و "ڕێكوپێكی"یەكەی نێوانیشیان نامێنێت و، ڕەنگ و ڕوخساری گەلێ حەقیقەتیش دەگۆڕێت. چونكە ئەو كەسەی دەیەوێت ڕەنگی ڕاستەقینەی "حەقیقەت" ببینێت ناچاری گەلێ تەئویل و تەكەللوفی خۆكرد دەبێت. تەنانەت ئەم كارە هەندێك لەوانە بۆ هەڵدێری "ئینكار" و "تەعطیل" ڕادەكێشێت! خۆ هەر كەس بە وردی سەرنج لە كتێبی حەكیمە ئیشراقی‌یەكان و ئەو صۆفیانەش بدات كە تەنها پشتیان بە "مەشهوودات" و "كەشفییات"ی خۆیان بەستووە و ئەمانەشیان بە تەرازووەكانی سوننەتی خاوێنی پێغەمبەر ﷺ هەڵنەسەنگاندووە، بێ هیچ دوودڵی‌یەك تەسدیقی ئەم بڕیارەی ئێمە دەكات.

كەواتە هەرچەند ئەوانە لە قورئانەوە ڕێنمایی وەردەگرن و، لە هەمان ڕەگەز و جۆری ڕاستییەكانی قورئاندا كتێبەكانیان دادەنێن، كەچی هەمیشە كەمی و ناتەواوی ئاوێتەی بەرهەمەكانیانە، چونكە هیچ كامیان "قورئان" نین!

بەڵام "قورئانی پیرۆز" دەریای ڕاستییەكانە و، ئایەتە مەزنەكانیشی مەلەوانی ناو بنكی ئەو دەریایەن. ئەوەتا گەنجینەكەی ناوی دەدۆزنەوە و دەیناسێنن و لە بارەیەوە دەدوێن.. بەڵام دەبێ بزانین كە: ئەمان چاویان كراوەیە و سەرجەم و سەرانسەری گەوهەرەكانی ناو گەنجینەكە دەبینن! بۆیە "قورئانی پیرۆز" لە ڕێی ئایەتە مەزنەكانیەوە، وەسفێكی "هاوسەنگ" و "بۆگونجاو"ی ئەو گەنجینە گەورەیە دەكات و، بەم كارەشی جوانیی ڕاستەقینە و سەرنج ڕاكێشی خۆی دەردەخات!

*** بۆ نموونە:**

قورئانی پیرۆز "گەورەیی پەروەردگارێتی"یە شكۆمەندەكەی خوای گەورە دەبینێت و بە واتاكانی ئەم ئایەتە پیرۆزانە وەسفی دەكات:

﴿ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطۡوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦۚ ٦٧ ﴾ الزمر، ﴿ يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِۚ ١٠٤ ﴾ الأنبياء . لە هەمان كاتیشدا و بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە، هەمەلایەنیی میهرەبانیی خواوەند دەبینێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٥ هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ ٦ ﴾ آل عمران، ﴿ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ ٥٦ ﴾ هود، ﴿ وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٖ لَّا تَحۡمِلُ رِزۡقَهَا ٱللَّهُ يَرۡزُقُهَا وَإِيَّاكُمۡۚ ٦٠ ﴾ العنكبوت.

پاشان هەروەك فراوانیی "خەللاقییەت"ی خواوەند دەبینێت و ئەم ئایەتە پیرۆزەی لەسەر دەكات بە بەڵگە و لە ڕێیەوە دەری دەبڕێت: ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ ٱلظُّلُمَٰتِ وَٱلنُّورَۖ ١ ﴾ الأنعام، بە هەمان جۆر، شموولی دەست وەردانی خواوەند لە كاروباری هەموو گەردووندا و هەمەلایەنگیریی پەروەردگارێتی‌یەكەشی بۆ هەموو شتێك، دەبینێت و بەپێی ڕوونكردنەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕێنمایی خەڵكی بۆ لا دەكات: ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ٩٦ ﴾ الصافات.

پاشان هەروەك ئەو ڕاستییە مەزنە دەبینێت كە ئەم ئایەتە دەری دەخات: ﴿ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَآۚ ٥٠ ﴾ الروم، بە هەمان جۆر، ڕاستیی ئەو بەخشندەیی و كەرەمە فراوانەش دەبینێت و دەبێ بە بەڵگە لەسەری كە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەری دەبڕێت: ﴿ وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ ٦٨ ﴾ النحل، لە هەمان كاتیشدا و بە ڕێنمایی ئەم ئایەتە پیرۆزە حەقیقەتی ئەو فەرمانڕەوایەتی‌یە زاڵ و هەمەلایەنگیرەش دەبینێت: ﴿ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۢ بِأَمۡرِهِۦٓۗ ﴾ الأعراف.

پاشان هەروەك ئەو ڕاستی‌یە بەسۆز و كارسازەی ئەم ئایەتە دەبینێت: ﴿ أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ إِلَى ٱلطَّيۡرِ فَوۡقَهُمۡ صَٰٓفَّٰتٖ وَيَقۡبِضۡنَۚ مَا يُمۡسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحۡمَٰنُۚ إِنَّهُۥ بِكُلِّ شَيۡءِۭ بَصِيرٌ ١٩ ﴾ الملك، بە هەمان جۆر، حەقیقەتی یەكجار مەزنی ئەم ئایەتەش دەبینێت: ﴿ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ ٢٥٥ ﴾ البقرة.. هەر لە هەمان كاتیشدا حەقیقەتی ئەو چاودێری‌یە خوایی‌یەش دەبینێت كە لە دەربڕینی ئەم ئایەتەدایە: ﴿ وَهُوَ مَعَكُمۡ أَيۡنَ مَا كُنتُمۡۚ ٤ ﴾ الحدید، بە وێنەی بینینی ئەو ڕاستییە گشتگیرەی كە ئەم ئایەتە دەری دەبڕێت: ﴿ هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٣ ﴾ الحدید.. هەروەها ئەو نزیكی‌یەی خواوەندیش دەبینێت كە ئەم ئایەتە دەری بڕیوە: ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ وَنَعۡلَمُ مَا تُوَسۡوِسُ بِهِۦ نَفۡسُهُۥۖ وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنۡ حَبۡلِ ٱلۡوَرِيدِ ١٦ ﴾ ق، لەگەڵ ئەو ڕاستییە بەرزەش كە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی بۆ دەكات: ﴿ تَعۡرُجُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥ خَمۡسِينَ أَلۡفَ سَنَةٖ ٤ ﴾ المعارج، بە وێنەی بینینی ئەو ڕاستی‌یە هەمەلایەنەیەی كە ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەری: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ ٩٠ ﴾ النحل..

هەروەها ئایەتە پیرۆزەكانی تری وەك ئەمانەش، كە دەستوورە دنیایی و قیامەتی و عیلمی و عەمەلی‌یەكانیان لەخۆ گرتووە.

كەواتە "قورئان" هەموو ئەو دەستوورانەی كە بەختەوەریی هەردوو ژیان دەهێننەدی، دەبینێت و لێیان دەدوێت و ڕوونیان دەكاتەوە، هەروەك هەموو یەكێ لە شەش پایەكانی ئیمان و پێنج پایەكانی ئیسلام بە دوور و درێژی یەكاڵا دەكاتەوە و بە جیددی و گەرموگوڕی و ئامانجداری دەیانخاتە بەر باس و لێكۆڵینەوە و، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاریی "هاوسەنگی"ی نێوانیان دەكات و "پێكەوەگونجان"ی نێوانیشیان وەك خۆی دەهێڵێتەوە. ئنجا لە سەرچاوەی ئەم جوانی‌یە ناوازەیەی كە لە "پێكەوەگونجان" و "هاوسەنگی"ی هەموو ئەم ڕاستییانەوە پەیدا بووە، ئیعجازێكی مەعنەویی ڕەنگین بۆ قورئانی پیرۆز سەر هەڵدەدات!

لەم نهێنی‌یەوە دەردەكەوێت كە: زانایانی كەلام، هەرچەندەش قوتابێتیی قورئانیان كردووە و هەزاران كتێبیان داناوە كە هەندێكیان دەیان بەرگ دەبن، كەچی لەبەر ئەوەی بە وێنەی

دەستەی "موعتەزیلە" تەرجیحی عەقڵیان بەسەر"نەقڵ"دا داوە، ئەوا نەیانتوانیوە هێندەی "دە" ئایەتی قورئانی پیرۆز ڕاستییەکانی ئیمان ڕوون بکەنەوە و بە جۆرێکی دڵنیاکەر و قەناعەتبەخش و گومانبڕ بیانچەسپێنن! چونکە ئەوان لە بناری چیا دوورەکانەوە کانیاو هەڵدەکەنن و ئنجا بە لوولە و کارێز (واتە بە زنجیرەی هۆکارەکان) لەوپەڕی جیهانەوە ئاو ڕادەکێشن، ئنجا دێن لەوێدا زنجیرەکە دەقرتێنن و "بوون" و "ناسین"ی خواوەندی "واجب الوجود" دەچەسپێنن، کە وەکو ئاوی ژیانبەخش وایە!.. بەڵام هەریەك لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان بە وێنەی عەساکەی حەزرەتی مووسا وایە، لە هەر شوێنێکدا بیەوێت دەیدات بە زەوی‌دا و کانیاو دەتەقێنێتەوە و، لە هەموو شتێکیشدا پەنجەرەیەك دەکاتەوە کە لێیەوە دەڕوانرێتە کردگاری شکۆمەند و دەیناسێنێت! ئەم ڕاستی‌یەش لە هەموو وتەکاندا و، لە پەیامی عەرەبیی "قطرة"شدا کە دڵۆپێکی نمنم داچۆڕاوی دەریای قورئانە، بە ڕوونی چەسپێنراوە.

هەر لەم نهێنی‌یەشەوەیە کە دەبینین گشت پێشەوایانی دەستە و کۆمەڵە گومڕاکان، لەوانەی کە بە ناو ناخی شتاندا ڕۆچوون و بێ شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ پشتیان بە "مەشهوودات"ی خۆیان بەست و، لە ڕێگادا گەڕانەوە و، دەستە و تاقمێکی گومڕایان پێکهێنا و سەرکردەیی کۆمەڵێکیان گرتە ئەستۆ.. هەموو ئەوانە، پێیان بەرەو ئەم چەشنە بیدعەت و گومڕایی‌یانە ترازا و، مرۆڤایەتییان بۆ لای ئەم جۆرە ڕێگە وێڵانە دایەبەر، چونکە نەیانتوانی پارێزگاریی "ڕێکوپێکی" و "هاوسەنگی"ی ڕاستییەکان بکەن!

جا دەستەوسانی و کۆڵەواریی هەموو ئەوانە، ئیعجازێکی تری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەردەخات!

## کۆتایی

لە نمی چواردەهەمی "وتەی نۆزدەهەم"دا دوو دانە لە بریسکانەوەکانی ئیعجازی قورئان ڕابورد، کە بریتین لە: حیکمەتی دووپات بوونەوە لە قورئاندا و، حیکمەتی پوختە لێدوانی قورئان لە بواری زانستە گەردوونی‌یەکاندا.

لەو وتەیەدا بە ڕوونی دەرکەوت کە هەر یەك لەم دوانە یەکێکن لە سەرچاوەکانی ئیعجازی قورئان، بە پێچەوانەی گومانی هەندێ کەس کە پێیان وایە مایەی کەموکووڕین لە قورئاندا.. هەروەك لە مەقامی دووهەمی "وتەی بیستەم"یشدا بریسکەیەکی ئیعجازی قورئان بە جوانی ڕوون کرایەوە، کە بەسەر ڕووی موعجیزاتی پێغەمبەرانەوە - علیهم السلام — دەدرەوشێتەوە. جگە لەمانە، گەلێ بریسکەی تری ئیعجازی وەك ئەمانە لە هەموو "وتەکان" و پەیامە عەرەبی‌یەکانمدا باس کراون، بۆیە بەوانە واز دەهێنین. بەڵام لێرەدا هێندە دەڵێین کە:

### موعجیزەیەکی تری قورئان بریتی‌یە لەوەی:

هەروەك هەموو موعجیزاتی پێغەمبەران -دروودی خودایان لەسەر بێت- بە کۆمەڵی و پێکەوە یەکێك لە نەخش و نیگارەکانی ئیعجازی قورئانیان دەرخست، بە هەمان جۆر قورئانیش بە هەموو موعجیزەکانیەوە، موعجیزە گەورەکەی پێغەمبەر ﷺ دەردەخات! هەروەك سەرجەم موعجیزاتی پێغەمبەریش ﷺ بە موعجیزەیەکی قورئانی پیرۆز دادەنرێت! چونکە ئەو موعجیزانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە قورئان هی خوای گەورەیە، واتە گوفتاری ئەوە. جا بە دەرکەوتنی ئەم نیسبەتدانەی قورئان بۆ لای خوای گەورە، هەموو یەکێك لە وشەکانی قورئان دەبێت بە موعجیزەیەکی سەربەخۆ، چونکە ئەو کاتە هەموو یەکێك لەو وشانە وەك ناوك دەبن و دەگونجێ لە واتادا درەختێکی تەواوی "حەقیقەت" لەخۆ بگرن و، بە وێنەی دڵ لەناو جەستەدا ئەوانیش پەیوەندییان لەگەڵ سەرجەم ئەندامەکانی حەقیقەتی هەرەمەزندا ببێت و بە پیت و ڕوخسار و چۆنێتی و ڕێ و شوێنیشیان ڕوویان لە چەندەها کاروباری لە سنوور بەدەر بێت، چونکە هەریەکەیان پاڵی بە زانستێکی گشتگیر و ویستێکی بێ کۆتایی‌یەوە داوە!

ئا لێرەوەیە کە زانایانی "پیتزانی"(علم الحروف) دەڵێن: (لە تەنها یەك پیتی قورئاندا پڕ بە لاپەڕەیەکی تەواو نهێنیمان دەرهێناوە) و، ئەم دەعوایەشیان بە بەڵگەوە بۆ کەسانی شارەزای ئەو بوارە دەچەسپێنن.

ئێستاش بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەرەوە کە لە سەرەتای ئەم پەیامەوە تا ئێرە، باس کراون و بە چاویلکەی هەموو ئەو: ڕۆشنایی و، تیشك و، بریسکە و، نوور و، ڕووناکییانەی لەم پەیامەدان، سەیری ئەنجامی ئەو دەعوایە بکە کە لە سەرەتای پەیامەکەدا کردمان. دەبینیت ئەم پەیامە بە هەموو هێزێکی خۆی دەنگی لێ هەڵبڕیوە و، ئەو "ئەنجام"ە دەخوێنێتەوە و ڕایدەگەیەنێت، کە:

﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ﴾ !

﴿ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ .

﴿ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَا ﴾ .

﴿ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي وَيَسِّرۡ لِيٓ أَمۡرِي وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ﴾ .

اللهمّ صلِّ وسلِّمْ أفضل وأجمل وأنبل وأظهر وأطهر وأحسن وأبرَّ وأكرم وأعزَّ وأعظم وأشرف وأعلى وأزكى وأبركَ وألطف صلواتكَ.. وأوفى وأكثرَ وأزيد وأرقى وأرفعَ وأدوم سلامكَ.. صلاة وسلَاماً، ورحمة ورضواناً، وعفواً وغُفراناً، تمتدُّ وتزَيد بوابلِ سحائبِ مواهبِ جَودكَ وكرمكَ، وتنمو وتزكو بنفائس شَرائَف لطائفَ جودكَ وَمننكَ، أزليّةً بأزليتكَ لا تزول، أبديّةً بأَبديّتكَ لَا تحولَ.. علىَ عبدَكَ وحبيبك ورسولكَ محمد خير خلقك: النور الباهر اللامع، والَبرهان الظاهر القاطع، والبحر الزاخر، والنور الغامر، والجمال الزاهر، والجلال القاهر، والكمال الفاخر.. صلاتَكَ الّتي صلَّيتَ بعظمة ذاتكَ عليه وعلى آله وأصحابه كذلك، صلاةً تغفر بهاَ ذنوبناَ، وتَشرح بها صدورنا، وتطهر بها قلوبنا وتُروِّحُ بها أرواحنا، وتُقَدِّسُ بها أسرارَنا، وتنزِّهُ بها خواطرنا وأفكارنا، وتصفّي بها كدورات ما في أسرارنا وتشفي بها أمراضنا، وتفتح بها أقفال قلوبنا.

﴿ رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ﴾

﴿ وَءَاخِرُ دَعۡوَىٰهُمۡ أَنِ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾

آمين.. آمين.. آمين

ئا: هەردی کەمال عبدالجبار

# بچوکتر لەگەردیلە لای خوای گەورە ون نابێت!

﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَا تَأْتِينَا ٱلسَّاعَةُۖ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتَأۡتِيَنَّكُمۡ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِۖ لَا يَعۡزُبُ عَنۡهُ مِثۡقَالُ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَآ أَصۡغَرُ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكۡبَرُ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ٣ ﴾ سبأ

واتە: "ئەوانەی بێباوەڕ بوون وتیان هەرگیز قیامەتمان بۆ نایەت، بڵێ: نەخێر وانییە سوێند بە پەروەردگارم هەر بۆتان پێش دێت، ئەو زاتە زانایە بە نهێنی و شاراوەکان، تەنانەت بارستەی گەردیلەیەکیش لە ئاسمانەکان و زەویدا ناتوانرێ لەو پەنهان بکرێ، هەروەها نە لەو بچوکتر و نە لەویش گەورەتر کە لە کتێبی تایبەتیدا ڕوون و ئاشکرا نەبێت".

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بە زانستی ڕەهای پەروەردگار دەکات کە هیچ شتێکی لێ ون نابێت ئەگەر هێندەی گەردیلە (ئەتۆم)ێك یان بچوکتریش بێت: ﴿ وَلَآ أَصۡغَرُ مِن ذَٰلِكَ ﴾، بەڵام ناوازەیی قورئان لەوەدایە هەمیشە ئایەتەکانی مانای فراوان و زۆر هەڵدەگردن سەرەڕای ئەوەی خوای گەورە توانای ڕەهای خۆیمان بۆ دەردەخات کە هەرچی هەیە لە گەردووندا سەبارەت بە خوای گەورە ئاشکرایە و هیچی لێ ون نابێت ئاماژەیەکیشمان دەداتێ کە بچوکتریش لە گەردیلە لە خوای گەورە ون نابێت!

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا لە گەردیلە بچوکتر هەیە؟

لە کۆندا بیردۆزێك هەبوو بە ناوی Theory of Atomism کە لەسەر دەستی فەیلەسوفی یۆنانی (لوسیپیۆس) Leucippus داهێنرا و پاشان لەلایەن خوێندکارەکەی (دیمۆکرەیتس) Democritus پەرە بەم بیردۆزە درا [1]، ئەم بیردۆزە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەموو گەردوون پێکدێت لە بەشی زۆر بچووك کە نە دابەش دەبێت و نە تێکدەشکێت بە ناوی ئەتۆم (گەردیلە)، کە خودی وشەی ئەتۆمیش ماناکەی واتە (کەرتنەکراو) [2]، بەم جۆرە هەمیشە ئەو بڕوایە لە ئارادا بووە کە گەردیلە بچوکترین پێکهاتەی بوونە. عەرەبی سەردەمی کۆنیش هەمان بیروبۆچونیان هەبووە و لە زمانی عەرەبیدا بە بچوکترین بەش وتراوە (ذَرَّة) واتە گەردیلە[3].

بەڵام ئەوەی جێی باسە زانست لەم چەند سەدەیەی دواییدا، ئەوەی ئاشکرا کرد کە لە گەردیلە بچوکتر هەیە! تەنانەت لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا بە تەواوەتی ئەوە دۆزرایەوە کە گەردیلە پێکدێت لە: (پرۆتۆن و نیوترۆن و ئەلیکترۆن) [4].




بەڵام پاش ئەو گەشەسەندنەی زانست کە بە خۆیەوە بینی لە سەدەی بیستدا لە ساڵی 1964 دا تەنۆلکەی (کوارك) دۆزرایەوە، کە تەنۆلکەی (پرۆتۆن و نیوترۆن) پێکدێن لەم (کوارك)انە[4].

ئیتر پاش ئەمە زانایان چەندین تەنۆلکەی تریان دۆزییەوە و لە خشتەیەکدا کۆیان کردوەوە بە ناوی (ستاندارد مۆدێل) Standard Model کە دوایین تەنۆلکەش دۆزرابێتەوە لە خشتەکەیا تەنۆلکەی (هیگز بۆزۆنە) Higgs boson لە ساڵی 2012 دا [5].




وێنەی خشتەی ستاندارد مۆدێل

هەروەها وشەی (مثقال) واتە بارستایی، ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە دەکات کە گەردیلەش بارستایی هەیە، زانستیش بە تەواوەتی ئەمەی سەلماندووە و هەروەك لە وێنەی خشتەکەدا هەیە هەر تەنۆلکەیە و بارستاییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها دەبینین ئایەتەکە ئاماژە بۆ هەبوونی گەردیلە لە ئاسمان دەکات ﴿ مِثۡقَالُ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾، زانستیش ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەر شتێك لە گەردووندا کە دەبینرێت پێکهاتە بنەڕەتیەکەی گەردیلەیە.

ئەوەی لە کۆتایدا دەبێت هەموو جارێك ئاماژەی پێبکرێت، ئایا ئەو هەموو بەڵگەیە ئاماژە ناکەن کە قورئان لەلایەن زاتی پەروەردگارەوە نێردراوە؟ بەڵێ ئەمانە و سەدان بەڵگەی تریش ئاماژەن لەسەر ڕاستیی پەیامی ئیسلام، تا باوەڕمان بە ئاینەکەمان پتەوتربێت و یەقینمان زیاتر بێت.

**سەرچاوە:**

(1)Atomism. Retrieved from University of Washington: https://faculty.washington.edu/smcohen/320/atomism.htm

(2) Atomism. Retrieved from: http://www.philosophybasics.com/branch_atomism.html

(3) معجم المعاني الجامع

(4) H. Adam. (2002).Understanding the standard model: A brief history of the quest to understand the universe. Retrieved from University of Rochester: http://www.pas.rochester.edu/~pavone/particle-www/lectures_JFS_files/High%20School%20Lectures/Adam%20Harrington's%20Standard%20Model%20Talk,%20'02-'03.pdf

(5) The standard model. Retrieved from: http://physics.info/standard/

# چەند ئاماژەیەکی زانستی لە سورەتی (الحدید) و دابەزاندنی ئاسن



ن. هاوڕێ تارق فارس hawrengg@gmail.com

قورئانی پیرۆز هەمیشە هانمان ئەدات کە وردبینەوە و تێرابمێنین لە جیهانەکەمان لەسەر زەوی و لە ئاسمانەکانیش: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴿١٠١﴾ ﴾ یونس، بێگومان ئەم گەڕانە هەمیشە مرۆڤایەتی بەرەو پێش بردووە و شارستانیەتە یەك لە دوایەکەکانی بنیاتناوە و بووە بە بنەمای زانستە ئەزموونیەکان و ئەو هەموو پێشکەوتنە هاتە کایەوە کە ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین،

ئەمە سەرەڕای دروستکردنی شارستانی، دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاتر خوا ناسین و پەیبردن بە (ناو و سیفەتەکان)ی پەروەردگار، کە هەریەکێکیان وەکو ئەستێرەیەکی گەشاوە لە ئاسماندا دەدرەوشێنەوە، بەڵام بێگومان ئەو کەسانە هەستی پێدەکەن کە ژیریان بە کاردەهێنن و ئاراستەی پەروەردگاریان دەکەن، یەکێك لەو هۆکارانەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوین و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروستبوونی شارستانیەتی سەر زەوی و خوای پەروەدگار لە قورئاندا ئاماژەی پێداوە، توخمی "ئاسن"ە کە تاکە توخمە لە نێوان هەر (118) توخمە کیمیایەکاندا کە سورەتێکی قورئانی پیرۆزی بە ناوەوە ناونراوە، سورەتی "الحدید" واتە ئاسن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ﴿٢٥﴾ ﴾، واتە: " بێگومان پەیامبەرەکانمان بە چەندین نیشانە و موعجیزەی ڕوونەوە ڕەوانەکرد، لەگەڵیشیاندا نامە و تەرازووی دادمان نارد، بۆ ئەوەی خەڵکی بە عەدالەت و دادگەری هەڵسن و مامەڵە بکەن لەگەڵ یەکتری، ئاسنیشمان دابەزاند کە زەبرێکی توندی تێدایە و گەلێ سوودیشی تێدایە بۆ خەڵکی، تا لە جیهانی واقعیشدا خوا ببینێ و بزانێ کێ ئاینی خوا و پەیامبەرەکانی سەردەخات، بە ڕاستی خوا بە هێز و دەسەڵاتدارە."

خوای گەورە لەم ئایەتەدا سێ لایەنی توخمی ئاسن دەردەخات، ئەوانیش:

1- وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ (دابەزاندنی ئاسن).

2- فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ (زەبرێکی توندی تێدایە).

3- وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ (سوودیشی بۆ خەڵکی تێدایە).

پشت بەخوا، هەوڵ دەدەین کەمێکی هەر سێ لایەنەکە لە ڕووی ئیعجازەوە ڕوون بکەینەوە، تاوەکو یەقینمان بە قورئان و ئاینەکەمان زیاتر بێت، هەمیشە بەڵگە قورئانیەکان ئاوێکی سازگار بن و تینوێتی ڕۆحمانی پێبشکێنین.

توخمی ئاسن، هێما کیمیایەکەی (Fe)یە و ژمارەی پرۆتۆنەکانی (26)ە، لە 1538 پلەی سەدیدا دەتوێتەوە و پلەی کوڵانی 2861 پلەیە[1]، شوێنەوارناسان مێژووی بەکارهێنانی ئاسن دەگەڕێننەوە بۆ 5000 ساڵ پێش ئێستا[2].

ئاسن یەکێکە لە بەربڵاوترین توخمەکانی سەر زەوی، دوای توخمی (ئۆکسجین) O2 بە ڕێژەی 46.1%، (سلیکۆن) Si بە ڕێژەی 28.2%، (ئەلەمنیۆم) Al بە ڕێژەی8.23%، چوارەم توخم ئاسن دێت بە ڕیژەی 5.6% لە توێکڵی زەویدا[3].

ئاسن بەشێوەیەکی سەربەخۆ (بە تەنها) لە توێکڵی زەویدا

بوونی نییە، بەڵکو وەك تێکەڵەیەك لەگەڵ توخمی تردا بوونی هەیە و بەشێوەیەکی سەرەکی لە کانزای (هێماتایت Hematite -$Fe_2O_3$ و (ماگنێتایت) -Magnetite -$Fe_3O_4$ دەردەهێنرێت، هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تریشی هەیە، وەك: (لایمۆنایت) FeO(OH-Limonite)، (سایدێرایت Siderite -($FeCO_3$)، (تاکۆنایت) taconite... هتد.[2].




ئاسن ئەوەندە ڕۆڵێکی گەورەی لە زەویدا هەیە، بە شێوەیەك کە ڕێژەی لە (90%)ی هەموو پیشەسازیەکان پێکدەهێنێت[1].
ئاسن بۆ ئەوەی زیاتر هێز و خۆڕاگری بە دەست بهێنێت، توخمی تری بە ڕێژەیەکی کەم لەگەڵدا تێکەڵ دەکرێت، توخمی کاربۆن (C) بە ڕێژەی 2% لەگەڵدا تێکەڵ دەکرێت بۆ دروستکردنی ماددەی (پۆڵا) Steel، توخمی (کرۆم) Cr بە ڕێژەی 10.5% لەگەڵدا تێکەڵ دەکرێت بۆ دەستکەوتنی ماددەیەکی دژە ژەنگی وەك[1] Stainless Steel.
Stainless Steel توانای بەرگری بۆ ژەنگ زۆر زۆرە و هەندێك توخمی تری وەك (مس و تیتانیۆم ونیکل و مۆلیبدۆم)ی بۆ زیاد دەکرێت بۆ دەستکەوتنی هێز و مرونەت و لە بواری (تەلارسازی و قاپوقاچاغ و ئامێری نەشتەرگەری و خشڵ و.... هتد)دا بەکاردەهێنرێت[1].
هەروەها (پۆڵا) steel هەندێك توخمی تری بۆ زیاد دەکرێت وەك (کرۆم و نیکڵ و ڤانادیۆم و تەنگستن و مەنگەنیز)، کە ئەمە وای لێدەکات توندتر و بەهێزتر بێت لە پۆڵا و لە بوارێکی فراوانی پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت وەك دروستکردنی (پرد و ستونی کارەبایی و چەك و ...هتد)[1].
هەر ئەمەشە کە خوای گەورە فێری (زولقەرنەین)ی کردووە کاتێك لە بەسەرهاتی (یەئجوج و مەئجوج)دا نێوان دووشاخەکە دەگرێت، بۆ بەهێزکردنی دیوارەکە فەرمان دەدات بەتێکەڵکردنی ئاسن و مس: ﴿قَالَ مَا مَكَّنِّي فِيهِ رَبِّي خَيْرٌ فَأَعِينُونِي بِقُوَّةٍ أَجْعَلْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ رَدْمًا ﴿٩٥﴾ آتُونِي زُبَرَ الْحَدِيدِ حَتَّىٰ إِذَا سَاوَىٰ بَيْنَ الصَّدَفَيْنِ قَالَ انفُخُوا حَتَّىٰ إِذَا جَعَلَهُ نَارًا قَالَ آتُونِي أُفْرِغْ عَلَيْهِ قِطْرًا ﴿٩٦﴾﴾ الكهف، واتە: (ذو القرنین) وتی: ئەو دەسەڵات و زانیاری و شتانەی پەروەردگارم پێی بەخشیووم چاکترە بۆ من (لە پارە و سامان) جا ئێوە بەهێزی بازوو یارمەتیم بدەن تا بەربەستێکی بەهێز لە نێوان ئێوە و ئەواندا دروست بکەم. پارچە ئاسنم بۆ بهێنن و (کەڵەکەی بکەن) هەتا ئەمبەر و ئەوبەری هەردوو کێوەکەی پڕ کرد، ئەوسا فەرمانیدا، تا بە (موشەدەمە) فوو بکەن لەو ئاگرەی کە لە ژێریدا کرابووەوە، هەتا کاتێك هەمووی کرد بە ئاگر، ئینجا (ذو القرنین) وتی: ئادەی مسی تواوەم بۆ بهێنن تا بیکەم بەسەریدا (مس لەگەڵ ئاسندا تێکەڵ بکرێت پێکهاتەیەکی بەهێزی لێ دروست دەبێت).
هەروەها ئاسن دادەنرێت بە یەکێك لەو توخمانەی کە پێیان دەوترێت (کانزا ئینتیقالیەکان) transition metals، ئەوانیش (ئاسن، مس، زینك، ئاڵتوون، ...هتد) کە ژمارەیان 32 توخمە، ئەم توخمانەش چەند سیفەتێکیان هەیە وەك گەیاندنی گەرمی و کارەبا، هەروەها توانای شێوەگۆڕین بە بێ تێکشکاندنی بەندی نێوان گەردیلەکانی، ئەمەش بە نەرمکردن لە پلەیەکی گەرمی دیاریکراودا[4]، کە ئەمە لە کۆندا زۆر بەکاردەهێنرا لە ئاسندا لە بواری جەنگدا وەك دروست کردنی قەڵغان و شمشێر و...هتد، هەروەها لە بواری کشتوکاڵ و کەلوپەلی ناوماڵ و چەندین بواری دیکە، ئەمەش جۆرێکە لەو نیعمەتانەی کە خوای گەورە بەم توخمانەی بەخشیوە بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی ژیان، خوای گەورە باسی ئەم نیعمەتەمان لە قورئاندا بۆ دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ مِنَّا فَضْلًا يَا جِبَالُ أَوِّبِي مَعَهُ وَالطَّيْرَ وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ ﴿١٠﴾﴾ سبأ، واتە: (ئێمە) ڕێزێك و بایەخێکی زۆرمان بەخشیوە بە داود (فەرمانمان داوە کە): ئەی کێوەکان و باڵندەکان (تەسبیحات و سروودی ستایشی) لەگەڵدا بڵێنەوە، هەروەها ئاسنیشمان بۆ نەرم کردووە ( تا پێداویستیەکانی بە ئاسانی لێ دروست بکات).
لەگەڵ ئەو ڕۆڵە سەرەکیەی کە ئاسن دەیبینێت لە بنیاتنانی جیهانی چواردەورمان، بە هەمان جۆر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە جیهانی ڕووەك و زیندەوەراندا، لە ڕووەکدا بەشداری کرداری ڕۆشنەپێکهاتن دەکات بۆ دروست کردنی (کلۆرۆفیل chlorophyll، لە زیندەوەران و مرۆڤدا پێکهاتەیەکی سەرەکی (هیمۆگلۆبین)ە کە لە خوێندا کاری هەڵگرتن وگواستنەوەی ئۆکسجینە[2]، هەروەها ئاسن گرنگە بۆ گەشە و پەرەسەندنی ئاسایی فرمانی خانەکان و دروستکردنی هەندێك (هۆرمۆن) و (بەستەرە شانەکان)[6،5]، هەروەها کەمی ئاسن لە لەشدا دەبێتە هۆی شەکەتی و لاوازی کە کار لە چالاکی فیزیای پێکەیشتوان دەکات و هۆکارە بۆ سەرگێژخواردن و ڕەنگی زەردی پێست، لە ئافرەتی دووگیانیشدا کەمی ئاسن دەبێتە هۆی قەبارەی بچوکی کۆرپەکە و لە دایکبوونی لە پێش کاتی ئاسایی خۆی، هەروەها چەندان کێشەی تریش[8،7].
سەرەڕای ئەم هەموو سودە زۆرەی کە ئاسن دەیگێڕێت لەسەر زەویدا، دەورێکی باڵای هەیە لە پاراستنی ژیانی هەسارەی زەوی بەم شێوەیە:
ناوکی زەوی پێکهاتووە لە چینێکی ڕەق کە بە نزیکی هەمووی توخمی ئاسنە و پلەی گەرمیەکەی دەگاتە نزیکی 5700 پلەی سەدی و قەبارەکەی دوو لەسەر سێی قەبارەی مانگ دەبێت[9]، ئەو پەستانەی کە لەسەریەتی 3.6 ملیۆن ئەوەندەی پەستانی هەوایە[21]، بە چوار دەوری ئەم ناوکەشدا چینێکی ئەستوری 2000 کم لە ئاسن و نیکڵی تواوە هەیە، کە ئەم چینانە دەبنە هۆی دروستبوونی (تەوژمێکی موگناتیسی magnetic field بە چوار دەوری

گۆی زەویدا [9]، بەمەش ڕووبەڕووی (بای خۆری Solar wind دەبێتەوە کە بریتییە لە شەپۆلی بارگاوی وزەبەرز، ئەم تەوژمە موگناتیسیە نایەڵێت ئەم شەپۆلە زەبەلاحانە بگات بە زەوی و دەیشکێنێتەوە [10].




وێنەی چینەکانی زەوی، (inner core) کە پێکهاتەکەی بە نزیکی هەمووی ئاسنە، (outer core) پێکدێت لە ئاسن و نیکڵی تواوە.

ئەگەر ئەم تەوژمە موگناتیزییە نەمێنێت! ئەوا بەهۆی کاریگەری بەردەوامی بای خۆری لەسەر زەوی (چینی ئۆزۆن) نەدەما کە بەرپرسە لە گەڕانەوەی تیشکی زیانبەخشی سەروبنەوشەیی، پاشان بە پێی کات بەرگە هەوای زەوی تەنك دەبووەوە، تا بە تەواوەتی نەدەما و لە کۆتاییدا دەبووە هۆی بە هەڵمبوونی ئاوی هەموو سەر زەوی، بەم شێوەیە زەوی وەك هەر هەسارەیەکی تری کۆمەڵەی خۆری لێ دەهات و ژیان بوونی نەدەبوو [11].

خوای گەورە بە دوو ئایەت ئاماژە بۆ ئەم سوودە گەورەیەی ئاسن دەکات ئەوانیش: ﴿فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ﴾، واتە: زەبرێکی توندی تێدایە، ﴿وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلرَّجۡعِ ١١﴾، واتە: سوێند بە ئاسمانێك کە خاوەنی گێڕانەوەیە.



وێنەی تەوژمی موگناتیزی زەوی و پاراستنی زەوی دژی بای خۆری

ئێستا لایەنی سێیەمی ئایەتە قورئانیەکە ڕوون ئەکەینەوە کە مەبەستی سەرەکی بابەتەکەمانە، ئەویش: ﴿وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ﴾، واتە (ئاسنمان دابەزاند)، سەرەتا کە ئایەتەکە ئەخوێنیتەوە و ئەگەیتە سەر ئەم برگەیە، یەکسەر ئەوە بە ئەندێشەدا دێت، ئایا ئاسن دادەبەزێتە سەر زەوی! هەروەك چۆن باران و تیشکی خۆر دادەبەزن بۆ سەر زەوی!، تەنانەت بەشێك لە تەفسیر نووسەکانی وەك: (ابن کثیر و الثعالبي و الشوکاني)، چونکە لە سەردەم و ژینگەی خۆیاندا ئاسن لە ناو زەوییەوە دەرهاتووە و وای بۆچوون کە ئەم وشەیە وەکو مەجاز (مێتافۆڕ) لەم ئایەتەدا بەکارهاتووە و وشەی ﴿وَأَنزَلۡنَا﴾یان، بە مانای (دروست کردن) لێکداوەتەوە،

بەڵام هەندێك لە تەفسیر نووسەکانی تری وەك: (الطبري والقرطبي والواحدي) لەسەر زمانی (عکرمە و ئیبن عەباس)، بە مانای (دابەزاند) لێکیان داوەتەوە.

ئەگەر وردبینەوە لە سیاقی ئایەتەکە ﴿وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ﴾، خوای گەورە ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ ناردنی پێغەمبەرەکان (نیشانە و موعجیزەی ڕوون و ئاشکرا و کتێبە ئاسمانەکانیشمان دابەزاندووە)، واتە وشەی ﴿وَأَنزَلۡنَا﴾ لە سیاقی ئایەتەکە بە مانەی (دابەزاندن) هاتووە، هەروەها بە نزیکی لە هەموو جێگەکانی تری قورئان کە ئەم وشەیەی تیابێت بە هەمان مانا هاتووە: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ نُورٗا مُّبِينٗا ١٧٤﴾ النساء، ﴿وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ طَهُورٗا ٤٨﴾ الفرقان، ﴿وَأَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمُ ٱلۡمَنَّ وَٱلسَّلۡوَىٰ ٥٧﴾ البقرة...، چەندین ئایەتی دیکەش.

لەمەوە دەتوانین بڵێین کە مانای وشەکە زیاتر "دابەزین"ە وەك دروستکردن، کە ئەمەش دادەنرێت بە یەکێك لە ئیعجازە ناوازەکانی قورئان، کە زانستی نوێ دەریخستووە کە ئاسن دروست دەبێت لە ئەستێرە زەبەلاحەکاندا و پاشان بەهۆی مردنی ئەستێرەکانەوە بە گەردووندا بلاودەبێتەوە، تەنانەت نەك ئاسنی سەرزەوی بەڵکو ئاسنی هەموو کۆمەڵەی خۆر لە دەرەوەی کۆمەڵەکەوە دابەزیوە، ئەستێرەیەکی وەك خۆر پلەی گەرمیەکەی بەشی ئەوە ناکات کە توخمی ئاسن دروست بکات.

بەڵام سەرەتا پێمان باشە بۆ ئەوەی لە چۆنییەتی دروستبوون و دابەزینی ئاسن تێبگەین، پێویستە لە دایکبوون و کۆتای ژیانی ئەستێرەکان بزانین.

کاتێك لە سەرەتادا گەردوون دروستبووە بە گوێرەی بیردۆزی تەقینەوە مەزنەکە Big Bang، بە شێوەیەکی سەرەکی دوو توخم بوونی هەبووە، ئەوانیش گازی (هایدرۆجین) H بە ڕێژەی لە (75%) و گازی (هیلیۆم) He بە ڕێژەی (25%) [12].

بە نزیکی 300 هەزار ساڵ دوای تەقینەوە مەزنەکە، گەردوون وەك ژوورێکی پڕ لە دووکەڵ وابووە، کە تەنانەت ڕێگەی بە تێپەڕ بوونی ڕووناکی نەدەدا، کاتێك گەردوون تەمەنی بووە بە ملیارێك ساڵ ئەم دوکەڵە بە نزیکی هەمووی ڕوون بووەوەتەوە، توێژەران وای بۆ دەچن گەردوون بە هۆی تیشکی سەروو بنەوشەیی گەلە ئەستێرە یەکەمینەکانەوە، لەم دوکەڵە دەربازی بووە هەرچەندە تا ئێستا بەڵگەیەکی وا بەردەست نییە کە ئەمە بسەلمێنێت! [13].

ئەمەش پێش زیاتر لە 1400 ساڵ خوای گەورە لە ئایەتێکی قورئانیدا بۆمانی دەرخستووە، کە باس لە سەرەتای دروستبوونی ئاسمانەکان دەکات، وەك دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ﴾ فصلت، واتە: ئینجا ویستی ئاسمان ڕێك بخات و دروستی بکات لە کاتێکدا کە دوکەڵ بوو.

دابەشبوونی ئەم گازانەش چوونیەك نییە لە گەردووندا، لە هەندێك شوێن بە چڕی کۆدەبنەوە و (تانەی گازی Nebula) پێکدەهێنێت، بۆ نموونە تانەیەکی گازی وەك (ئۆریۆن Orion

کە 1500 ساڵی ڕوناکی لە زەوییەوە دوورە[14]، لە شێوەی هەورێکی چڕدایە.



سەرچاوەی دروست بوونی ئەستێرەکان ئەم تەنە گازییانەن!

ژیانی ئەستێرەکانیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبن:

**قۆناغی یەکەم**: بڕێکی زۆر لە گاز و تۆزی گەردوونی لە ژێر هێزی کێشکردنی خۆیاندا چڕدەبنەوە و تۆپێکی زەبەلاحی گازی پێکدەهێنن[16،15].

**قۆناغی دووەم**: ناوچە چڕەکە بەهۆی هێزی کێشکردنەوە، دەبێتە هۆی بەیەکدادانی گەردیلەکان بە خێراییەکی زۆر، ئەمەش سەرنجام دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی تۆپە گازییەکە و دەست بە درەوشانەوە دەکات، (ئەستێرەی بەرایی) protostar پێکدەهێنێت.



وێنەی ئەستێرەیەکی بەرایی

**قۆناغی سێیەم**: کاتێك ئەم ئەستێرە سەرەتاییەش پلەی گەرمیی ناوکیەکەی بەرزدەبێتەوە بۆ 15 ملیۆن پلەی سەدی[16 ،17]. ئەم پلە گەرمییە بەرزە وا دەکات (کەرتبونی ناوکی) nucler fission ڕووبدات لەناو ناوکی ئەستێرەکەدا. سەرەنجام توخمی (هایدرۆجین) دەست بە سوتاندن دەکات و دوای چەند پرۆسەیەك دەگۆڕدرێت بۆ توخمێکی قورستر واتە توخمی (هیلیۆم)، لەگەڵ ئەم گۆڕانەشدا وزە دەردەچێت، کە پەستانێك ڕووە و دەرەوەی ئەستێرەکە دروست دەکات و ڕووبەڕووی هێزی کێشکردنی ئەستێرەکە دەبێتەوە، کە بەردەوام هەوڵ دەدات ئەستێرەکە بەرەو ناوکی خۆی کێشبکات، کە وادەکات هاوسەنگیەك لە نێوان هەردوو پەستانەکە دروست بکات کە (لە بڕدا یەکسانن لە ئاراستەدا پێچەوانەن)، بەم شێوەیەش ئەستێرەکە قەبارەی خۆی وەردەگرێت و لەم قۆناغە بە دواوە دەبێتە ئەستێرەیەکی تەواو main sequence star[15،16،17].

بۆ نموونە ئەستێرەیەکی وەك خۆر، بۆ ماوەی 10 ملیار ساڵ بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت و گەرمی و ڕوناکیمان پێ دەبەخشێت[16].




ئەستێرە لە دۆخی هاوسەنگیدا

ئەستێرەکان کە دروست دەبن بە شێوەی ڕەنگ و بارستایی جیاواز دەردەکەون، بە گوێرەی پلەی گەرمییە دەرەکیەکەی لە سوورەوە دەست پێدەکات کە نزمترین پلەی گەرمییە، بەرەو ڕەنگی زەرد و سپی و تاوەکو ڕەنگی شین کە بەرزترین پلەی گەرمییە لە گەردوونی زانراودا، بە گوێرەی بارستایەکەشی لە نیوەی بارستایی خۆری زەوییەوە دەست پێ دەکات تا 20 ئەوەندەی بارستایی زەوی[15].




ڕەنگ و قەبارەی ئەستێرەکان

**قۆناغی چوارەم**: کاتێك ئەستێرەکە هەموو ئەو (هایدرۆجین)ەی لە ناو ناوکیدا دەسوتێنێت و هەمووی دەگۆڕدرێت بۆ (هیلیۆم) و پلەی گەرمییە ناوکیەکەشی بەشی ئەوە ناکات کە توخمی (هیلیۆم) بسوتێنێت، بەمەش لە کارلێککردن دەوستێت، لەم حاڵەتەدا هێزی کێشکردن زاڵ دەبێت و ئەستێرەکە بەرەو ناوەوەی خۆی کێش دەکات، ئەمەش دووبارە دەبێتەوە هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئەستێرەکە تا پلە گەرمییە ناوکیەکەی دەبێتە 100 ملیۆن پلەی سەدی[18]، لەم پلە گەرمییەشدا توخمی (هیلیۆم) دەست بە سوتاندن دەکات و دەگۆڕدرێت بۆ توخمی لە خۆی قورستر، وەك (کاربۆن) و (نایترۆجین) و (ئۆکسجین) و... هتد، بەمەش دیسان هێزێکی ناوکی دروست دەکاتەوە کە گەورەترە لە هێزی یەکەمی و دەبێتە هۆی کشانێکی زۆر لە ئەستێرەکەدا و ئەستێرەکە قۆناغێکی نوێی بەسەردا دێت، کە پێی دەوترێت ئەستێرەی (سووری مەزن) Red Giant، بۆ نموونە خۆری خۆمان قەبارەکەی سەد هێندەی خۆی زیاد دەکات[18].



## قۆناغی کۆتایی و دروست بوونی ئاسن:

کاتێك ئەستێرەکە شێوەی دەگۆڕێت بۆ (سوری مەزن) و توخمی (هیلیۆم) دەست بە سوتاندن دەکات، ئەستێرەکە بە پێی بارستاییەکەی دوو حاڵەتی تەواو جیاوازی لێ ڕوودەدات، ئەوانیش ئەو ئەستێرانەی کە بارستاییان لە 8 ئەوەندەی خۆر بچوکترە، بەردەوام دەبن لە سوتاندن و پاش سوتاندنی هەموو توخمی (هیلیۆم)ەکەی ناوکی دووبارە بە قۆناغی چوونەوەیەك و کشاندا تێدەپەڕێت، توخمی نوێ دروست دەبێت، ئەم حاڵەتە بەردەوام دەبێت و تا چەندین توخمی وەك (کاربۆن و ئۆکسجین و سۆدیۆم) و دواین توخمیش کە دروستی دەکات مەگنسیۆمە[19]، چونکە بۆ دروستبوونی هەر توخمێکی نوێ پێویستمان بە گەرمییەکی ئێجگار زۆرترە وەك لەوەی پێشوو، بارستایی ئەم ئەستێرانە بەشی ئەوە ناکەن کە پلەی گەرمی خۆیان بەرزبکەنەوە بۆ پلە زۆر بەرزەکان، بۆیە لە کۆتاییدا لە کارلێکی ناوکی بە ئێجگاری دەوەستن و توێکڵی دەرەوەی خۆیان فڕێ دەدەن و لە شێوەی (تانەیەکی گازی planetary nebula دەردەکەون[15]، ئەو بەشەی تریشی کە دەمێنێتەوە کە لە (20%)ی بارستاییەکەیەتی دەگۆڕدرێت بۆ ئەستێرەی (گرگنی سپی (white dwarf 15)، ئەمیش پاش چەندین ملیار ساڵ ژیان بە تەواوەتی وزەکەی سەرف دەکات و دەگۆڕدرێت بۆ بارستاییەکی ڕەشی سارد بە ناوی ئەستێرەی (گرگنی ڕەش) black dwarf 15) ئەستێرەیەکی وەك خۆر بارستایەکەی هەرگیز بەشی ئەوە ناکات کە پلەی گەرمیەکەی بەرزبکاتەوە بۆ 600 ملیۆن پلەی سەدی، بۆیە خۆری خۆمان ناتوانێت توخمی کاربۆن بسوتێنێت کە پێویستی بەو بڕە گەرمییە هەیە و توخمە قورسەکانی تری لێ دروست بکات[18].







بەڵام ئەو ئەستێرانەی بارستایان 8 ئەوەندەی خۆر و بەرەو سەرەوەیە، لە قۆناغی ئەستێرەی (سووری مەزن)دا red giant، بەردەوام ئەستێرەکە گەرمتر و چڕتر دەبێتەوە و توخمی نوێ دروست دەکات وەك (فسفۆڕ و مەنگەنیز، کالسیۆم و... هتد)، تا لە دوایین قۆناغدا توخمی ئاسن دروست دەبێت، کاتێك ناوکەکەی هەمووی دەبێت بە ئاسن و پلەی گەرمی ئەستێرەکە بەرز دەبێتەوە بۆ 100 ملیار پلەی سەدی، لەم حاڵەتەدا هێزی ناوکی بە تەواوەتی زاڵ دەبێت بەسەر هێزی کێشکردندا و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توخمی ئاسن دەگۆڕدرێت بۆ توخمە قورسەکانی وەك: (مس، زینك، ئاڵتوون، تیتانیۆم، ڕادیۆم،... تا توخمی یۆرانیۆم)، بەمەش ئەستێرەکە بە شێوەیەکی کتوپڕ تەقینەوەیەکی زۆر مەزن تێیدا ڕوودەدات بە ناوی تەقینەوەی (سوپەرنۆڤا) supernova و هەموو توخمە بنەڕەتیەکانی ژیان بە ئاسماندا بڵاو دەبنەوە[19][15]، ئەو پاشماوەیەشی کە دەمێنێتەوە دەگۆڕدرێت بۆ ئەستێرەی (نیوترۆن) و لە کۆتاییدا ئەگەر بارستایی ئەستێرەکە زۆر زەبەلاح بوو دەبنە کونەڕەشەکان.







ئەمە پوختەیەك بوو لەسەر ژیانی ئەستێرەکان، ئەوەی لێرەدا باس کرا تەنها میکانیزمی دروست بوون و کۆتاییهاتنی ئەستێرەکان بوو، بەڵام بێگومان ئەمانە خاوەنی چەندین ڕێسا و دەستوری وردی ئیلاهین، کە بۆساتێکیش لەم دەستورانە لانادەن، بێگومان ئەم بەڵگانەش بۆ کەسانێکن کە بیردەکەنەوە و ژیری خۆیان بەکاردەهێنن! ﴿ وَسَخَّرَ لَكُمُ ٱلَّيۡلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ وَٱلنُّجُومُ مُسَخَّرَٰتُۢ بِأَمۡرِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٢ ﴾ النحل، واتە: هەروەها شەووڕۆژ و خۆرومانگی بۆ ئێوە ڕام هێناوە، ئەستێرەکانیش بە فەرمانی ئەو زاتە ڕام هێنراون، بە ڕاستی ئا لەو دیاردە و دروستکراوانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك کە عەقڵ و ژیریان بخەنەکار.

بۆساتێك تێڕابمێنن، کە چۆن؟ خوای کردگار کۆتای ژیانی ئەستێرەیەك دەکاتە دەستپێکی ژیانێکی نوێ، چۆن؟ لە دۆزەخێك کە پلەی گەرمیەکەی دەگاتە زیاتر لە 100 ملیار

پلەی سەدی، توخمە بنەرەتیەکانی ژیان بەرهەم دەهێنێت: ﴿ لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾ ﴾ غافر، واتە: بە ڕاستی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لە دروستکردنی خەڵکی زۆر گەورە و گرنگترە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە تێناگەن و پەی پێ نابەن و نایزانن.

هاتنی توخمی ئاسنیش بۆ سەر زەوی هەر لە سەرەتای دروستبوونی زەویەوە بووە، ئەو کاتەی کە تۆپێکی ئاگری تواوە بووە، بەهۆی چڕیەکەیەوە ئاسن بەرەو ناوەوەی زەوی ڕۆشتووە و ناوکی زەوی پێکهێناوە [20]،[21].

وەك لەوەی سەرەوەدا ئاماژەمان پێ کرد، خوای گەورە هەر لە سەرەتای دروستبوونی زەویەوە، ئاسنی دابەزاندوەتە سەر زەوی، بەڵکو ئێستاش بەردەوام ئاسن لە ڕێگەی نەیزەکە ئاسمانیەکانەوە دادەبەزێتە سەر زەوی ساڵانە، کە ئەم نەیزەکانە بڕێکی باش ئاسن لە پێکهاتەکەیدا هەیە، بەم شێوەیە:

**سێ جۆری سەرەکی نەیزەك هەیە، ئەوانیش:**

1- (نەیزەکی بەردی) Stony Meteorite: بڵاوترین جۆری نەیزەکە و ڕێژەی لە (94%)ی کۆی نەیزەکەکانە، هەروەها ئەم جۆرە بڕێکی کەمی (ئاسن-نیکڵ)ی تێدایە بەڕێژەی (10%-25).[22]

2- (نەیزەکی ئاسن-بەردی) Iron-Stony Meteorites: ڕێژەیەکی مام ناوەند لە (ئاسن-نیکڵ) و بەرد پێکهاتووە.[22]

3- (نەیزەکی ئاسنی) Iron Meteorites: ئەم جۆرە بە نزیکی هەمووی پێکهاتەکەی (ئاسن-نیکڵ)ە و ڕێژەی کەمتر لە (5%)ی کۆی نەیزەکەکانە.[22]




مرۆڤ هەستی بەم ڕاستییە گەورەیەی قورئان نەکردووە تاوەکو مرۆڤ تەلسکۆبە گەورەکانی دروست کرد و دەستی کرد بە پشکنین و گەڕان بە ناو گەردووندا و ئەم حەقیقەتانەی کەشف کرد، تەنانەت وەك باسمان کرد هەندێك لە موفەسیرەکانیش بە هەمان شێوە درکیان بەم حەقیقەتە گەورەیەی قورئان نەکردووە، ئەی ئەگەر وایە باشە کێ ئەم هەواڵەی بە پێغەمبەر ﷺ گەیاند! ئایا لە خۆیەوە بوو یان سروشی خوایی بوو، بەڵێ بێگومان دەڵێن ئەم حەقیقەتە مەزنانەی قورئان دەبێت لە لایەن زاتێکەوە بێت کە زانا بێت بە هەموو زانستەکان و بەدیهێنەریان بێت، ﴿ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ ﴿٧٦﴾ ﴾ یوسف، واتە: لە سەروو هەموو خاوەن زانست و زانیارێکەوە زانا و شارەزاتر هەیە.

**سەرچاوەکان:**

1/ Iron. Retrieved from the Royal Society of Chemistry: http://www.rsc.org/periodic-table/element/26/iron
2/ The element iron. Retrieved from Jefferson Lab: http://education.jlab.org/itselemental/ele026.html
3/ Ten most abundant elements in the earth's crust. Retrieved from Jefferson Lab: http://education.jlab.org/itselemental/ele026.html
4/ Transition elements. Retrieved from BBC Science: http://www.bbc.co.uk/schools/gcsebitesize/science/add_ocr_gateway/periodic_table/transitionrev1.shtml
5/ Aggett PJ. Iron. In: Erdman JW, Macdonald IA, Zeisel SH, eds. Present Knowledge in Nutrition. 10th ed. Washington, DC: Wiley-Blackwell; 2012:506-20.
6/ Murray-Kolbe LE, Beard J. Iron. In: Coates PM, Betz JM, Blackman MR, et al., eds. Encyclopedia of Dietary Supplements. 2nd ed. London and New York: Informa Healthcare; 2010:432-8.
7 /Iron deficiency. Retrieved from Centers for Disease Control and Prevention: https://www.cdc.gov/nutrition/everyone/basics/vitamins/iron.html
8/ Iron deficiency anemia. Retrieved from Mayo Clinic: http://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/iron-deficiency-anemia/symptoms-causes/dxc-20266514
9/ What causes the Earth's magnetic field? Retrieved from: http://www.physics.org/article-questions.asp?id=64
10/ Earth's magnetic field. Retrieved from University of Alicante: https://web.ua.es/docivis/magnet/earths_magnetic_field2.html
11/ What would happen if earth lost its magnetic field . Retrieved from University of Santa Barbara: http://scienceline.ucsb.edu/getkey.php?key=4793
12/ Formation of the high mass elements: What happens inside a star. Retrieved from: http://aether.lbl.gov/www/tour/elements/stellar/stellar_a.html
13/ Bhattacharjee, Y. (2010). How the early universe cleared away the fog. Retrieved from Science Journal : http://www.sciencemag.org/news/2010/11/how-early-universe-cleared-away-fog
14/ Nasa. (2008). Chaos at the heart of orion. Retrieved from: https://www.nasa.gov/multimedia/imagegallery/image_feature_693.html
15/ Whitlock, L. A., & Granger, K. C. (1997). The Life Cycles of Stars: An Information and Activity Booklet, Grades 9-12, 1997-1998. Imagine the Universe! Probing the Structure & Evaluation of the Cosmos.
16/ Brien, S. , Windsor, M. (n.d.). Retrieved from Keele University: http://www.astro.keele.ac.uk/workx/starlife/StarpageS_26M.html
17/ Nasa. (n.d.). The life cycles of stars: How supernovae are formed. Retrieved from: https://imagine.gsfc.nasa.gov/educators/lessons/xray_spectra/background-lifecycles.html
18 /The evolution of the Sun. Retrieved from Cornell University: http://www.astro.cornell.edu/courses/astro201/evol_sun.htm
19/ Where did all the elemrnts come from. Retrieved from MIT Haystack Observatory: http://www.haystack.mit.edu/edu/pcr/Astrochemistry/3%20-%20MATTER/nuclear%20synthesis.pdf
20/ Shi, C. Y., Zhang, L., Yang, W., Liu, Y., Wang, J., Meng, Y., … & Mao, W. L. (2013). Formation of an interconnected network of iron melt at Earth/'s lower mantle conditions. Nature Geoscience, 6(11), 971-975.
21/ Earth's interior. Retrieved from National geographic society: http://www.nationalgeographic.org/encyclopedia/core/
22/ Center for meteorite studies. (n.d.). Meteorite types. Retrieved from arizona state university: https://meteorites.asu.edu/meteorites/meteorite-types?fdx_switcher=true

# گرنگی بەڵگە زانستییەکان لە سیاقی ئایەتە گەردوونییەکاندا

ئا: هاوژین طالب رضا
hawzhintalib@haiv.org

زۆر جار مانای وشە پەیوەندە بەو مەبەستەوە کە وشەکەی لە پێناودا دێت، بەمەش دەوترێت سیاق لە زماندا (ان السياق يحدد المعنى)، کۆمەڵێ وشەی یەك لە دوای یەك لە چوارچێوەی ڕستەدا هەموو پێکەوە مانایەك دەبەخشن جیاواز لەوەی کە هەر وشەیەکیان بە تەنها دەیبەخشێت، بەو جۆرە مانا لە سیاقی زماندا جیاوازە لە مانای وشەکە لە فەرهەنگدا، چونکە وشە لە فەرهەنگدا مانای جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، بەڵام وشە لە سیاقی زماندا مانایەکی دیاریکراو دەبەخشێت و چوارچێوەیەکی ڕوونی هەیە و مانای تر، یان هاوبەش یان گشتاندن هەڵناگرێت، ئەو وشانەی کە لە سیاقی باسێکدا بە یەکەوە دێن مەبەست پێیان مانای وشەکان بە تەنها نییە، بەڵکو مانا و مەبەستی ڕستەکە یان برگەکە هەمووی پێکەوەیە. بۆیە تێگەیشتن لە مانای وشەکان لە زانستی سیاق لە زماندا پێویست بە شیکردنەوەی ئەو مەبەست و هەڵوێستانە دەکات کە لە پێناویدا هاتوون.[1]

سیاقی قورئانی پیرۆزیش جیاوازە لە هەموو سیاقێکی تر، لە چوار بازنە پێك دێت کە هەندێکیان لەناو هەندێکیانن و بینایان لەسەر دەکەن، ئەمەش گەورەترین جیاکەرەوەی قورئانی پیرۆزە و لە دیاردەکانی ئیعجاز و بەلاغەتیەتی، سیاقی قورئانی پیرۆز چوار جۆری هەیە:

1- سیاقی قورئان: مەقسەدەکان و مانا گشتییەکانی قورئانی پیرۆز و... تاد، دەگرێتەوە. 2- سیاقی سورەت: مەبەست و وەحدەی سورەتەکە دەگرێتەوە. 3- سیاقی دەق یان بەش یان ئایەتەکان: هەر سورەتە لە چەند پارچە بەشێك پێك دێت کە هەریەکەیان مەبەستی خۆی هەیە و هەمووشیان پێکەوە لەگەڵ وەحدەی سورەتەکەدا گونجاون 4- سیاقی ئایەت: هەر ئایەتێك مەبەستی سەربەخۆی هەیە، لەوانەشە لەگەڵ ئایەتەکانی پێش و پاش خۆی بگونجێت، بەڵام هەر ئایەتێکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە.[2]

بە نموونە وشەی (أكل) لەم ئایەتە پیرۆزانەدا بە پێی سیاق و مەبەستی ئایەتەکە لە هەر یەکێکیاندا مانایەکی جیاواز لەوی تر وەردەگرێت:

- ﴿ وَقَالُواْ مَالِ هَٰذَا ٱلرَّسُولِ يَأۡكُلُ ٱلطَّعَامَ ﴾ ﴿٧﴾ الفرقان، وشەی (أكل) بە مانای خۆراك دێت.

- ﴿ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمۡ أَن يَأۡكُلَ لَحۡمَ أَخِيهِ مَيۡتٗا فَكَرِهۡتُمُوهُۚ ﴾ ﴿١٢﴾ الحجرات، بەڵام وشەی (أكل) لەم ئایەتە پیرۆزەدا مەجازە و بەهۆی وشەکەی دوای خۆیەوە بە مانای غەیبەت دێت.

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأۡكُلُونَ أَمۡوَٰلَ ٱلۡيَتَٰمَىٰ ظُلۡمًا ﴾ النساء، هەروەها لێرەشدا وشەی (أكل) هەر مەجازە و بە مانای دزین دێت.

لە ڕاستیدا ئەمە بابەتێکی فراوانە و مەبەستی باسەکەمان نییە، ئەم پێشەکییە دەکەینە جێڕەوێك بۆ چوونە باسێکەوە ئەویش گرنگی بەڵگە زانستی و ئایەتە گەردوونییەکانە لە سیاقی قورئانی پیرۆزدا. بۆ ئەم مەبەستەش چەند ئایەتێك بە نموونە دەهێنینەوە:

ئایەتی یەکەم: ﴿ فَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا ﴾ ﴿٥٢﴾ الفرقان، واتە: (لە ڕاگەیاندنی پەیامی خودادا تێکۆشەر و خۆڕاگر بە و گوێڕایەڵی فەرمانی کافران مەبە و ملکەچیان مەبە، بەم قورئانە هەوڵ و کۆشش و خەباتێکی گەورەیان لەگەڵدا بکە.)

بە هەمان شێوەی نموونەکەی پێشوو وشەی (جهاد) لە ئایەتەکەدا بە مانای جەنگ و کوشتن نایەت، بەڵکو بە مانای بانگەواز دێت. هەروەك (ابن عباس) لە تەفسیری (وجاهدهم بە)دا دەفەرموێت: واتە بە قورئان، جیهادی گەورە جەنگ نییە، بەڵکو بانگەواز و بەیانە بە بەڵگە و بورهان[3]. واتە پێویستە موسڵمان بەرامبەر بە کافران بە قورئان تێکۆشان بکات، بێگومان کە دەفەرموێت: بە قورئان، واتە: بەو بەڵگە و زانستانەی کە لە ناو قورئاندا هەن.

بەڵام ئەگەر ئەم ئایەتە لە سیاقی جۆری سێیەمدا وەربگرین سیاقی دەق یان (ئایەتەکان)، دەبینین ئەم ئایەتەی (52)ی سورەتی (الفرقان) لە ناوەڕاستی کۆمەڵێك ئایەتدا هاتووە، کە هەموویان ئایەتی گەردوونین و باس لە زانستە گەردوونییەکان دەکەن و ئاماژەی ئیعجازی زانستییان تێدایە لە بوارە جیاوازەکانی وەك (فیزیا، کەشوهەوا، دەریاکان، زیندەوەرزانی...تاد.): ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ

كَيْفَ مَدَّ ٱلظِّلَّ وَلَوْ شَآءَ لَجَعَلَهُۥ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا ٱلشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا
﴿٤٥﴾ ثُمَّ قَبَضْنَٰهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا ﴿٤٦﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ
لِبَاسًا وَٱلنَّوْمَ سُبَاتًا وَجَعَلَ ٱلنَّهَارَ نُشُورًا ﴿٤٧﴾ وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ ٱلرِّيَٰحَ
بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۚ وَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً طَهُورًا ﴿٤٨﴾ لِّنُحْۦِىَ
بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا وَنُسْقِيَهُۥ مِمَّا خَلَقْنَآ أَنْعَٰمًا وَأَنَاسِىَّ كَثِيرًا ﴿٤٩﴾ وَلَقَدْ
صَرَّفْنَٰهُ بَيْنَهُمْ لِيَذَّكَّرُوا۟ فَأَبَىٰٓ أَكْثَرُ ٱلنَّاسِ إِلَّا كُفُورًا ﴿٥٠﴾ وَلَوْ شِئْنَا
لَبَعَثْنَا فِى كُلِّ قَرْيَةٍ نَّذِيرًا ﴿٥١﴾ فَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدْهُم
بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا ﴿٥٢﴾ ۞ وَهُوَ ٱلَّذِى مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ
وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿٥٣﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ
مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُۥ نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾ الفرقان.

لە سیاقی ئایەتەکاندا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گەورەترین و کاریگەرترین جیهاد کە بە قورئانی پیرۆز بەرامبەر کافران بکرێت، دەرخستنی زانستەکانی ناو قورئانە بە تایبەت زانستە گەردوونییەکان، کە بێگومان ئەوەش بە خەریك بوون بەو زانستانەوە و دەرخستنی ڕووی ئیعجازی ئایەتەکان دەبێت، هەر لەبەر گرنگی ئەم بوارەشە (ئیمامی شافیعی) لە پەرۆشییەوە بۆ حاڵی موسڵمانان لە بارەی زانستی پزیشکییەوە، دەڵێت: (ضيعوا ثلث العلم ووكلوه إلى اليهود والنصارى)، واتە: سێ یەکی زانستیان بزرکرد و سپاردیان بە جوولەکە و گاورەکان.[4]

**ئایەتی دووەم:** ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ﴿٢٨﴾﴾ فاطر، واتە: (تەنیا بەندە زاناکانی خودا لە خودا دەترسن.)

بە هەمان شێوە سیاقی ئەم ئایەتە پیرۆزە و لەگەڵ ئایەتەکەی پێش خۆشیدا لە باسی ئایەتە گەردوونییەکاندا هاتووە: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا ۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ﴿٢٧﴾ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَ ۗ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ ﴿٢٨﴾﴾ فاطر، دەبینین خوای گەورە باسی چەندین دیمەن و دیاردە دەکات؛ باسی باران کە خودای گەورە لە ئاسمانەوە ئاوێکی سوودمەند دەبارێنێ و بەو ئاوە میوەی جۆراوجۆری ڕەنگاوڕەنگ دەردەخا و بەرهەم دێنێت، هەروەها جۆرە چیایەکی ڕەنگاوڕەنگ کە لە شێوەی ڕێگا و هێڵی سپی و سووری جۆراوجۆر و ڕەشی ڕەشدا دەردەکەون، پاشان باسی مرۆڤەکان و گیانداران و ماڵاتی جۆراوجۆر. لە کۆتاییدا ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو جۆراوجۆری و ڕەنگاوڕەنگییەی بوونەوەران سەرنجی هەموو کەس بە تایبەتی سەرنجی پسپۆڕان و زانایان ڕادەکێشێت، لەبەرئەوەشە کە -تەنیا بەندە زاناکانی خودا لە خودا دەترسن-. لێرەدا دەبینین چۆن ئایەتەکە زانستی بەستووەتەوە بە ترساندن لە خودای گەورەوە، واتە ئەوانەی لە خودای گەورە دەترسن ترساندنێك کە شایستەی زاتی (اللە) بێت ئەوانە ئەو بەندانەن کە زانان، سەیری ئەو دەربڕینە بکەن کە دوای باسکردنی بەڵگەی گەردوونی هاتووە لە قورئاندا: (لەناو بەندەکانی خودادا هەر زانایان لە خودا دەترسن!) واتە ئەوانەی لە خودای گەورە دەترسن کێن؟ ئەوانەن کە زانان، زانایان زیاتر ترسیان لە خودای گەورە هەیە، ئەی پەیوەندی لە نێوان ئیعجاز و ئەم دیاردانەی ئایەتەکە باسی دەکات لەگەڵ زانایان و ترساندن لە خوای گەورە چییە؟ لە ڕاستیدا پەیوەندییەکە وەك ئەوەیە کە خوای گەورە بیەوێت پێمان بفەرموێت: مەبەستی ئایەتەکە ئەوەیە، کە زانست بە تایبەتی زانستە گەردوونییەکان دەبنە هۆی برواهێنان و ترساندن لە زاتی خوای گەورە و هەرچەند لە زانستدا قووڵ ببینەوە ئەوە دەبێتە هۆی دڵنیایی و ئیمانی زیاتر بە خوای گەورە.

**ئایەتی سێیەم:** ﴿وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾﴾ الأنبياء، واتە: لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە. ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن.[5]

دەبینین ئەم ئایەتەش لە سیاقی هەندێك ئایەتی گەردوونیدا هاتووە کە باس لە زانستە گەردوونییەکان دەکەن و ئاماژەی ئیعجازی زانستییان تێدایە لە بوارە جیاوازەکانی وەك (ئیعجازی گەردوونی، زیندەوەرزانی، زەوی ناسی): ﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ وَجَعَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣١﴾ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٣٣﴾﴾ الأنبياء.

لە قورئانی پیرۆزدا لە کۆتایی زۆر ئایەتیدا دوای باسکردنی بەڵگە و نیشانەکان دەفەرموێت: (أفلا تتفكرون، أفلا تعقلون، أفلا تبصرون، أفلا تتقون... تاد)، بەڵام وەك دەبینین لەم ئایاتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: (أفلا يؤمنون)، ئەوەش لە سیاقی ئایەتێکدا هاتووە کە ئیعجازێکی زانستی مەحکەمی تێدایە، کە پێکهاتەی هەموو زیندەوەرێك لە ئاوە، ئەمەش لە زانستی سەردەمدا بۆتە ڕاستییەکی زانستی و هیچ بواری گومانی تێدا نییە! تا پێیان بفەرموێت بۆ بیرناکەنەوە؟ یان ژیری بەکارناهێنن؟ یان... تاد، بەڵکو دەفەرموێت: ئیتر بۆ ئیمان ناهێنن[6]. لێرەدا بە ڕوونی و بەئاشکرا دیارە کە ئایەتە گەردونیەکان بەهێزترین بەڵگەن بۆ ئیمان هێنان و، ئەمەش ئایەتێکی گەردوونییە و ئیعجازێکی زانستی مەحکەمی تێدایە.

سەرچاوە:


(1) (معجم المصطلحات الأدبية، إعداد: إبراهيم فتحي، دار شرقيات للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى 2000، باب اللوق – القاهرة).

(2) (علم السياق القرآني [5] (أنواع السياق القرآني) إعداد: محمد الربيعة، موقع ملتقى أهل الحديث، الطبعة الأولى 2000) (https://vb.tafsir.net/tafsir7414/#.WKcEFofavIV).

(3) تەفسیری (ابن كثير) و (القرطبي).

(4) مكانة علم الطب، عبدالعزيز بن محمد بن عبدالله السدحان، موقع صيد الفوائد، http://www.saaid.net/tabeeb/5.htm.

(5) مانای ئایەتەکان بە کوردی لە هەردوو تەفسیری (شنەی ڕەحمەت) و (ئاسان) وەرگیراون.

(6) بیروکەیەکی نەنووسراوی مامۆستا نەشئەت غەفوور سەعید خوای گەورە لێی خۆش بێت.

# چەند ئاماژەیەکی زانستی ئایەتی

## يَـٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَـٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ

ن: د. بەهێز محمد صالح محمود bahezmuhammed@haiv.org

لەم بابەتەدا ئاماژە بۆ چەند نهێنییەك لە دەریای ئیعجاز بەخشی قورئانی پیرۆز دەكەین، لە سورەتی (الأنبیاء)دا و لە چیرۆكی هەوڵدان بۆ سوتاندنی پێغەمبەر (ئیبراهیم)دا، كاتێك بتپەرستانی هۆزەكەی هەوڵ دەدەن تۆڵە لە (ئیبراهیم) بكەنەوە و لە ئاگردا بیسوتێنن، لەسەر ئەوەی كە بتەكانی شكاندوون و بۆی سەلماندن كە ئەو بتانە شایەنی پەرستن نین، بۆ ئەو مەبەستەش شوێنێكی گەورەیان دروست كرد و پڕیان كرد لە دار و سووتەمەنی و ئاگرێكی زۆر گەورەیان تیادا كردەوە، بە جۆرێك لەبەر گەرمی ئاگرەكە لە دوورەوە بە مەنجەنیقێك پێغەمبەر (ئیبراهیم)یان فڕێ دایە ناوەڕاستی ئاگرەكەوە، بەڵام خوای گەورە فەرمانی بە ئاگرەكە كرد كە لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تر بگۆڕێت: ﴿ قُلْنَا يَـٰنَارُ كُونِى بَرْدًا وَسَلَـٰمًا عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ ﴾ ٦٩ الأنبیاء، واتە: (ئەی ئاگر سارد و سەلامەت بە لەسەر ئیبراهیم). بەو جۆرە هەرچەندە ئاگر سوتێنەرە، بەڵام بە فەرمانی خوا توانای سووتاندنی نەما و پێغەمبەر (ئیبراهیم) پارێزراو بوو، بە بێ هیچ زیانێك بە سەلامەتی لە ئاگرەكە هاتە دەرەوە!! ئەم چیرۆكە لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێكراوە و لە فەرموودە پیرۆزەكانیشدا زیاتر ڕوون كراوەتەوە و لە ئایەتەكەدا بە وێنەی سەربازێك خوای گەورە فەرمان بە ئاگر دەكات كە پێغەمبەر (ئیبراهیم) نەسووتێنێت و ئازاریشی نەدات...

لە ڕاستیدا ئەم ئایەتە چەندین ئاماژەی ئیعجازی و نهێنی تێدایە، ئاشكرایە كە ئاگر سووتێنەرە و گەرمی فڕێ دەدات بۆ دوور و دەوروبەری خۆی، بە تایبەتی لە ئاگرە گەورەكاندا كە پلەی گەرمییان دەگاتە چەند هەزار پلەی (سیلیزی) لەگەڵ ئەو گاز و پاشماوانەی لە ئاگرەكەوە دەردەچێت، هەمووی زیان بەخشە بۆ مرۆڤ، بەڵام لێرەدا ئەم ئاگرە بە وێنەی فەرمانبەرێك فەرمانی پێ دەكرێت و ئەو ئاگرە بە تینە بێ ئەوەی گۆڕانكاری ڕوودات سارد بووەوە و بوو بە ئاگرێكی ئەمینی سەلامەت!!

**لە ئاماژە ئیعجازییەكانی ئەم ئایەتە:**

1- لە توێژینەوە زانستییەكاندا هاتووە كاتێك ئاگرێكی گەورە لە دارستانە چڕەكاندا دەكەوێتەوە بە تایبەت لە دارستانەكانی ئوستورالیادا، دوای ئەوەی كە بە دەمامك و جلی تایبەتەوە چوونە ناوەڕاستی ئاگرەكەوە، دوای سەیركردنێكی ورد و توێكاری ئەوانەی كە مردوون لە ڕووداوی ئاگركەوتنەوەكەدا، بینییان ئەو ئاگرە گەورەیە لە ئەنجامی سووتانی ئەو هەموو گەڵا و درەختەوە چەند گازێكی ترسناك دەردەدات كە زۆر ژەهراوین، ئەمەش ببووە هۆی مردنی ئەو كەسانەی كە لە ئاگرەكەدا نەسووتابوون و تەنها لە ئەنجامی دووكەڵی ئاگرەكە گیانیان لە دەستدابوو، هۆكارەكانی مردنیش بە ڕیزبەندی دەست پێ دەكات:

أ. مردن بەهۆی گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن CO2.

ب. مردن بەهۆی ژەهراویبوون بە گازی سایەنایدی تەختە و گازی CO.

ج. خنكان بەهۆی كەمی ڕێژەی ئوكسجین.

د. مردن بەهۆی گەرمی و سووتان.

ئەو گازە ژەهراویانەی لە ئاگرەوە دەردەچن زۆرن، بەڵام لە هەموویان مەترسیدارتر گازی یەكەم ئۆكسیدی كاربۆنە CO،

کە هەر کاتێك گەیشتە خوێن، خۆی بە (هیمۆگلۆبینی) خوێنەوە دەبەستێتەوە بە ڕێژەی لە 200% لە شوێنی ئۆکسجین و نایەڵێت ئۆکسجین بگاتە خانەکان بۆیە مرۆڤەکە بە ئاسانی دەمرێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەوانەی لە ئاگرەکەدا دەمرن، لە ئەنجامی دووکەڵەوە دەبێت، بەڵام کاتێك پێغەمبەر (ئیبراهیم) خرایە ناو ئاگرەکەوە، نەك هەر نەسوتا بەڵکو بە غازە ژەهراوییەکانی $Co_2$ و Coیش نەخنکا و هیچ زیانێکی پێ نەگەیشت! بۆیە بەکارهێنانی وشەی (سلاما) ئاماژەیەکی ئیعجازییە لە هێنانی وشەکاندا، واتە جگە لەوەی کە نەسووتا بەڵکو بەو گازە ژەهراوییانەی ئەو ئاگرە بەهێزەش نەمرد و سەلامەت بوو.

2- هەروەها ئایەتەکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاماژە بە ئاگری سارد cool flame دەکات، زانستی ئەمڕۆش باس لە ئاگری سارد دەکات کە یەکێکە لە پلەکانی ئاگر و بەهۆی ساردی لە ڕادەبەدەرییەوە کاریگەری چەشنی سووتانی لێدەبێتەوە، ئاگر پلەی جیاجیا و جۆراوجۆری هەیە، ئاگری سارد پلەی گەرمییەکەی واتە لەو پلە ساردییەدا کاریگەری چەشنی سووتانە و لە یەك کاتدا ئاگریشە و ساردیشە!

ئاگری سارد ئاگرێکی ڕەنگ سپیە و گەرمییەکەی بڵاوناکاتەوە، پلە گەرمیەکانی لە 400 پلەی (سلیزی) دەست پێ دەکات و بە پێی ماددەکە دەگۆڕێت، بەڵکو گەرمی لە دەوروبەری خۆی بە دەست دەهێنێت و شلەمەنییەکانی دەوروبەری دەخاتە دۆخی بەستنەوە، وەك بڵێی بە ساردییەکەی شتان دەسوتێنێت!. ئەم جۆرە زیاتر لە لایەن کەشتییە ئاسمانییەکانەوە بە کار دەهێنرێت International space station بۆ داگیرساندنی مەکینەکان هەروەها سووتانی هەندێك سووتەمەنی وەکو ئۆکتانەکان لە شێوەی پریشکێك spark دەردەکەوێت، یارمەتی پاراستنی وزە دەدات و لە خۆیدا کۆی دەکاتەوە لە هەمان کاتدا ئەو ئاگرەش گازی ژەهراوی (فۆرمەڵدیهاید وCO) فڕێ دەدات.



وێنەی جۆرێك لە ئاگری سپی وە ك پریشکێك دەردەکەوێت




پلەکانی ئاگر لەگەڵ جیاوازی ڕەنگی ئاگرەکە

دوای زانینی ئەم ڕاستییە زانستییە، ماوە بڵێین ئایا لە ڕووی پزیشکییەوە جگە لە ئاگری سارد سەرمای زۆریش تینی دەبێت و شت (لاشە) دەسووتێنێت؟!

بەڵێ لە بواری پزیشکیشەوە بابەتێك هەیە بە ناوی cold Burn یاخود Frostbite واتە سووتان بە سەرما، ئەو سووتانەیە کە لە شوێنێکی زۆر ساردا دەبێت (بۆ ماوەی 30 خولەك)، ئەم سەرمایە بەسە بۆ تێکدانی ڕووکەشە خانەکان و خانەی ژێر پێست، هەر وەکو سوتاوی شوێنەوار بە جێ دەهێڵێت، (سوتانی پێست)- بە سەرما یەکێکە لەو حاڵەتانە- بۆیە دەبێت بەرکەوتن لە نێوان پێستەکە و ساردییەکەدا ڕووبدات بە تایبەتی لە سەهۆڵبەندانەکان و بەفردا، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سوڕی خوێن و بە کریستاڵ بوونی خوێن، بە 4 قۆناغ پێکدێت لە سووتانی ڕووی سەرەوەی پێست تا لە کۆتاییشدا شین دەبێتەوە و تووشی (گانگرین) دەبێت چونکە دەماری خوێنەکان زۆر تەسك دەبنەوە بەم شێوەیە خوێن و ئۆکسجین ناچێت بۆ خانەکان، خانە و شانەکان دەمرن، واتە سەرماش وەك سوتاوی پلەی هەیە هەروەك لە وێنەکەدا دیارە:




پلەکانی سووتانی پێست بەهۆی سەرماوە 4-1



پلەی 1-2 سووتانی پێست بەهۆی سەرماوە



پلەی 3-4 سووتانی پێست بەهۆی سەرماوە frosbite کە بەرەو گانگرین دەچێت.

جا ئایا وشەی (سلاما) کە لە ئایەتەکەدا هاتووە لێرەدا ئاماژەیەکی ئیعجازیی تێدا نییە؟ دوای ئەوەی کە زانیمان ئەو ئاگرە گەورەیە بەو تین و بە هێزییەوە کە غازە ژەهرواوییەکانی لێ دەبێتەوە، دوای ئەویش ئاگرێکی دیکە کە بە ئاگری سارد ناسراوە، یاخود سەرما (کە دەبێتە هۆی سووتاوی)، بێگومان پێویستی بەو وشەیە کە ئەو کەسەی تێیدایەتی بە ساغ و سەلامەتی لە دەستی رزگاری ببێت، واتە ئەو کەسە بە ئاگرە گەرمەکە و گازە ژەهراوییەکان هیچی لێ نەیەت و لە هەمان کاتیشدا ئاگرە ساردەکەش زیانی پێ نەگەیەنێت، بۆیە ئایەتەکە تەنها نافەرموێت: (یا نار کونی بردا)، بەڵکو لەگەڵیشیدا دەفەرموێت: (وسلاما) کە ئەمەیان بۆ پارستنیەتی لە ئاگرە ساردەکە و گەرمەکە.

4- هەروەها لە ئایەتەکەدا وشەی (علی ابراهیم) ئەو ئاماژەیەی تێدایە کە ئەگەر ئەو فەرمانە خواییە بۆ ئاگرکە لە دۆخی گەرمییەوە بگۆڕێت بۆ دۆخی ساردی ئەگەر تایبەت نەبووایە بۆ (ئیبراهیم)، ئەوا ئاگر لەم دۆخەدا بۆ هەتا هەتایی بە ساردی دەمایەوە و ئەو پێشکەوتنە شارستانییەی ئێستا لە بواری پیشەسازیدا هەیە ڕووی نەدەدا چونکە ئەم ئاگرە وزەی گەرمی دەرناکات heat energy بۆیە سوودی سنوردار ئەبێت .

- زانست و توانست و ویستی خوای گەورە دەردەخات لە جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا لە گۆرینی ئاگر لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تری گەرمی جیاواز هەروەها لە پاراستنی کەسێك کە بخرێتە ناو ئاگرێکی گەورەوە و تێیدا بمێنێتەوە و بە سەلامەتیش لێی دەربچێت و بێتە دەرەوە.

5- ئەم ئایەتە پیرۆزە باسی جۆراوجۆری پلەی گەرمی ئاگر دەکات. بەتایبەتی ئاگری سارد کە ئاگرێکی سووتێنەرە و پلەیەکە لە پلەکانی ئاگر.

لەهەمان کاتدا ئەم ئایەتە دیارییەکە بۆ مرۆڤایەتی و ئاراستەیان دەکات کە دەتوانن بە زانست لەو نهێنیانە تێبگەن کە پێغەمبەران بە واقیعی پێی گەیشتوون.




وێنەی ئەو پۆشاکە تایبەتیانەی کە بەرگەی گەرمای ئاگر دەگرن.

ئەمانە و چەندەها نهێنی تر کە بۆ زانست هەڵدەگیرێت تا لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، کەواتە ئەم قورئانە تەنها لە لایەن خوای گەورەوەیە و قسەی هیچ کەسێك نییە، ناکرێت کەسێك 1450 ساڵ لەمەوبەر نووسیبێتی و تەنها لە دێرێکدا ڕەچاوی ئەو هەموو خاڵانەی کردبێت و هەمووی وەك خۆی بێتە دی!! کە بێگومان ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەر چۆن ئەم ئاماژانەی دێتە دی بە هەمان شێوەش بەڵێنی بە هاتنی ڕۆژی دواییش هەر دێتە دی.

**سەرچاوەکان:**

1https://spaceflightsystems.grc.nasa.gov/wp-content/uploads/Cool-Flames-Overview1.pdf
https://www.nasa.gov/mission_pages/station/research/experiments/1947.html
Pekalski, A. A., et al. "The relation of cool flames and auto-ignition phenomena to process safety at elevated pressure and temperature." Journal of hazardous materials 93.1 (2002): 93-105.
https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pubmed/6467980
Sachs, Christoph, et al. "The Triaging and Treatment of Cold-Induced Injuries." Deutsches Ärzteblatt International 112.44 (2015): 741.
Nizamoglu, Metin, et al. "Cold burn injuries in the UK: the 11-year experience of a tertiary burns centre." Burns & Trauma 4.1 (2016): 36.

# ئاماژەی قورئانی پیرۆز بۆ هەور و بایەکان



ئا: کاوە محەمەد شاربازێڕی
kawajen@live.co.uk

بە پێی زانیارییە نوێیە کەشناسییەکان لە کاتی بەرکەوتنی ڕووی دەریا و زەریاکان بە تیشکی خۆر بڕێك لە ئاوی سازگار دەبێتە هەڵم، کە بەمەش هەوای وشکی سەر ڕووی دەریا و زەریاکان شێدار دەبن، ئەم کردارە بەردەوام دەبێت هەتا شێیەکە ئەوەندە زۆر دەبێت کە ئیتر کرداری بە هەڵمبوون دەوەستێت، دواتر (با) دێت ئەم چینە هەوا تێر بووە بە شێی سەر ڕووی ئاوەکە دەبزوێنێت و لەگەڵ خۆی دەیبات، لەبەرئەوەی کە ئەم هەوا تێرە بە شێ سوکترە لە هەوا وشکەکە ، هەربۆیە بۆ چینەکانی سەرەوە سەر دەکەوێت کە لەوێ پلەی گەرما نزم دەبێتەوە، بەوەش هەڵمی ئاوەکە چڕ دەبێتەوە و لە شێوەی دڵۆپە ئاو کۆدەبنەوە و هەور پێك دێنن.

لەلایەکی ترەوە سەر ڕووی ئاوەکە کە (با) چینە شێدارەکە دەبات، چینێکی تری هەوای وشك جێگەی دەگرێتەوە و کردارەکەی پێشوو دووبارە دەبێتەوە و هەوری تر دروست دەکەن، هەتا دەبنە (هەورە زۆر قورسەکان)، بەمەش بە بەردەوامی بایەکان دێن و هەڵمی سەر ڕووی دەریاکان دەبزوێنن و بەرزی دەکەنەوە و دەیکەنە هەور.

جگە لەوەش هەورەکانیش دەبزوێنن و شێوەی جۆراوجۆریان لێ دروست دەکەن هەتا دەبنە هەوری بە باران، لەمەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندی (با) لەگەڵ هەورەکاندا بریتییە لە بزواندنی هەوا شێدارەکانی سەر دەریا سوێرەکان و پاشان کردنیان بە هەور، دواتریش بزواندنی زیاتری هەورەکان تا دەبنە (هەورە جیاوازە باراناوییەکان).

قورئانی پیرۆزیش ڕوونی کردۆتەوە: ﴿ وَٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا ﴿٩﴾ ﴾ فاطر، واتە: «هەر خودایە ئەو بایانە بەڕێ دەکا و ئەوانیش هەور دەبزوێنن».

لێرەدا دەبینین خوای گەورە بۆ پەیوەندی (با) لەگەڵ هەوردا لە ئایەتە پیرۆزەکەدا وشەی (فَتُثِيرُ)ی بەکارهێناوە، کە لە زمانی عەرەبیدا دوو واتای هەیە، **یەکەم**: (تهيج) بزواندن، دەوترێت: (لا تثرني) واتە مەم بزوێنە. **دووەم**: (الاظهار) دەرخستن، دەوترێت: (فلان اثار المشكلة أي أظهر المشكلة)، واتە: فلان کێشەکەی دەرخست. کەواتە مانای ئایەتەکە بەم جۆرەی لێ دێت: (الله الذي يرسل الرياح فتهيج وتظهر سحابا)، واتە: خوای گەورە بایەکان دەنێرێت و هەورەکان دەبزوێنێت و وەك هەور دەریاندەخات. کێ لەسەر دەمی پێغەمبەردا ﷺ دەیزانی کە (با) هەورەکان دەبزوێنێت و وەك هەور دەریان دەخات، بەم بەخششەی خوای گەورەش ئاوی سازگار لە ئاوە سوێرەکان جیا دەبێتەوە و بەهۆی (با)وە بۆ هەموو ناوچەکانی زەوی دەچێت.

**سەرچاوە:**

K. Wark: Thermodynamics, pp: 415 - 478, McGraw-Hill, New York (2006)



# گەلی عاد لە ئەحقاف

ن: خالید حەسەن عەلی khalidbarznjy@haiv.org

خوای گەورە لە چەندین سورەتی پیرۆزدا باسی لە گەلی عاد کردووە، شوێنیان، دەسەڵاتیان، سیما و تایبەتمەندی و کۆشك و بیناکانیان و شێوازی لە ناوچوونیان. لە کاتێکدا ئەم باسە لە کتێبی تەورات و ئنجیل و تەلمودیشدا نەهاتووە، عاد وەك لە قورئاندا باسکراوە لە ناوچەی (ئەحقاف)دا ژیاون، وەك دەفەرمویت: ﴿وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ إِذۡ أَنذَرَ قَوۡمَهُۥ بِٱلۡأَحۡقَافِ ﴿٢١﴾﴾ الأحقاف. واتە: باسی برای گەلی عاد بکە کاتێ گەلەکەی لە ئەحقافدا بێدارکردەوە.

(عەبدولای کوڕی عەباس) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (الأحقاف واد بين عمان ومهرة، وقال مقاتل: كانت منازل عاد باليمن في حضرموت بواد يقال له مهرة (تفسير القرطبي والطبري والبغوي والرازي والالوسي والنسفي)[1]. واتە:"ئەحقاف دۆڵێکە لە نێوان عوممان و مەهرە، موقاتیل دەڵێت: بیناکانی عاد لە یەمەن لە حەزرەمەوت بووە لە دۆڵێك بە ناوی مەهرە".




وێنەی پارێزگای مەهرە لە یەمەن و وڵاتی عوممان کە بە هێڵی زەرد سنوریان جیا کراوەتەوە

قەدەری خوای گەورە لەو شوێنەی کە (ئیبن عەباس) -ڕەزای خوای لێبێت- باسی کردووە لە باشووری (الربع الخالي) کە خاڵییە لە هەموو چالاکییەکی ژیان، زانای شوێنەوارناس (نیکۆلاس کلاپ) Nicholas Clapp لە ساڵی 1990ز بە هاوکاری وێنەی مانگە دەستکردەکانی (ناسا) و نووسراوە کۆنەکان بە تایبەت کتێبی توێژەری ئینگلیزی Bertram Thomas بە ناوی Arabia Felix ی ساڵی 1932ز[2]، هەروەها بە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە و گەڕانێکی زۆر بە ئامێری GPS، شارستانیەتێکی کۆنی لە ژێر لمدا دۆزییەوە[4,3] کە هەموو ئەو سیفاتانەی قورئانی پیرۆز بۆ گەلی عادی باسکردووە، تێیدا بەرجەستە بوو، ئەم هەواڵە ڕووپەڕی ڕۆژنامە جیهانییەکانی داگیر کرد و شارەکەیان ناونا (ئۆبار)[6,5] بۆ نموونە گۆڤاری تایمی ئەمریکی لە 1992 نوسراوێکی لە باسی دۆزینەوەی شارەکە بڵاوکردەوە و باسی لەوە کرد لە قورئاندا ئەم شارە بە ناوی ئیرەم باسکراوە[7].




زانا (کلاپ) دوای توێژینەوەیەکی چڕوپڕ، کتێبێکی لەسەر تەواوی کارەکانی بە ناونیشانی (ڕێگای ئۆبار دۆزینەوەی شارستانیەتێك لە ژێر لمدا) بڵاوکردەوە[8]و دوای ئەویش چەندین کتێب[9]و نوسراو و فیلمی دۆکیومێنتاری لەسەر بڵاوکرایەوە[11,10].




وێنەی بەرگی کتێبی ڕیگا بەرەو ئۆبار نوسراوە لە لایەن زانا کلاپ.

1-http://library.islamweb.net/newlibrary/index.php

2- Thomas, B.S., "Ubar – the Atlantis of the sands of the Rub' al Khali", Journal of the Royal Central Asian Society, 20, pp. 259–65.

3- Glassé, Cyril; Huston Smith (2003). The New Encyclopedia of Islam (Revised ed.). AltaMira Press. p. 26. ISBN 978-0759101906.

4- Nabataea Net. "The Incense Road: Ubar". Retrieved 27 June 2013.

5- https://www.washingtonpost.com/archive/lifestyle/travel/1993/12/05/mideast-perspectives-trips-of-the-desert-in-exotic-oil-rich-oman-and-dubai/1eb44b8b-6d51-48ef-aab1-8d76bd5907c7/?utm_term=.7ca4354d69df

6- Ranulph Fiennes (1993), Atlantis of the sands, Harmondsworth: Signet, ISBN 0-451-17577-8, 0451175778.

7- Wilford, J.N., "On the Trail From the Sky: Roads Point to a Lost City", New York Times, 5 February 1992.

8- Nicholas Clapp, The Road to Ubar: Finding the Atlantis of the Sands, Houghton Mifflin (1999) ISBN 0-395-95786-9. Available at Amazon.com

9- https://openlibrary.org/books/OL17393459M/Atlantis_of_the_sands

10- In modern times, the mystery of the lost city of Atlantis has generated a number of books, films, articles, web pages, and two Disney features.

11- https://www.youtube.com/watch?v=qUqz5rYUaHc&t

فیلمی دۆکیومێنتاری لەسەر دۆزینەوەی شاری ئیرەم و تایبەتمەندیەکانی لە کەناڵی بەناوبانکی history کە تایبەتە بە دۆکیومێنتکردنی مێژوو، ژێرنوسکراو بۆ کوردی لە لە یوتیوبی Govary Haiv.

لە یەنایری 1991ز دەستکرا بە هەڵکەندنی شوێنەواری شارستانیەتەکە و ئەوەی دۆزرایەوە چەندین سیفات و تایبەتمەندی تێدا بوو کە بەڵگەی شوێنەواری گەلی عاد بوون[12].



(نیکۆلاس کلاپ) وێنەی مانگە دەستکردەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی لە ناو گردە لمینەکانی بیابانی عوممانی ئەو شوێنەی مەبەستیەتی بیدۆزێتەوە.

لە قورئانی پیرۆزدا باس لە حەوزی ئاوی گەورە و شوێنی بازرگانی گەلی عاد دەکات، کە لە سەرەڕێ بەرزەکاندا قەڵا و شورای گەورەیان بە دەورا دروست کردووە[13]، لەسەر زمانی پێغەمبەر هود (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرمویت: ﴿ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ (١٢٨) وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ (١٢٩) وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ (١٣٠) فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ (١٣١) وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ (١٣٢) أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ (١٣٣) وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ (١٣٤) إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (١٣٥) ﴾ الشعراء. لەم ئایەتانەدا چەندین سیفاتی ئەو گەلە باس دەکات کە بەڵگەن لەسەر ئەو شوێنەی دۆزرایەوە، لەوانە:

1- لە ئایەتی 128 فەرمووی: ﴿ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ ﴾ واتە:"ئایا ئێوە لە هەموو شوێنێکی بەرزی سەرەڕێگا بورجێك دروست دەکەن و کاری بێهودە دەکەن؟" وشەی (ریع) بەم واتایانە هاتووە: (الريع): أنه المكان المرتفع عند جواد الطرق المشهورة (تفسير ابن كثير)، الريع: كل مكان مشرف من الأرض مرتفع، أو طريق (تفسير الطبري)، الريع: ما ارتفع من الأرض، جمع ريعة، يقال: كم ريع أرضك؟ أي: كم إرتفاعها، قال قتادة: الريع: الطريق، (القرطبي)، عن مجاهد ايضا في قوله: ( أتبنون بكل ريع ) قال: الريع: الثنية الصغيرة، الريع: أنه السوق، حكاه الكلبي (تفسير الماوردي).

کەواتە (ریع) ئەم واتایانەی هەیە : أ- سەرەڕێگا (کاروان سەرا). ب- بەرزاییەکی کەم. ج- بازاڕ.

ئەم شوێنەی دۆزراشەوە هەر سێ سیفەتەکەی تێدا بوو، چونکە بە ڕێگای وێنەی مانگە دەستکردەکان ڕێگا کۆنەکان دەرخران[14,15] و ئەم شوێنە لەسەر ڕێگای کۆن لە سەر زەوییەکی کەمێك بەرز دۆزرایەوە و هەروەها شوێنی بازاڕ و بازرگانی ماددەی لەببان (بوخور) بووە[16]، کە ماددەیەکی

12 Nicholas Clapp (1 June 1999), The road to Ubar (The Road to Ubar ed.), Mariner Books, ISBN 978-0-395-95786-8, OCLC 41557131, ٠٣٩٥٩٥٧٨٦٩

13- Brian Doe, Southern Arabia, Thames and Hudson, 1971, p. 21 . Ça M'Interesse, January 1993.

14- https://ntrs.nasa.gov/archive/nasa/casi.ntrs.nasa.gov/20020080944.pdf

15- http://www.nationalgeographic.com/eye/archaeology/science_04.html

16- Andy in Oman. "Is "The Lost City of Ubar" Found or Still Lost?! Shisr, Southern Oman". Archived from the original on 1 August 2012. Retrieved 25 July 2011.

کەتیرەیی بۆنخۆشە و لە درەختی لەببانەوە دروست دەبێت، تەنیا لەو ناوچەیەشدا هەبووە و ماددەیەکی گرانبەها بووە و بە پیرۆزیان گرتووە و بۆ چارەسەری پزیشکی لە زۆربەی شوێنەکانەوە بۆ کڕینی هاتوون[17,18].




تابلۆیەکی دانراو لە شوێنی شاری ئوبار کە بە (شصر)یش ناودەبرێت باس لە پێگەی بازرگانی ئەم شوێنە لە سەردەمە کۆنەکاندا و فرۆشتنی ماددەی لەببان دەکات

2- هەر لە ئایەتی 128 دا فەرمووی: ﴿ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ ﴾ وشەی (آية) بەم واتایانە هاتووە: (يبنون هناك بنيانا محكما هائلا باهرا، ولهذا قال ﴿ أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً ﴾ أي معلما بناءا مشهورا وقيل هي بروج الحمام) (تفسير ابن كثير). عن مجاهد، في قوله: (بكل ريع آية) قال: بنيان الحمام (الطبري). کەواتە وشەی (آية) بە واتای بینای پتەو و گەورە و بورج و شوێنی ئاو هاتووە. لە ڕاستیشدا ئەو شوێنەی دۆزرایەوە بینایەکی گەورە و بورجی بەرز و شوێنی ئاوگرتن بووە، چونکە لە ناوەندەکەیدا حەوزێکی ئاوی گەورە هەیە کە لە ئێستا ئاستی ئاوەکەی زۆر دابەزیوە.

3- لە ئایەتی 129 فەرمووی: ﴿ وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ ﴾ واتە: "چەندین کۆشك و قەڵای بەهێز و بەرز و حەوزی گەورە گەورە دروست دەکەن بەو ئومێدەی هەر بمێننەوە و نەمرن". وشەی (مصانع) بەم واتایانە هاتووە: المصانع هي: 1- القصور المشيدة 2- الحصون المرتفعة، 3- الأحواض التي يجمع فيها ماء المطر، عن مجاهد: (وتتخذون مصانع) قال: قصور مشيدة، وبنيان مخلد وعن مجاهد ايضا قوله: (مصانع لعلكم تخلدون) قال: أبرجة الحمام، وقال قتادة: بل هي مآخذ للماء. (تفسير ابن كثير والطبري)، کەواتە وشەی (مصانع) بە واتای کۆشکی پتەو و قەڵای بەرز و شوێنی گرتنی ئاو و حەوزی ئاو کە ئاوی بارانی تێدا کۆبێتەوە دێت. ئەم شوێنەش هەموو ئەو سیفاتانەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، چونکە لە قەڵایەکی بەرز پێکهاتووە و لە میانەی هەڵکەندنەکە قەڵایەکی هەشت لایان دۆزییەوە کە دیواری ئەستووری هەبوو، لە گۆشەکانیدا هەشت بورجی بەرزی گەورە هەبوون، کە تیرەیان 3م و بەرزیان 9م بووە[19].

17- Lawton, John (May–June 1983). "Oman: Frankincense". Aramco World. 34 (3): 26–27. Retrieved 1 January 2015.

18- Nicholas Clapp (1 June 1999), The road to Ubar (The Road to Ubar ed.), Mariner Books, ISBN 978-0-395-95786-8, OCLC 41557131, 0395957869

19- Ranulph Fiennes, Atlantis of the Sands: The Search for the Lost City of




هەروەها لە ناوەندەکەیدا حەوزێکی گەورەی ئاو هەیە کە پێداویستی خۆیان و ئاژەڵەکانیان لێ جێبەجێکردووە و لەو شوێنەدا بازرگانی تێدا کراوە و ماددەی گرانبەهای لەبانیان تێدا فرۆشتووە.



وێنەی بورجێکی قەڵای گەلی عاد کە لەسەر ڕێی بازرگانییەکان دروستیان کردووە لە ناوەندیدا حەوزێکی گەورەی ئاوی وشك بوو هەیە کە ئێستا ئاوەکەی زۆر دابەزیوە.

گەلی عاد لەبەرامبەر ئەو نیعمەتانە، لە جیاتی سوپاسی پەروەردگاریان، ستەمیان دەکرد و باجی زۆریان لە خەڵك دەسەند، بۆیە ئایەتەکانی دواتر فەرمووی: ﴿ وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ ﴿١٣٠﴾ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٣١﴾ وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ ﴿١٣٢﴾ أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ ﴿١٣٣﴾ وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴿١٣٤﴾ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿١٣٥﴾ ﴾ واتە: "هەر کاتێك دەست بوەشێنن ستەمکارانە دەست دەوەشێنن. کەواتە (لە سزای خوا) خۆتان بپارێزن و گوێڕایەڵی من بکەن و لە (سزای) ئەو خوایە خۆتان بپارێزن کە خۆتان دەزانن چی پێ بەخشیوون. ئاژەڵ و ماڵات و منداڵ و باخ و کانیاوی زۆری پێ داون، بە ڕاستی من دەترسم سزای ڕۆژێکی زۆر گەورە دووچارتان بێ."

4- لە ئایەتەکەدا فەرمووی: ﴿ وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ ﴾، واتە: "باخ و سەرچاوەی ئاوی زۆر پێ بەخشیون"، هەر وەك لە وێنەیەکی مانگە دەستکردەکانی (ناسا) دەبینرێت، ئەم ناوچەیە کۆمەڵێکی زۆر بەنداو و کەناڵ و جۆگای ئاودێرییان هەبووە و شوێنێکی سەوز و پاراو بووە، ماڵپەڕی (ناسا) دەڵێت ئاستی ئاوی ژێر زەوی لەو کاتانەدا بەرز بووە و ناوچەکە سەرچاوەی ئاوی زۆر بووە[21,20].

Ubar, Bloomsbury (1992), ISBN 0-7475-1327-9.

20- http://climate.nasa.gov/news/1010/climate-change-and-the-rise-and-fall-of-civilizations/

21- http://www.jpl.nasa.gov/radar/sircxsar/ubar.html



5- ئەم شارستانیەتە کۆنە لەو شوێنەدا دۆزرایەوە کە (ئیبن عەباس و موقاتیل) و زۆرێك لە موفەسیرە پێشینەکان و نوێیەکانیش باسیان کردووە و ڕایان وایە گەلی عاد لەم ناوچەیەدا بووە.

6- ئەو ناوچەیە هەمووی گردی لمینی گەورە و بەرز و زۆر درێژن کە ئەوەش واتای (أحقاف)ە، چونکە (أحقاف) لە زمانەوانی و کتێبەکانی تەفسیردا بەم جۆرە هاتووە: (الأحقاف: جمع حقف وهو ما استطال من الرمل العظيم واعوج ولم يبلغ أن يكون جبلاً، رمل مستطيل مشرف، إنحنى واستدار) تفسير القرطبي، الطبري، الماوردي، البغوي) واتە: "کۆی (حقف)ە، گردی درێژبووەوەی لمینی گەورە و خوار و خێچی بەرزن، بەڵام بەرزیان ناگەنە چیا. (ئیبن کەسیر) دەڵێت: الأحقاف – جمع حقف وهو: الجبل من الرمل) واتە: کۆی (حقف)ە و بریتیە لە چیای لمین". ئەم گردە لمینە گەورانە لە دورگەی عەرەبیدا تەنیا لە باشووریدا هەیە ئەمەش وەڵامی ئەوانە دەداتەوە کە پێیان وایە پێگەی عاد لە باشووری دورگە نەبووە، لەبەرئەوەی کۆنترین گردیشن، لە ڕووی ماوەی نێوانیان لەوپەڕی ئەندازەیی و جێگیریدان و ماوەی نێوانیان نزیکەی (2کم بۆ 5کم)ە، پانی گردەکانیش لە (نیو بۆ یەك) کیلۆمەترن و بەرزییان لە (50 بۆ 400)م دەبن، لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەیان لە لمی نەرمە و (با) کاریان تێ دەکات، بەڵام هەمیشە پارێزگاری لە شێوەیان دەکەن و جێگیرن.




گردی لمینی گەورە و خواروخێچی ناوچەی عاد، دەیان کیلۆمەتر بە شێوەیەکی ئەندازەیی لە تەنیشت یەك درێژبونەتەوە، ئەوەش کتومت واتای ئەحقافە.



گردێکی بەرزی لمینی لەو ناوچەیەدا وەك چیاکانی تر جێگیرن

7- ئەو شارەی دۆزیانەوە تایبەتمەندە بە کۆڵەکەی بەرز، وەك قورئانی پیرۆزیش گەلی عاد بە خاوەنی بینای ستووندار باس دەکات[22] و دەفەرمووێت: ﴿إِرَمَ ذَاتِ ٱلۡعِمَادِ ۝٧﴾ الفجر، دکتۆر (زارینز)ی توێژەر و لێپرسراوی تیمی هەڵکەندنی ئەم شوێنەوارە دەڵێت[23]:




پایەی زۆر گەورە یەکێکە لە نیشانە زۆر دیارەکانی شاری (ئۆبار)، لە هەمان کاتدا شاری (ئیرەم)یش بە خاوەن پایە ناودەبرێت، جۆرە پایە و کۆڵەکەیەك، نموونەی لە ناوچەکەدا نەبووە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم شارەی دۆزراوەتەوە ئەو شارەیە کە قورئان باسی لێوە کردووە[24].

8- یەکێکی تر لە بەڵگەکان ئەوەیە، شارێکی نیمچە بازنەییە و پایەکانی بازنەیین، ئەم جۆرە پایانەیش تایبەتن و هەموو شارە دێرینەکانی تری ناوچەکە بگەڕێیت تەنها پایەی چوارگۆشە دەبینیت، ئەمەش دەبێتە ڕاڤەیەکی واقیعی بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرمووێت: ﴿ٱلَّتِي لَمۡ يُخۡلَقۡ مِثۡلُهَا فِي ٱلۡبِلَٰدِ ۝٨﴾ الفجر، واتە: "کە وێنەیان دروست نەکرابوو لە هەموو وڵاتدا".



9- لە شێوازی سەرەنجام و لە ناوچوونی ئەم گەلەشدا چەندین بەڵگە هەیە کە ئەم دۆزینەوەیە هی گەلی عادە، کاتێك لە ڕێگای وێنەی مانگە دەستکردەکان (گوگل ئێرس)ەوە سەیری گردە لمینە درێژبووەکان دەکەین لەگەڵ ئەوەی گردی گەورە و جێگیرن و بە با ناجوڵێن بەڵام دەبینین لە هەموو لایەکی ئەم شوێنەی دۆزرایەوە ئاراستەی خواربوونەوەی گردە لمینەکان ڕوویان لەوێ کردوە وەك ئەوەی بایەکی زۆر بەهێزی لە ڕادەبەدەر لە کاتێکدا هاتووە و لە هەموو لایەکەوە ڕووی لەم شوێنە کردووە، شارەزایانی ئەم بوارە دەڵێن گردە لمینەکان سێ جۆرن[25,26,27] یەکەم درێژیی: ئەوانەن کە ئاراستەی با لەسەریان تەریبە و بە ڕێکی گردەکان درێژبونەتەوە و نەچەماونەتەوە، دووەم هەیفی: ئەوانەن کە ئاراستەی با لەسەریان ستونییە و بە ئاراستەی بایەکە چەماونەتەوە. سێیەم ئەستێرەیی یان هەرەمی، ئەوانەن کە ئاراستەی با لە چەند لایەکەوە (گەردەلول) دەکەوێتە سەریان[29,28].




ئەوەی سەرنج ڕاکێشە کە هەموو گردە لمینەکان لە باکوور و باکووری خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاوای ئەم شوێنە لەگەڵ ئەوەی درێژن، بەڵام بە ئاراستەی ئەم شوێنە چەماونەتەوە نزیك بوونەتەوە لە جۆری هەیفی.




بەڵام کەمێك لە سەرووی ئەم شوێنەدا هەموو گردە لمینەکان ئەستێرەییە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە بایەکی ئێجگار توند شێوەی ئەم گردە گەورە لمینانەی گۆڕیوە، بەجۆرێك لە سێ لای باکوور و باکووری خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاواوە ڕووی لەم شوێنە کردووە و گردەکانی ئەو شوێنەیان کردوە بە ئەستێرەیی.



وێنەی گوگل ئێرسی گردە لمینە ئەستێرەییەکانی ناوچەکە کە تیرەی هەریەکەیان نزیکەی (1کم)ە

22- "Islam 101". Ubar, the Lost City. Retrieved 27 June 2013.
23- Zarins, Juris, "Atlantis of the Sands", Archaeology, May–June 1997
24- http://www.academia.edu/6942056/The_Noble_Quran_and_Archaeology
25- "Types of Dunes". Retrieved 23 May 2014
26- https://laulima.hawaii.edu/access/content/group/2c084cc1-8f08-442b-80e8-ed89faa22c33/book/chapter12/wind.htm/
27- https://www.psi.edu/epo/faq/dunes.html

28- Twidale, C.R. & Campbell, E.M. (2005, revised edition): Australian landforms: understanding a low, flat, arid and old landscape. Rosenberg Publishing. Pp. 241-3. ISBN 1 877058 32 7

29- كتاب : (الكثبان الرملية) لمركز البحوث الزراعية- جمهورية مصر العربية
http://www.vercon.sci.eg/indexUI/uploaded/sandhill/sandhill.htm

بەڵگەیەکی تر کە بای باکوور و باکووری خۆرهەڵات لمی ئەو ناوچەیەی پێکهێناوە، تیمێکی بەشی جوگرافیای زانکۆی (قەصیم)ی سعودیە پۆلێك لە مامۆستایانی زانکۆکە هەستان بە گەشتێکی فراوان بە ناو بیابانی (الربع الخالي) و لە ماوەی 8 ڕۆژدا نزیکەی 1500 کم یان بڕی[30].




کاتێك لە نموونەی لمی ئەم ناوچەیەیان کۆڵییەوە، بینییان لمەکەی چین چینە و لە دوو ڕەنگی سوور و سپی پێکهاتووە، دکتۆر (ئەحمەد دغیری) کە ئەندامێکی تیمەکە بوو دەڵێت: ڕەنگە سوورەکە لە باکوورەوە هاتووە و سەرچاوەی دەریاییە، لمە سورەکەش لە باکووری خۆرهەڵاتەوە هاتووە و سەرچاوەکەشی وشکانی و کیشوەرییە.



خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ۝١٨ إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُسْتَمِرٍّ ۝١٩ تَنْزِعُ النَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُنْقَعِرٍ ۝٢٠ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ۝٢١﴾ القمر، واتە: "گەلی عادیش پێغەمبەرەکەیان بە درۆ خستەوە جا ئایا سزا و ترساندنم چۆن بوو؟ بێگومان ئێمە بایەکی توندی ساردمان لە ڕۆژێکی سەختدا بە بەردەوامی ناردە سەریان"، هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَفِي عَادٍ إِذْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الرِّيحَ الْعَقِيمَ ۝٤١﴾ الذاريات: واتە: "لە گەلی عاددا بەڵگە و پەند هەیە کاتێ کە بای بێ خێر و بێ بارانمان ناردە سەریان". کەواتە ئەو بایەی لە ناوی بردن ئەم سیفەتانەی هەبووە:1- ئێجگار توند بووە کە شوێنەواری نەهێشتوون و لمی بیابانەکەی کردووە بەسەریاندا. هەرچەندە چەندین لێکدانەوە بۆ لە ناوچوونی ئەم شارستانیەتە کراوە و هەیە، بە بەرکەوتنی نەیزەکی لێکی دەداتەوە و هەیە بە ڕۆچوونیان بە ناخی زەویدا و تاد، بەڵام لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ئەم دواییانە دەریانخست کە بەهۆی بایەکی توندەوە بووە و لمی بیابانەکە کراوە بەسەریاندا[31]. 2- زۆر سارد بووە چونکە یەکێك لە واتاکانی (صرصر) زۆرساردییە وەك پێشتریش ڕوونکرایەوە بە پێی شێوەی گردەکان و پێکهاتەی لمەکە بایەکە لە باکوورە هاتووە و بای باکووریش ساردە. 3- دەنگ و وژەیەکی زۆری هەبووە، چونکە (صرصر) بە واتای دەنگی بەرز و تیژی پچڕ پچڕ[32]دێت. 4- بایەکە بووەتە گەردەلول و بەهۆی ئەوەوە لە بن و بێخ دەریهێنان و بەرزیکردنەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿تَنْزِعُ النَّاسَ كَأَنَّهُمْ أَعْجَازُ نَخْلٍ مُنْقَعِرٍ ۝٢٠﴾ القمر، واتە: "خەڵکی هەڵدەکەند وەك بنەدار خورمای لە بێخ هەڵکەندراو جا ئایا سزاو هەڕەشەی ئێمە چۆن بوو لە بێ باوەڕان؟". 5- بایەکی بێ خێر و بێ باران بووە، چونکە بای باکوور بەسەر بیاباندا دەڕوات و بارانی لەگەڵ نییە، بە پێچەوانەی بای باشوور کە لە ئۆقیانوسی هیندی و بەسەر چیاکانی باشووری دورگەی عەرەبیدا دێت و باراناوییە، ئەم ناوچەیەش لەو سەردەمانەدا بە هۆی چیاکانی باشوورییەوە و باران بارین و هاتنی هەوری باراناوی لە باشوور سەرچاوەی ئاویان زۆر بووە، بەڵام ماوەیەکی زۆر گەلی عاد وشکەساڵی و بێبارانی ڕووی تێکردبوون و چاوەڕێی هەور و بارانیان دەکرد، لە حیاتی گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە زیاتر لەسەر بێباوەڕیان سوور بوون، بۆیە لە ئاراستەی پێچەوانەوە (لە باکوورەوە) بایەکی هێندە توند هەڵیکردە سەریان، کە بەرزبوونەوەی لمەکە وەك هەورێکی لێهاتبوو، وەك قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَٰذَا عَارِضٌ مُمْطِرُنَا ۚ بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُمْ بِهِ ۖ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ۝٢٤ تُدَمِّرُ كُلَّ شَيْءٍ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا لَا يُرَىٰ إِلَّا مَسَاكِنُهُمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْقَوْمَ الْمُجْرِمِينَ ۝٢٥﴾ الأحقاف. واتە: "جا کاتێ ئەو (سزایە)یان بینی پەڵە هەورێکە بەرەو شیوەکانیان دێ (دڵخۆش بوون) وتیان ئەمە هەورێکە بارانی پێیە بۆمان (هوود وتی نەخێر) بەڵکو ئەو (سزایە) یە بەپەلە داواتان دەکرد، بایەکی بەهێزە سزای سەختی پێیە". بڕوانە بۆ هەورەکە وشەی (عارض)ی بەکار هێنا، چونکە بە پێچەوانەی جارانی پێشوو لە باکوورەوە هات، لە کاتێکدا هەمیشە هەوریان لە باشوورەوە بینیوە.

لە کۆتاییدا و بە پێی بەڵگەکان وا دەردەکەوێت ئەم دۆزینەوەیە یەکێك بێت لە حەوزی ئاو و قەڵاکانی گەلی عاد کە لەسەر ڕێگای کاروانەکان دروستیان کردووە و لە ئایەتەکانی 128 و 129 ی سورەتی (الشعراء) باس کراوە، لەبەر گەورەیی و بیناسازی ئەم دۆزینەوەیە کە ڕەنگدانەوەی هەبوونی شارستانیەتێکی بەهێزە لەو ناوچانە، زانایان بە دۆزینەوەی شارستانیەتێکی ون بوو لە ژێر لمدا ناویان برد، دووریش نییە لە داهاتوودا شارە گەورەکەی گەلی عاد بدۆزرێتەوە، بە تایبەتی لە سەرووی ئەم شوێنە کە پێشتر ڕوونمان کردەوە شێوەی گردە لمینەکانی ئەستێرەین و لە باکوورییەوە گردەکان بەرەو ڕووی چەماونەتەوە و بەڵگەی ڕووتێکردنی بایەکی بەهێزە بۆ ئەم ناوچەیە.

30- فیلمی دۆکیومێنتاری گەشتەکە لەسەرەتا تا کۆتایی
https://www.youtube.com/watch?v=2AuF9ipS-MY

31- Wynn, J.C., Shoemaker, E.M., "The Day the Sands Caught Fire", Scientific American, Nov. 1998, pp. 64–71.

32- لسان العرب كلمة صرصر، تفسير القرطبي وابن كثير والطبري.

# ئاماژەی قورئانی پیرۆز بۆ نهێنی ئاوی ژێر زەوی




ئا: خالید حەسەن عەلی - هاوڕێ طارق فارس

لە ساڵی 1580 دا کە Bernard Polissoy بیردۆزی سوڕی ئاو Water cycleی باس کرد[1]، ئەوەی وت کە چۆن ئاو لە زەریاکاندا دەبێت بە هەڵم و دواتر سارد دەبێتەوە و دەبێت بە هەور، هەورەکانیش لەو ناوچانەدا دەسووڕێنەوە کە تێیدا دروست بوون و دواتر چڕدەبنەوە و باران دەبارێنن. پاشان ئەم ئاوە لە شێوەی جۆگە و دەریاچە کۆدەبێتەوە و دەڕژێتە ناو زەریاکان و ئەم سووڕەش کە باسمان کرد سووڕێکی بەردەوامە.

لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا زانای یۆنانی (تالیس) بڕوای وابوو کە (با) پریشکە ئاوەکانی سەر ڕووی زەریاکان هەڵدەگرێت و پاشان لە شێوەی باران دەیبارێنێت. فەیلەسوفانی سەردەمی دێرین وەك (ئەفلاتوون) (429-347 پ.ز) و (ئەناکساگۆرس) (500-428 پ.ز) پێیان وابوو کە ئەشکەوتێکی زەبەلاحی پڕ لە ئاو لە ناو زەویدا هەیە و سەرچاوەی ئاوی هەموو ڕووبار و کانی و دەریاکانە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لە لایەن ئەرستۆ (384-322 پ.ز) ڕەتکرایەوە سەرچاوەکەی گەڕاندەوە بۆ چڕبوونەوەی هەڵم لە ئەشکەوتەکاندا، کە بە گوێرەی ئەم بیردۆزە ئاو لە ئەشکەوتە ساردەکاندا چڕ دەبێتەوە پاشان جۆگە و دەریاچەکان دروست دەکات کە دەچنە نێو کانییەکانەوە[2]، هەروەها یەکێك لە بەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی سەدەی حەڤدەهەم ڕینیە دیکارت (1596-1650 ز) بۆچوونی وابوو، کە زەوی لە پێنج چین پێکدێت و یەکێك لەم چینانە ئاوە و سەرچاوەی تەواوەتی هەموو ئاوی سەر زەوییە، سەرچاوەی ئاوی دەریاکانیش کۆمەڵێك جۆگەن بەستراون بە حەوزێکی گەورە کە کەوتونەتە ژێر چیاکانەوە[3]، بەم شێوەیە تا سەدەی نۆزدەهەم بیردۆزەکەی ئەرستۆ Aristotle شتێکی باو بوو، کە بەگوێرەی ئەم بیردۆزە ئاو لە ئەشکەوتە ساردەکاندا چڕ دەبێتەوە پاشان جۆگە و دەریاچەکان دروست دەکات کە دەچنە نێو کانییەکانەوە.

بەڵام لە سەردەمی ئێستادا ئێمە گەیشتووین بەو ڕاستییەی کە ڕێژنە بارانەکان کە دەڕژێنە نێو درزەکانی زەوییەوە بەرپرسن لە بوونی ئاوی ژێر زەوی، کە هەر ئەمەشە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەی پێ کراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍ بِهِ لَقَادِرُونَ﴾ ١٨ المؤمنون، واتە: "هەر ئێمە لە ئاسمانەوە بە ئەندازە و نەخشەیەکی دیاریکراو بارانمان باراندووە و ئینجا لە ناخی زەویدا جێگیرمان کردووە، بێگومان ئێمە بە جۆرەها شێوە دەتوانین ئەو ئاوە لە ناو بەرین و ئەو سەرچاوانە وشك بکەین".

سەرچاوە:

(1) Deming, D. (2005). Born to trouble: Bernard Palissy and the hydrologic cycle. Ground water, 43(6), 969-972.
(2) Karterakis, S. M., Karney, B. W., Singh, B., & Guergachi, A. (2007). The hydrologic cycle: a complex history with continuing pedagogical implications. Water Science and Technology: Water Supply, 7(1), 23-31
(3) Allaby, M. (2009). Oceans: a scientific history of oceans and marine life. Infobase Publishing

# چاکبوونەوە و شیفا لە هەناردا

**ئەو میوەیەی کە خوای گەورە تایبەتمەندی کردووە، بە دووبارە ناوهێنانی لە پاش ناوی میوە لە قورئاندا.**




د. محمد محمود شهیب
د. خالد حسین ابو زید
وەرگێڕان و پوختەکردنی:
سهام بەرزنجی


هەنار یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە خوای گەورە لە قورئاندا ناوی بردوون، لەو جۆرە بەرهەمانەیە ئارەزووی مرۆڤ دەکاتەوە بۆ خواردن، هەر لە کۆنەوە زانا و پزیشکە موسڵمانەکان گرنگییان پێداوە و لە تاقیکردنەوەکانیاندا سوودەکانی هەناریان سەلماندووە و لە کتێبەکانیاندا تۆماریان کردووە. هەنار هەندێك پێکهاتەی کیمیایی ڕووەکی تێدا دۆزراوەتەوە، کە لە تاقیگەکاندا لەسەر میکرۆبی هەندێ لە نەخۆشی و پەتاکان تاقی کراوەتەوە، سەلماندوویانە هەندێ مادده لە هەناردا هەیە کە لە توانایدایە ڕێگە لە میکرۆب و مشەخۆرەکانی هەندێ لە نەخۆشییەکان بگرێت و لە قۆناغە جیاوازەکانیدا لە ناویان ببات، بە نموونە (بەلهارزیا).

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە نێو سەدان جۆر لەو میوانەی کە مرۆڤ دەیانخوات ناوی ژمارەیەکی دیاریکراو میوەی بردووە، بەتایبەتر ناوی چەند میوەیەکی بردووە کە یەکێکیان هەنارە:

- ﴿ وَجَنَّٰتٍ مِّنۡ أَعۡنَابٖ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُشۡتَبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٍۗ ٱنظُرُوٓاْ إِلَىٰ ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَيَنۡعِهِۦٓۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمۡ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ٩٩ ﴾ الأنعام.
- ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَنشَأَ جَنَّٰتٖ مَّعۡرُوشَٰتٖ وَغَيۡرَ مَعۡرُوشَٰتٖ وَٱلنَّخۡلَ وَٱلزَّرۡعَ مُخۡتَلِفًا أُكُلُهُۥ وَٱلزَّيۡتُونَ وَٱلرُّمَّانَ مُتَشَٰبِهٗا وَغَيۡرَ مُتَشَٰبِهٖۚ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦٓ إِذَآ أَثۡمَرَ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ١٤١ ﴾ الأنعام.

هەروەها لەم ئایەتەدا وەك یەکێك لە میوە بەهەشتییەکان ناوی بردووە و دەفەرموێت: ﴿ فِيهِمَا فَٰكِهَةٞ وَنَخۡلٞ وَرُمَّانٞ ٦٨ ﴾ الرحمن، هەندێك زانایان یەك ڕاوبۆچوونیان هەیە سەبارەت بە ناوهێنانی (خورما و هەنار) لە پاش ناوهێنانی میوەکان لەم ئایەتە پیرۆزەدا، پێیان وایە بۆ فەزڵ و گەورەیی و پێگەی ئەم دوو میوەیە لە نێو میوەکاندا و هاندان و سەرنجڕاکێشانی خەڵکی بەهەشت دەگەڕێتەوە.

بە وردبوونەوە لە هەردوو ئایەتەکەی سورەتی (الانعام) دەبینین لە ئایەتی (141)دا ناوی خورما و چێنراوەکانی پێکەوە بەستۆتەوە، چونکە مەبەستی سەرەکی لێرەدا خواردنیانە، هەر ئەوەش هۆکاری چاندنیانە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەنار تایبەت کراوە و لەگەڵ زەیتوندا بەراورد کراوە، لە ئایەتی (99)شدا لەگەڵ زەیتون و تریدا بەراورد کراوە، چونکە بەروبوومی ئەم سێ ڕووەکە دەخورێن، بێگومان هەر یەک لەم سێ میوەیە ڕووی لێکچوون و لێکجیاوازیان لە جۆر و شێوە و تامیاندا هەیە، هەروەها لەگەڵ ڕووەکەکانی تریشدا لە ڕووی پێکهاتەی شەکر و ترشی و ڤیتامینەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕووی پێکهاتە کیمیاییە ڕووەکیەکانیەوە phytochemicals لە ڕووەکەکانی تر جیاوازن، هەر لەبەرئەم هۆکارەش بووە لە پزیشکی میللیدا بۆ چارەسەری چەندین نەخۆشی بەکارهێنراوە.

ڕووەکی هەنار بۆ جۆری punica دەگەڕێتەوە و تەنها دوو جۆری هەیە، یەکێکیان بەرداره و بەرهەمەکەی هەنارە (punica granat um)ە، ئەویتریشیان بێ بەرهەمە و تەنها بۆ جوانی گوڵەکانی و ڕازاندنەوە دەروێندرێت. درەختی هەنار مام ناوەندە و بەرزییەکەی لە نێوان 5-6 مەتردایە، هەنار لە درەختە تەمەن دارەکانە و هەر لە ساڵی یەکەمیەوە تا دەگاتە پانزە ساڵی بەرهەمی هەیە. هەندێک جار گەڵاکانی هەمیشەییە و ناوەڕێت، جاری تریش هەیە لە جێی گەڵا وەریوەکانە وە سەر لە نوێ گەڵا دەردەکاتەوە، لق و پۆپەکانی لار و هەڵواسراون و سەرچڵەکانی دڕکی پێوەیە.

شوێن و نیشتمانی ڕەسەنی هەنار وڵاتی (فارس و ناوەڕاستی ئاسیایە) تا دەگاتەوە چیاکانی (هیمالایا) لە باکووری (هیندستان)، هەر لە کۆنەوە لە ناوچەی دەریای ناوەڕاست و لە باشووری دوورگەی عەرەبی چێندراوە و لە ڕێگەی موسڵمانانەوە گوازتراوەتەوە بۆ (ئیسپانیا)، لە ئێستادا (ئیسپانیا) لە ڕواندنی هەناردا زۆر بەناوبانگە و لەوێوە گوازراوەتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[1].

بەرهەمی هەنار (80%)ی شلەمەنییە و لە (20%)ی دەنکە. (85%)ی شلەمەنییەکەی لە ئاو پێکدێت، (10%)شی شەکرە، (5%)یشی لە (بکتین و ترشی ستریک و ئەسکۆربیک و ڤیتامینەکان) و زۆرێک لە کانزا و پێکهاتەکانی (پۆلیفینۆل بە نموونە (ئەنسۆسیانین و تانینات) پێک دێت.

لە دەنکەکانیدا ڕێژەیەک چەوری هەیە 7%-9، توێکڵی دەرەوە و توێکڵی لاسکەکانی درەختەکە و ڕەگەکانی کۆمەڵێک ماددەی کیمیایی ڕووەکیی تێدایە کە کاریگەری پزیشکیيان هەیە[2].

**بەکارهێنانی هەنار لە بواری پزیشکی میللیدا:**

هەنار لە چارەسەرکردنی زۆر نەخۆشیدا بەکارهاتووە، وەک: برین، هەوکردنی قوڕگ، کرمی شریتی، دیزانتری ئەمیبی، نەخۆشیەکانی پووک، بۆ ڕاگرتنی خوێن بەربوون، دابەزاندنی پلەی گەرمی و تای زۆر بەرز و چارەسەری مایەسیری بەکارهاتووە، هەروەها بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی گەدە، بە تایبەت برینی گەدە و خۆپاراستن لێی و چارەسەری نەخۆشیەکانی پێست و گەڕی بەکار دێت[3].

**گرنگترین و نوێترین بەکارهێنانەکانی هەنار لە بواری پزیشکیدا و کاریگەرییەکانی:**

- بەکارهێنانی دژی ژەهراوی بوون (دژە ئۆکسانە)، کە هۆکارە بۆ ڕاگرتنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، وەک شێوان و تێکچوونەکانی تایبەت بە مێشک کە پەیوەستن بە چوونە نێو تەمەن و پیربوون و تووشبوون بە شێرپەنجە و ڕەقبوونی دەمارەکان و نەخۆشیەکانی دڵ[5-4].
- نەخۆشییەکانی پەیوەست بە دڵ و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن[6].
- دژی خانە شێرپەنجەییەکانە لە مرۆڤدا (شێرپەنجەی مەمک، قۆڵۆن، پرۆستات و پێست.

ڕێگەگرتن لە شوێنەوارە لاوەکیەکانی دەرمانەکانی دژە شێر پەنجە، وەک (سیسبلاتین) کە کاریگەری لاوەکی لەسەر گورچیلە و جگەر هەیە.

- گوڵی هەنار ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی لەناوچوون و لەکارکەوتنی دڵ کەم دەکاتەوە، لەو نەخۆشانەی کە بە دەست نەخۆشی شەکرەوە لە جۆری (2)وە دەناڵێنن (وەک بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکر) و چەوری خوێن.
- ڕێککردن وچاککردنی کرداری مێشک و پارێزگاریکردنی.
- پارێزگاریکردن لە پوک و تەندروستی پووک.
- پێکهاتەی توێکڵی میوەکە یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی (پرۆکۆلاجین) کە دەبێتە هۆی پاراستنی جوانی پێست و ڕێگە دەگرێت لە وشکبوونەوە و تێکچوونی.
- یارمەتی دروستبوونی ئێسک وکرکراگەکان دەدات.
- چارەسەری لاوازبوون و لەناوچوونی ماسولکەکان دەکات.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (الإعجاز العلمي) ژمارە (47)، بابەتی (الشفاء في الرمان فاكهة خصها الله بالذكر في القرآن الكريم).**

**لە سەرچاوەکانی نووسەر:**


1.Morton JF (1987).Pomegranate, Punica Granatum I-Fruits of Warm Climatters.Purdue New Gropes Profile ppS52-5.

2.Schubert SY, Lansky EP, Neemman I (1999). "Antintoxidant and cicosanoid enzyme inhabitation properties of pomegranate seed oil and fermented juice flavonoids". J Ethnopharmacol 66: 11-17

3. HaughtN, A Pomegranate for all religions, Retrieved 20133-7-. http://www.beliefnet.com/News/200511//A-Pomegranate-For-All-Religions.aspx?p=2

4. Mena P, Girones-Vilapana G, Moreno DA, Viguera CG (2011). Pomegranate fruit for health promotion: myth and realities, Functional Plant Sci Biotech, 5:3342-.

5. Fawole OA, Makunga NP, Opara UL (2012). Antibacterial, antioxidant and tyrosinase-inhibition activities of pomegranate fruit peel methanolic extract, BMC Complementary and Alternative Medicine, 12: 200-225.

6. Aviram M, Dornfeld L, Kaplan M, Coleman R, Gaitini D, Nitecki S, et al, (2012). Pomegranate juice flavonoids inhibit low-density lipoprotein oxidation and cardiovascular diseases: studies in atherosclerotic mice and in humans. Drugs ExpClin Res. 28:4962-.

# تێڕامانێك له مرۆڤ

## لەژێر ڕۆشنایی ئایەتی ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾

ن: د. كاوه فەرەج سەعدون/ پسپۆڕی نەخۆشییەكانی سنگ و هەناسەدان kawasadoon@haiv.org

پـەروەردگار بـە بەردەوامـی داوا لـە مرۆڤـەكان دەكات كـە لـە پێكهاتـەی جەسـتەی خۆیـان بڕوانـن بـۆ ئـەوەی بـە ڕوونیـی شوێنەواری دەسـەڵاتی خودایان بۆ دەركەوێت و بگەنـە باوەڕی تـەواو بە بوونـی دروسـتكەرێكی بـە توانـا و زانـا و دانـا كـە ئـەم وردەكارییـەی لـە دروسـتكردنی مـرۆڤ و سـەرجەم پێكهاتەكانـی ئاسـمان و زەوی فەراهـەم هێنـاوە.
پـەروەردگار دەفەرموێـت: ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾ الذاريـات، واتـە: (لـە خـودی خۆشـتاندا (بەڵگـەی زۆر هەیـە) دەی ئایـا بـۆ ورد نابنـەوە و سـەرنج نـادەن)، هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿ سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلـت، واتـە: (ئێمـە لـە ئاینـدەدا بەڵگـە و نیشـانەی سەرسـوڕهێنەریان نیشـان دەدەیـن لـە ئاسـۆكانی بوونـەوەر و لـە خـودی جەسـتەی خۆشـیاندا، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی تـا چـاك بۆیـان ڕوون ببێتـەوە و دڵنیـا ببـن كـە دەسـەڵاتی پـەروەردگار و قورئانـە نێردراوەكـەی حـەق و ڕاسـت و ڕەوایـە، ئایـا پـەروەردگارت بـەس نییـە كـە بـە ڕاسـتی ئـاگاداره بەسـەر هەمـوو شـتێكدا).
چەندین بەڵگەی ئاشكرا لەسـەر گەورەیی دەسـەڵاتی پەروەردگار بـە بەردەوامیـی لەبەرچاومانـدان بـەڵام لەبـەر زۆر نزیكییـان لێمـان هەسـتی پێناكەیـن، بـۆ نموونـە مرۆڤـ شـەوانە دەخەوێت بـەڵام دڵـی بـە بەردەوامـی لێـدەدات و، هەناسـەدانی بەردەوامـە، بـە قووڵیـی دەخەوێـت بـەڵام سیسـتمی هـەرس و گورچیلـەكان بە تۆكمەیی كاری خۆیان دەكەن. ئەگەر سیستمی هەناسەدان و دڵ و سـووڕانی خوێـن و هـەرس و گورچیلـەكان كۆنتـرۆڵـی بـە ویسـتی خۆمـان بووایـە كـەس نەیدەتوانـی بـۆ تەنهـا چركەیەكیـش بخەوێت. كاری ئەو سیستمانە خۆنەویستە و لەژێر كۆنترۆڵـی ویسـتی مرۆڤـدا نییـە، كـە زۆر سەسـوڕهێنەرانە و بـە وردیـی كاری خۆیـان دەكـەن، ئەویـش بەهـۆی بوونـی چەندیـن سـەنتەری تایبەتمەنـدی خۆنەویسـت بـۆ كۆنتـرۆڵـی لێدانـی دڵ و كـرداری هەناسـەدان و هـەرس كـردن و كاری كوێـرە ڕژێنـەكان و جگـەر و پەنكریـاس و ڕاگرتنـی هاوسـەنگی گەرمـی لـەش و شـلەكان و چەندیـن كـرداری تریـش كـە هیچمـان هەسـتی پێناكەیـن و لەژێـر كۆنترۆڵمانـدا نییـە بـەڵام زۆر بـە وردیـی بەڕێـوە دەچـن.
بـە یارمەتـی پـەروەردگار لـە زنجیـرە نووسـینێكدا هەوڵدەدەیـن پـەردە هەڵماڵیـن لەسـەر نهێنـی هەندێـك لـە كارە ورد و ناوازەكانـی سیسـتمەكانی لەشـی مـرۆڤ بـە مەبەسـتی دەرخسـتنی گەورەیـی دەسـەڵاتی ئـەو پـەروەردگارەی ئـەم سیسـتمە سەرسـوڕهێنەرانەی بەدیهێنـاوە و هـەر ئەویشـە كـە ڕاگـری وردەكاریـی پێكهاتـەی دروسـتكراوەكانە لـە ئاسـمان و زەویـدا: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنۡ أَمۡسَكَهُمَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ﴿٤١﴾ ﴾ فاطـر، واتـە: (بـە ڕاسـتی خـوا ئاسـمانەكان و زەوی ڕاگیـردەكات بـۆ ئـەوەی لـە ڕێـڕەوی خۆیـان لانـەدەن و تیانەچـن بـە ڕاسـتی ئەگـەر لـە ڕێـڕەوی خۆیـان لابـدەن كـێ هەیـە جگـە لـە خـوا ڕاگیـری بـكات بێگومـان ئـەو خوایـە لەسـەرخۆی لێبوردەیـە).
لـەم بەشـەدا باسـی سیسـتمی هەناسـەدان لـە مرۆڤـدا دەكەیـن. كاری سـەرەكی سیسـتمی هەناسـەدان بریتییـە لـە دەسـتەبەر كردنـی گازی ئۆكسـجین لـە هـەواوە بـۆ هەمـوو خانەكانـی لەش و ڕزگاركردنـی ئـەم خانانـە لـە گازی دووەم ئۆكسـیدی كاربـۆن.



ئۆکسجین توخمـی سـەرەکی ئەنجامدانـی کـرداری سووتاندنی مـاددە خۆراکیـەکان و دەرپەڕاندنـی وزەیـە لێیانـەوە بـۆ چالاکییەکانـی لـەش کـە لـە ئەنجامـدا گازی دووەم ئۆکسـیدی کاربـۆن پەیدادەبێـت. پێکهاتەکانـی سیسـتمی هەناسـەدان ئۆکسجین لـە هـەواوە وەردەگـرن و پاشـان لـە ڕێـی خوێنـەوە دەیگەیەننـە هەمـوو خانەکانـی لـەش و، دواتـر کـە خوێنەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆئەندامـی هەناسـە، دووەم ئۆکسـیدی کاربـۆن لەخانەکانـەوە لەگـەڵ خـۆی دەهێنێتـەوە بۆ سیسـتمی هەناسـە و ئەمیـش دەیکاتـە دەرەوە لـە لـەش بـۆ نـاو هـەوا.




لەبەرئـەوەی لـەش ناتوانێت گازی ئۆکسجین لە نـاو شانەکانیدا هەڵگرێـت، بۆیـە گرنگـە کـە بـەردەوام لـە ڕێـی هەناسـەدانەوە ئـەم گازەی بـۆ دەسـتەبەر بکرێـت، چونکـە دابڕانـی شـانەکانی لـەش لـە ئۆکسـجین بـۆ مـاوەی 3 خولـەك دەبێتـە هـۆی مردنـی، لـە کاتێکدا مـرۆڤ بەبـێ خـۆراك زیاتـر لـە 3 هەفتـە دەتوانێـت بـژی و بـە بـێ ئـاو چەنـد ڕۆژێـك دەژی. لەگەڵ ئـەم فرمانـە سـەرەکییەی سیسـتمی هەناسـەدان بـە 2 فرمانـی تریـش هەڵدەسـتێت: یەکەمیـان بریتیـە لـە بەکارهێنانـی ئـەو هەوایـەی لـە سـییەکانەوە دەردەچێـت بـۆ دروسـتکردنی دەنـگ، ئەویـش بـە ڕۆیشـتنی بەنـاو دەنگەژێکانـی قوڕقوڕاگـە و دەم و لووتـدا، دووەمیـان بریتییـە لـە ناسـینەوەی ئـەو بۆنانـەی لەسـەرچاوە جیاوازەکانـی دەوروبـەرەوە دەردەچـن بەهـۆی وەرگرەکانـی بۆنـەوە کـە دەکەونـە سـەقفی لووتـەوە.

ئـەم کردارانـە ڕێژەیەکـی مـەزن لـە زانیاریـی لـەلای مرۆڤ کۆدەکاتـەوە، یەکـەم دەربـارەی پێکهاتـەی بەرگەهـەوا و ئـەو گازانـەی کـە پێکهێنەریـن، دووەم دەربارەی خانەکانـی جەسـتە و ئـەو زینـدە کردارانـەی تێیانـدا ڕوودەدات و پێویسـتییەکانی لـە ئۆکسـجین و ئـەو گازانـەی خانـەکان دروسـتی دەکـەن. لێـرەدا پێویسـتە ئـەو بەدیهێنـەرەی ئـەم وردەکارییـەی فەراهـەم هێنـاوە بـە شـێوەیەکی زۆر ورد حیسـابی بـڕی ئـەو ئۆکسـجینە بـکات کـە لـەش لـە هەمـوو چرکەیەکـدا پێویسـتێتی و هەروەهـا بـڕی ئـەو دووەم ئۆکسـیدی کاربۆنـەی کـە خانـەکان دروسـتی دەکـەن، ئەمـەش بـە مەبەسـتی دیاریکردنـی پێوانـەی بەشـەکانی ئـەو سیسـتمی هەناسـەدانەی دروسـتی دەکات بۆ مرۆڤ بەشێوەیەك کە بتوانێـت بـە وردی ئـەو بڕە ئۆکسـجینە دەسـتبخات لە هەواوە کە باسـمان کـرد و هەروەهـا ئـەو گازی دووەم ئۆکسـیدی کاربۆنـەش بکاتـە دەرەوە کـە بەرهەمدەهێنرێت لەلایەن خانەکانی لەشـەوە. ئـەم بەدیهێنـەرە بـۆ ئـەوەی بتوانێـت ڕووبـەری گشـتی نـاوەوەی توورەکەکانـی هـەوا کـە پێویسـتە بـۆ هەمـوو مرۆڤێـك لـە سـییەکاندا دیـاری بـکات، دەبێـت بەشـە پەسـتانی ئۆکسـجین و دووەم ئۆکسـیدی کاربـۆن لـەو هەوایـەی دەچێتـە نـاو سـییەکان و لـە خوێنیشـدا بـە وردیـی بزانێـت، بۆ ئـەوەی ڕێـژەی ئاڵوگۆڕکێی ئـەم گازانـە لـە نێـوان هـەوای دەرەوە و خوێنـدا لـە ڕێـی دیـواری خانەکانـی تورەکەکانـی هـەوا لـە نـاو سـییەکاندا دیاری بکرێـت. هەروەهـا دەبێـت ئـەم بەدیهێنـەرە دیـواری خانەکانـی توورەکەکانـی هـەوا و دیـواری موولوولەکانـی خوێـن بـە جۆرێـك و ئەسـتوورییەکی زۆر ورد دیزایـن بـکات بەشـێوەیەك کـە ئۆکسـجین و دووەم ئۆکسـیدی کاربـۆن سەربەسـتانە و بـە ڕێـژەی پێویسـت بتوانـن هاتووچـۆ بکـەن لـەم نێوەنـدەدا. ئـەو پێوەرانـەی کـە باسمانکردن ئەگـەر داوا لـە زیرەکترین زانایانی ئـەم سـەردەمە بکرێـت کـە دیاری بکـەن بـە شـێوەیەکی تیۆری بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی سیسـتمێکی هەناسـەدانی گونجاو بۆ هـەر کەسـێك ئـەوا بێگومـان دەستەوەسـان دەبـن لـە بەرامبـەر ئەمـەدا، ئیتـر چـۆن مرۆڤێکـی ژیـر باوەڕدەهێنێـت کـە دیزاینـی سیسـتمی هەناسـەدان لـە مرۆڤـدا (کـە ئـەو پـەڕی ئاڵۆزیـی و وردەکاریـی و توانـای تێدایە) بـە ڕێکـەوت و لەخۆیـەوە بووبێت، لـە کاتێکدا کە بەهێزترین ژیرییەکانـی ئـەم سـەردەمە نەتوانن ئـەم کارە بکـەن.

هیـوادارم خوێنـەر دوای ئـەم ڕوونکردنـەوە کورتـەی دەربـارەی پێکهاتەکانـی سیسـتمی هەناسـەدان باسـی دەکەیـن بـە ڕوونـی بـۆی دەرکەوێـت کـە لـە هەمـوو بەشـێکی سیسـتمی هەناسـەداندا چەندین موعجیزە و بەڵگە هەیە لە ڕووی دیزاینی پێکهاتەکانی و توانـای لـە ڕاددە بەدەریـان بـۆ ئەنجامدانـی ئـەو کردارانـەی پێیان سـپێردراوە، کـە دەیسـەلمێنن لەلایـەن دروسـتکەرێکی بێهاوتـا و بەدەسـەڵات و زانـا و دانـاوە دروسـتکراوە: ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحۡسَنَ كُلَّ شَىۡءٍ خَلَقَهُۥ ۝٧ ﴾ السجدة، واتـە: (زاتێکـە هەمـوو شـتێکی بـە جوانتریـن شـێوە دروسـتکردووە).

سیسـتمی هەناسـەدان لـە 6 بەشـی سـەرەکی پێکدێـت: لـووت، دەم، قـوڕگ، قوڕقوڕاگـە، بـۆڕی هـەوا و هـەردوو سـییەکان. لـووت بریتییـە لـە یەکـەم وێسـتگەی سیسـتمی هەناسـە، خاوەنـی دیزاینێکـی سەرسـوڕهێنەرە بـە جۆرێـك کـە بتوانێـت هـەر 3

فرمانەکەی سیستمی هەناسە جێبەجێبکات، بەشی دواوەی ئێسکییە و پێشەوەی کرکڕاگەییە، ئەمە یارمەتی ئەوە دەدات کە مرۆڤ بە دەست بتوانێت پێشەوەی بگوشێت بۆ دەرهێنانی دەردراوەکان یان لووتی دابخات بە مەبەستی ڕێگریکردن لە هەڵمژینی ماددەی زیانبەخش یان بۆنی ناخۆش. کونە لووتەکان کاریان بردنە ناوەوەی هەوایە بۆ ناو بۆشایی لووت، ئەگەر ئەم پێکهاتەیە بە ڕێکەوت دروستبووایە ئەوەندە بەس بوو کە تەنها دوو کون بن بۆ بردنە ناوەوەی هەوا لە دەم و چاودا، بەڵام لەبەر ئەوەی دیزاینەرەکەی پەروەردگارە دەبینین لایەنی جوانییەکەشی فەرامۆش نەکردووە کە بەم شێوەیە دەرپەڕیوە و چەندین جۆراوجۆری هەیە کە دەبێتەهۆی دروستبوونی هەمەڕەنگی لە ڕوخساری مرۆڤەکاندا.



پێکهاتەکانی سیستمی هەناسەدان

بۆشایی ناو لووت بە چەند دیوارێکی ئێسکی تەنک دابەشبووە و، بەناوپۆشێکی تەنک لە خانە داپۆشراون و توێژاڵێك دەردراویشی لەسەرە، هەروەها پڕە لە موولوولەکانی خوێن کە کاردەکەن بۆ ساردکردنەوە یان گەرمکردنەوەی ئەو هەوایەی دەچێت بۆ سییەکان لەگەڵ شێدار کردنی. لەسەر بەشی پێشەوە ناوپۆشی لووت تووك هەیە، کە وەك تۆڕێك هەڵدەستن بە گلدانەوەی تەنۆلکە گەورەکان و تەپوتۆز لەو هەوایەی دەچێتە لووتەوە. هەروەها بوونی گەندەموو لەسەر ناوپۆشی بەشی دواوەی لووت لەگەڵ ئەو توێژاڵە تەنکە لەشلەمەنی لەسەریان، ئەمانیش دەبنەهۆی گلدانەوەی تەنۆلکە وردەکانی ناو هەوا و پاشان جووڵەی ئەم گەندەموانە بەرەو قورگە بۆ فڕێدانە دەرەوەی لە ڕێی دەمەوە، جۆگەکانی فرمێسکیش کە لە چاوەکانەوە دێن لە بەشی سەرەوەی لووتدا دەکرێنەوە.

لە تەنیشتەکانی لووتدا و لە ناو ئێسکی کەللەی سەردا چوار جووت گیرفانی هەوایی هەن کە لە ناو لووتدا دەکرێنەوە و کاریان شێدارکردنی لووتە بە دەردراوەکانیان، هەروەها دەبنەهۆی سووککردنی کێشی کەللەی سەر لە مرۆڤدا و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە باشترکردنی کوالیتی دەنگ لە مرۆڤدا وەك بۆشاییەکی دەنگدانەوە (Resonant Cavities).

لە سەقفی لووتیشدا 2 پارچە ناوپۆشی تایبەت هەیە کە هەریەکێکیان نزیکەی 5 ملیۆن خانەی وەرگری بۆن (Olfactory receptors)یان تێدایە کە بەکاردێن بۆ بۆنکردن و ناسینەوەی بۆنە جیاوازەکان.

فرمانی سەرەکی بۆشایی لووت بریتییە لە ڕێگریکردن لە چوونە ناوەوەی ڕاستەوخۆی هەوا لە بەرگەهەواوە بۆ ناو سییەکان کە لێرەدا پلەی گەرمی هەواکە وەك پلەی گەرمی لەشی لێدەکرێت، چونکە هەوای زۆر سارد یان زۆر گەرم دەبێتەهۆی فەوتاندنی خانەکانی ناوپۆشی تۆڕەکانی هەوا لە سییەکاندا، هەروەها هەواکە شێداریش دەکرێت بۆ ئەوەی نەبێتەهۆی وشکردنەوەی ناوپۆشی سیستمی هەناسە. هەر لە لووتدا هەواکە بەسەر خانە هەستیارەکانی بۆن لە سەقفی لووتدا دەبرێت بە مەبەستی ناسینەوەی بۆنەکان. لەلایەکی تریشەوە مووەکان و گەندەمووەکانی لووت لەگەڵ ئەو توێژاڵە شلەمەنییەی لەسەریانە دەبنەهۆی پاڵفتەکردنی هەواکە لەو تەنۆلکە گەورە و وردانەی هەڵیدەگرن، کە ئەگەر ئەم میکانیزمە نەبووایە سییەکان هەر زوو دەفەوتان بەهۆی کەڵەکەبوونی پیسی و تەپوتۆز لە ناویاندا. هەروەها لووت و گیرفانە هەواییەکانی دەوروبەری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە باشترکردنی کوالیتی دەنگەکان کە لە دەمەوە دێنە دەرەوە. مرۆڤەکان بە بوونی ئەو زیرییەی هەیانە هێشتا هەموو فرمانەکانی لووتی مرۆڤیان بۆ دەرنەکەوتووە و تەنها دوای چەندین لێکۆڵینەوەی دووروودرێژ و ورد ئەوسا درکیان بەم فرمانانەی کردووە، چ جای بتوانن پێکهاتەیەکی وەك لووت دروست بکەن! ئیتر چۆن مرۆڤێکی ژیر کە ڕێز لە زانست و ژیریی خۆی بگرێت باوەڕ بەوە دەکات کە ئەم دروستکراوە ناوازەیە لەخۆیەوە و بەڕێکەوت هاتووەتە بوون و تەصمیم کراوە!!!

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ الطور، واتە: (ئایا ئەوان بێ دروستکارێك لەخۆیانەوە دروست بوون؟ یان خۆیان دروستکاری خۆیانن؟ ئەی ئایا ئەوان ئاسمانەکان و زەوییان دروست کردووە؟ (نەخێر وانییە) بەڵکو دڵنیانین و گومانیان هەیە).

پێکهاتەی لووت


لە دوای لووت قورگ (Pharynx or Throat) دێت، کە بریتییە لە ڕێڕەوێکی هاوبەش لە نێوان دەم و لووتدا و، لە بۆرییەکی ماسولکەیی پێکدێت کە درێژییەکەی 13 سانتیمەترە. لە ناو قورگدا 7 دەرچە دەکرێتەوە کە بریتین لە دەرچەکانی دەم و دوو دەرچەی دواوەی لووت و دوو جۆگەلەی ئۆستاکی کە لە هەردوو گوێی ناوەڕاستەوە دێن و دەرچەی سەرەوەی قورقوراگە (Larynx). قورگ بۆ 3 بەش دابەش دەبێت: بەشی لووتیی قورگ، خانە ناوپۆشەکانی بە گەندەموو داپۆشراون کە ئاراستەیان بەرەو قورگ و دەم دەجووڵێت بۆ گەیاندنی دەردراوەکانی لووت بۆ قورگ و دوایی بۆ دەم، هەر لەم بەشەدا جۆگە ئۆستاکیەکان دەکرێنەوە کە فرمانیان ڕاگرتنی پەستانی هەوایە لە گوێی ناوەوەدا. بەشی دەمیی قورگ ڕێڕەوێکی هاوبەشە بۆ خۆراك و هەوا و، جووت لەوزەتەینی تێدایە کە ئەم بەشەی قورگ لە دەم جیادەکرێتەوە بەهۆی زمانە بچکۆلەوە (Uvula) کە لە کاتی جووینی خۆراکدا ئەم زمانە بچکۆلەیە دواوەی دەم دادەخات بە مەبەستی هێڵانەوەی ڕێڕەوی هەوا بۆ ناو قورقوراگە و بۆری هەوا و بەردەوام بوونی هەناسەدان لە کاتی جووینی خۆراکدا، هەر ئەم زمانە بچکۆلەیە دەرچەی لووتی قورگ دەگرێت لە کاتی قووتدانی پارووداا بۆ ئەوەی خۆراك نەگەڕێتەوە بۆ ناو بۆشایی لووت. بەشی قورقوراگەیی قورگ بەشی خوارەوەی قورگە کە ئەمیش جیادەبێتەوە بۆ 2 بەش کە بەشێکیان دەچێتە ناو بۆری خۆراك (سورێنچك) و بەشەکەی تر بۆ ناو قورقوراگە و لە نێوانیاندا دەرگایەك هەیە کە ئۆتۆماتیکی کۆنترۆڵ کار دەکات لە نێوان قورقوراگە و بۆری هەوا لەلایەك و بۆری خۆراکدا لەلایەکی تر کە پێیدەوترێت زمانەی قورقوراگە (لسان المزمار Epiglottis)، ئەم بەشەی قورگ بریتییە لە ڕێڕەوێکی هاوبەش لە نێوان ئەو خۆراکەی لە دەمەوە دێت بۆ بۆری خۆراك و ئەو هەوایەی لە لووتەوە دێت بۆ بۆری هەوا. زمانی قورقوراگە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵدەستێت بە داخستنی ڕێڕەوی هەناسە لە قورقوراگەدا کاتێك مرۆڤ هەڵدەستێت بە قوتدانی خۆراك، ئەویش بەمەبەستی ڕێگریکردن لە چوونی ئەو خۆراکە بۆ ناو ڕێڕەوی هەناسە. حیکمەت و میهرەبانی پەروەردگار لە دیزاینی ئەم ڕێڕەوە هاوبەشەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت، چونکە 2 ئامانجی زۆر گرنگ بەدیدەهێنێت: یەکەم ئەوەیە کە دەتوانرێت لە کاتی پێویستیدا دەم وەك ڕێڕەوی هەوا بەکاربهێنرێت لە حیاتی لووت لە کرداری هەناسەداندا، ئەویش کاتێك مرۆڤ تووشی هەڵامەت و ئینفلونزا دەبێت لووتی دەگیرێت بەهۆی کەڵەکە بوونی دەردراوەکان تێیدا، لەم کاتەدا دەم ڕۆڵی لووت دەبینێت لە گەیاندنی هەوا بۆ ناو بۆری هەوا و سییەکان. دووەمیش بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو هەوایەی لە سییەکانەوە دەردەچێت بۆ کرداری دروست کردنی دەنگ کە لە دەنگژێکانی ناو قورقوراگەوە دروستدەکرێت و دواتر بەناو پێکهاتەکانی دەمدا دەڕوات بۆ بەرهەمهێنانی ئەو قسانەی لە دەمەوە دەردەچێت. هەروەها قورگ فرمانێکی لاوەکیشی هەیە کە وەك بۆشاییەکی دەنگدانەوە کاردەکات بۆ بەهێز کردن و پاڵفتە کردنی هەندێك لەو لەرە دەنگیانەی کە دەنگەژێکان بەرهەمی دێنن کە دەبێتە هۆی باشترکردن و خۆشتر کردنی جۆری ئەو دەنگانەی لە دەمەوە دێنە دەرەوە.




بەیەکگەیشتنی لووت و دەم لە قورگدا

دەرکەوتنی ئەم وردەکارییە گەورانە لە دروستکردنی پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤدا بە ئاشکرا شایەتی دەدات لەسەر ئەوەی کە بەرهەمی دروستکەرێکی زانا و دانا و بەدەسەڵاتە کە ئاگاداری هەموو نهێنییەکانە و پەروەردگاری هەموو دروستکراوەکان و ڕاگری ئەم وردەکارییە گەورەیەیە: ﴿ صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾ النمل، واتە: (ئەمە دروستکراوی ئەو خوایەیە کە هەموو شتێکی بەوپەڕی ڕێکوپێکی دروستکردووە بە ڕاستی خوا ئاگادارە بە هەر کردەوەیەك ئێوە دەیکەن). هەروەها پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ هَٰذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ ۚ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ﴿١١﴾ ﴾ لقمان، واتە: (ئەمە دروستکراوی خوایە دەی نیشانم بدەن ئەوانەی بێجگە لە خودا چییان دروستکردووە (هیچیان دروست نەکردووە) بەڵکو ستەمکاران لە گومڕاییەکی ئاشکرادان)، ﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾ ﴾ القمر، واتە: (بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە ئەندازە دروستکردووە).

سەرچاوەکان:

- پوختەی تەفسیری قورئان- م. محمد ملا صالح بامۆکی.
- وفي أنفسكم أفلا تبصرون - الجهاز التنفسي- الدكتور منصور العبادي - سايتي (موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة).
- إعجاز الله تعالى في خلق جسم الإنسان- محاضرة لفضيلة الدكتور محمد راتب النابلسي.
- Davidson's principles & practice of msdicine – 22nd Edition- 2014.
- Textbook of Medical physiology- Guyton & Hall- 11th Edition- 2006.



# بازنەی ویلس

ن: د. بەهێز محمد صالح محمود bahezmuhammed@haiv.org

لە ژمارە 44 ی پێشووی گۆڤاری هەیڤدا باسی خوێنبەری سوباتی و فەقەریمان کرد، کە لە بەشی پێشەوە و پشتەوە خوێنی تەواو بۆ مێشك دابین دەکەن، باسی ئەو دیزاینە رێکەمان کرد کە بە چ حیکمەتێکی خودایی ئەم خوێنبەرە لولی خواردووە و بۆچی بەو شێوە ناوازەیە دروستکراوە، لەم ژمارەیەشدا باسی یەکگرتنی ئەم خوێنبەرانە لە بنکی مێشکدا دەکەین، ئەم دوو خوێنبەرە کاتێك دەگەنە بنکی مێشك (لەو شوێنەی قەدی مێشك تەواو دەبێت) یەك دەگرن و بازنەیەك بە ناوی بازنەی (ویلس) دروست دەکەن، کە (ویلس) زانایەکی توێکاری ئینگلیزە و ئەم بازنەیەی دۆزیوەتەوە، (ئەم بازنەیە لە ئەندازەیەکی ئاڵۆز پێکهاتووە کە چەمانەوەی هەریەکێکیان بە گۆشەیەکی زۆر ورد دانراوە).




وێنەی بازنەی (ویلس) چەمانەوەی هەر یەکەیان بە ئەندازەیەکی ورد

با بزانین سوودی ئەم بازنەیە چییە و ئەگەر نەبوایە چی رووی دەدا؟ یاخود بۆ تەنها لە بنکی مێشکدا هەیە و لە شوێنەکانی دیکەی لاشەدا نییە؟

**گرنگی ئەم بازنەیە:**

زانایان دەریانخست ئەم بازنەیە (کە لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی لقەکانی خوێنبەری سوباتی و فەقەری دروست دەبێت) بە شێوەیەکی یەکجار رێکوپێك و هەستیار دروستکراوە، لەبەر ئەم هۆیانە ژیانی مرۆڤ پێیەوە بەندە:

1- بەهۆی ئەم بازنەیەوە کە لە شێوەی شەشلایەك polygon پێکهاتووە، شەش دەماری پێوە بەندە و لە چەند لایەکەوە خوێن بۆ مێشك دەنێرن و چەندین لقی لێ دەبێتەوە.

ئەگەر ئەم خوێنبەرانە راستەوخۆ و بە بێ ئەم بازنەیە، بچونایەتە ناو مێشکەوە لقی تری لێ نەبوایەتەوە، لە کاتی زیان گەیشتن یاخود گیرانی هەریەکێکیان، دەبووە لە دەستدانی بە شێکی گەورەی مێشك، وەك لە کتێبە زانستییە پزیشکییەکانیشدا هاتووە مێشك بە گرنگترین ئۆرگان دادەنرێت و لە 20% خوێنی دڵی بۆ دەچێت، بۆیە ئەم بازنەیە سووری خوێنی collateral واتە هاوتەریب دروست دەکات. لەبەرئەوە بەهۆی ئەم بازنەیەوە هەر کاتێك زیان بەر لقێك کەوت یان تووشی گیرانێك هات، لە لقەکەی ترەوە خوێن بۆ مێشك دەڕوات و لە کار ناوەستێت.




وێنەی بازنەی (ویلس) بە رەنگی زەرد

2- لە لایەکی ترەوە لە دەرەوەی مێشك ئەگەر لە یەکێك لە خوێنبەرە گەورەکانەوە کە (سوباتی) و (فەقەریە) ئەگەر بەهۆی هەر رووداوێکەوە ببڕێت یاخود بگیرێت، خوێن ناردن بۆ مێشك کەم ناکات، چونکە لە سێ لاکەی دیکە خوێن بەهۆی بازنەکەوە دابین دەبێت و مرۆڤەکە ژیانی ئاسایی دەبێت، چەندین حاڵەتیش لە نەخۆشخانە فریاکەوتنەکان لەسەر ئەم راستییە تۆمار کراوە. لەبەرئەوە لە هەندێك کتێبە زانستییەکان ئەم بازنەیە بە ترافیك traffic ناودەبرێت، چونکە وەك بازنەیەکی هاتوچۆ کاری خوێن ناردن بەردەوام دابەش و رێك دەخات.




ئەم بازنەیە لە شێوەی (ترافیك) بە هەموو ئاڕاستەکان خوێن دابەش دەکات.

3- لەبەرئەوەی ئەم بازنەیە بە تەرازویەکی ڕێك دروست کراوە و بەستراوەتەوە بە بەشە گەورەکانی مێشکەوە و سەلامەتی مێشك پێیەوە بەندە و دابەشبوونی خوێن لێرەوە دەست پێ دەکات، لە شوێنێکی زۆر مەحکەم و پارێزراودا لە بنکی مێشك دانراوە. چونکە ئەگەر لە لای سەرووی مێشك یان لاتەنیشتەکان خوێنبەرەکان یەکیان بگرتایە و بازنەکە لەوێدا دروست ببوایە کە زەبریان زۆر بەردەکەوێت، بە ئاسانی بەردەکەوت و دەتەقی و دەبووە خوێن بەربوون، بۆیە ژیان ئەستەم دەبوو، یان هەر جوولەیەکی مرۆڤ زیانی گەورەی بەردەکەوت، بۆیە لە ڕووداوە بە هێزەکاندا ئەم بازنەیە پارێزراوە.



وێنەی بازنەی (ویلس) لە بنکی مێشکدا

ئەمەش دەبێتە یەکێکی تر لە کارزانییەکانی پەروەردگار کە ئاگاداری هەموو پێویستی دروستکراوەکانییەتی و لە بەزەیی خۆی لەو پەڕی دیزاینی دروستدا بنیاتی ناون و بۆکاری خۆیان ڕێنمایی کردوون، خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ۝٢ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ ۝٣ ﴾ الأعلى.

واتە: ئەوەی (هەموو شتێکی) دروست کردووە و ڕێکوپێکی کردووە، ئەوەی کە نەخشەی کێشاوە (بۆ هەموو شتێك) ئینجا ڕێنمایی کردووە، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٖ فَقَدَّرَهُۥ تَقۡدِيرٗا ۝٢ ﴾ الفرقان.

واتە: هەموو شتێکی دروست کردووە و ئەندازەی (لە هەموو ڕوویەکەوە) بە چاکی بۆ دیاری کرد.




لەم وێنەیەدا دەبینین چۆن خوێنبەرەکان لەناو مێشکدا لقیان لێ بۆتەوە بە تەرازوویەکی زۆر ورد خوێن دەگەیەننە خانەکانی مێشك بێ ئەوەی ڕێگەیان لێ تێك بچێت، ئاڵۆزیەکی زۆر دەبینین بەڵام زۆر بە سادەی و بە ڕێکوپێکی ئەرکەکان جێبەجێ دەکرێت!

سەرچاوە:

1)Book .textbook of clinical Neuroanatomy .Vishram Singh. 6th edition .page 231

2)Book .Clinical Neuroanatomy .Richard .S.Snell.7th Edition p.85

چاپی یەکەمی ئەم چەند نامیلکەیەی ناوەندەکەمان کەوتە بەر دیدی خوێنەران




بڵاوکار بە (تاك و بە کۆ): ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا



## هەندێ سەرنج و ڕامان لە ڕەوانبێژی قورئان/

### ئەڵقەی دووەم

# شێوازی «تەسبیح» لە قورئانی پیرۆزدا

ن: ئەبوبەکر مەلا طاهیر بەحرکەیی t_abubakr@yahoo.com

ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین لە بەکارهێنانی شێوازی (تسبيح)، واتە: یادی پاکی خودای گەورە، کە لە سەرەتای پێنج سورەتی قورئاندا هاتووە، دەبینین ئەو ڕێچکەیە بە شێوەیەکی زۆر جوان و بەوپەڕی ئیعجاز بەکارهاتووە و هەردوو بەشی گۆڕاو و نەگۆڕاوی تێدا هەیە، ئەو بەشەش کە گۆڕاوە هۆکاری تایبەتی هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. لە سورەتی (الحديد) دەفەرموێ: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١ ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودای کردووە و هەر خۆشی باڵادەست و کاربەجێ یە[1].

2. لە سورەتی (الحشر) دەفەرموێ: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١ ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودای کردووە و هەر خۆی باڵادەست و کاربەجێ یە[2].

3. لە سورەتی (الصف) دەفەرموێ: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١ ﴾.

4. لە سورەتی (الجمعة) دەفەرموێ: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ١ ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان هەرچی لە زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودا دەکات[3].

5. لە سورەتی (التغابن) دەفەرموێ: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ١ ﴾.

ئەگەر سەیری ئایەتەکانی سەرەوە بکەین دەبینین کەوا هەندێ گۆڕانکاری لە نێوانیاندا هەیە و زۆر بەشی لە یەك دەچێ، ئەگەر سەرنجی هۆکاری گۆڕانکارییەکانیش بدەین دەتوانین هەندێك لەو هۆکارانە باس بکەین، کە وا دەزانم ئەمانە بن، خوداش زاناترە:

1. لە سورەتی (الحديد) دەفەرموێ: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١ ﴾ کەچی لە چوار سورەتەکەی تردا (وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ) هاتووە بە دووبارە کردنەوەی (وَمَا فِي)، ئەو گۆڕانکارییە بێجگە لە چێژ و هەست بزوێنییەکەی واتایەکی تریش دەبەخشێت، کە ئەمەیە:

دەستەواژەی (مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ) کە لە چوار سورەتەکەی تردا بەکارهاتووە، تەئکیدی زیاتری تێدایە بۆ گرنگی زەوی، چونکە چۆن وشەی (ٱلسَّمَٰوَٰتِ) وشەی (مَا فِي) لە پێشدا هاتووە و وتراوە (مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ) هەر بەو شێوەیەش وتراوە: (وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ)، واتە: هەر یەك لە ئاسمان و زەوی سەربەخۆ و بە جودا تەسبیحاتی پەروەردگار دەکەن، بەڵام دەستەواژەی (مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ) گرنگی زیاتری داواەتە پاڵ ئاسمان و جۆرێك لە پاشکۆیی بەر زەوی خستووە، بە پێی زانستی (النحو) وشەی (ما) بکەرە کە لە هەر چوار سورەتەکە دووبارە کراوەتەوە، بەڵام لە سورەتی (الحديد) تەنها (عطف) کراوەتەوە[4].

هۆکاری گرنگی دان بە ئاسمان و بە پاشکۆکردنی زەوی لە سەرەتای سورەتی (الحديد) وا دەزانم لەبەرئەوە بێ: کە وا خودای گەورە لەو سورەتە باسی گرنگییەکی ئاسمان دەکات بۆ زەوی، ئەویش دابەزاندنی (ئاسن)ە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی لە لایەن پەروەردگارەوە، هەر لەبەر باسی ئاسنیش ناوی سورەتەکە بە ناوی (الحديد) واتە: ئاسن ناونراوە.

هەروەها لەم سورەتە (الحديد) وشەی (سَبَّحَ ) بە فرمانی

ڕابردوو هاتووە، واتە: تەسبیحاتی کردووە و لە سورەتی (الحشر) و (الصف)یش هەروا بە فرمانی ڕابردوو هاتووە، کەچی لە سورەتی (الجمعة) و (التغابن) بە فرمانی داهاتووی بەردەوام هاتووە کە (يُسَبِّحُ)ە، واتە: تەسبیحات دەکات.

ئەو بەکارهێنانەش پەیوەندی هەیە لەگەڵ ناوەڕۆك و ڕووداوەکانی ناو سورەتەکە، وا دەزانم لەو سورەتە لە بەر هەمان هۆکار فرمانی ڕابردوو بەکارهاتبێت، چونکە ئەو ڕووداوە کە دابەزاندنی ئاسنە ڕووداوێکی زۆر گەورەیە و لە ڕابردوودا ڕووی داوە، بۆیە لە سەرەتای سورەتەکەش باسی تەسبیحاتی ئاسمان و زەوی بە فرمانی ڕابردوو کراوە، بەم جۆرە سەرەتای سورەتەکە و ناوەڕۆکی لەگەڵ یەکتر گونجاو و هەماهەنگ دەبن.

بە تایبەت لەبەرئەوەی زانراوە لای هەموو کەسێك کە ئاسنیش یەکێکە لە (مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ)، ئەو دابەزینەش لەبەرئەوەی بە فەرمانی خودای باڵادەست و کاربەجێ بووە بە تەسبیحات ئەژمار دەکرێ، کەواتە ئاسنیش تەسبیحاتی خودای کردووە، ئەوەتا بە فەرمانی خودای باڵادەستی کاربەجێ (العزیز الحکیم) لە ئاسمانەکان دابەزیوە بۆ زەوی.

کەواتە مانای ئایەتەکە بەم شێوەیەی لێ دێت: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودای کردووە، هەروەك چۆن ئاسن ئەو تەسبیحاتەی کردووە.

2. لە سورەتی (الصف) دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودای کردووە و هەرخۆشی باڵادەستی کاربەجێ یە.

لەو سورەتەش فرمانی ڕابردوو بەکارهاتووە، وادەزانم (خواش زاناترە) لەبەر ئەوەبێ چونکە ئەو سورەتە باسی دوو پێغەمبەر دەکات کە (موسى) و (عیسى)ن علیهما السلام هەردووکیان ڕابردوون و زۆریش تەسبیحاتی خودایان کردووە، بۆیە وا گونجاوترە تەسبیحاتی ئاسمان و زەویش بە ڕابردوو باس بکرێ.

خودای گەورە لە سورەتی (الصف)دا دەفەرموێ: ﴿وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ لِمَ تُؤۡذُونَنِي وَقَد تَّعۡلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡۖ فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٥ وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ٦﴾[5].

واتای ئایەتەکە پاش زانینی ناوەڕۆکی سورەتەکە بەم شێوەیە دەبێت: هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە شان بە شانی ئەو دوو پێغەمبەرە گەورەیە تەسبیحاتی خودای باڵادەستی کاربەجێی کردوووە.

3. لە سورەتی (الجمعة) دەفەرموێ: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ١﴾.

لێرە فرمانی داهاتووی بەردەوام بەکارهاتووە کە (يُسَبِّحُ)ە واتە: تەسبیحات دەکات، ئەو گۆڕانکارییە لە دەستەواژە، وادەزانم هەندێ لە هۆکارەکانی ئەمانە بن (خواش زاناترە):

أ- چێژی گۆڕانکاری و هەست و سۆز جۆشاندن بەرامبەر خاوەن نیعمەت و وزەی زیاتر بۆ گوێگرتن ئەمانە هەمووی بەدی دەکرێت، هەر وەك پێشتر باسمان کرد.

ب- هەموو کاتەکان تەسبیحاتیان بەردەکەوێ و هیچ کاتێك نامێنێ تەسبیحاتی تێدا نەبێ، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودایان کردووە -کە ئەمە مانای (سَبَّحَ) یە- و تەسبیحاتی خودا دەکەن لە ئێستا و داهاتووشدا -کە ئەمەش مانای یسبّح-ە، هەروەها لە شوێنی تر (سبحان) و (سبحوە) و (سبح اسم) هاتووە، کە هەمان مەبەست دەگەیەنێ[6].

ت- لەو سورەتە باسی نوێژی هەینی کراوە کە نوێژێکی تایبەت بە موسڵمانانە و بە کۆمەڵ جێبەجێی دەکەن و تا ڕۆژی دوایی هەر دەمێنێ، بۆیە خودای گەورە تەسبیحاتی ئاسمانەکان و زەوی بە داهاتووی بەردەوام باس کردووە، بۆ ئەوەی گونجاو بێ لەگەڵ نوێژی هەینی موسڵمانان.

دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٩ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ١٠﴾[7].

واتای ئایەتەکە پاش زانینی ناوەڕۆکی سورەتەکە و زانینی گونجاوی سەرەتای سورەت کە تەسبیحاتە بەم شێوەیە دەبێت: هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودا دەکات شان بە شانی موسڵمانەکان لە نوێژی جومعەدا.

4. لە سورەتی (التغابن) دەفەرموێ: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ لەو سورەتە باسی ڕۆژێکی چارەنووس سازکراوە کە ڕۆژی دواییە و ناوی نراوە بە (یوم التغابن)، واتە: ڕۆژی زیان لێ کەوتنی کافران[8]، سورەتەکەش هەر بە ناوی ئەو ڕۆژە ناونراوە، دەفەرموێ: ﴿يَوۡمَ يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلتَّغَابُنِۗ وَمَن يُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ وَيَعۡمَلۡ صَٰلِحٗا يُكَفِّرۡ عَنۡهُ سَيِّـَٔاتِهِۦ وَيُدۡخِلۡهُ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ٩﴾التغابن.

لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژە گرنگە لە داهاتوودا ڕوودەدات و ئەو ڕووداوە لەو سورەتەدا گرنگی زۆری پێدراوە، بۆیە گونجاوتر و جوانترە تەسبیحاتی ئاسمان و زەویش بە ڕووداوێکی داهاتووی بەردەوام باسبکرێ، هەروەك لە وشەی (يُسَبِّحُ)دا دیارە، واتای ئایەتەکە بەم شێوەیە دەبێت: هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودا دەکات تاکو ڕۆژی دوایی (یوم التغابن).

5. لە سورەتی (الحشر) دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، هەرچەندە وا جوانتر بوو لە دوای سورەتی (الحدید) باسی ئەم سورەتەم کردبا، چونکە بە پێی ڕیزبەندی سورەتەکانی قورئان ئەو سورەتە پاش سورەتی (الحدید) هاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم سورەتە ئاوێتەیە لە ڕووداوی ڕابردووو و داهاتوو حەزم کرد لە کۆتایی هەموو سورەتەکان باسی بکەم.

ئەم سورەتە ناونراوە بە سورەتی (الحشر) واتە: کۆکردنەوە و

ڕاگواستنی کۆمەڵێك لە شوێنی جێگیربوونیان، مەبەستیش لەو کۆمەڵە کە لەو سورەتە باسکراوە کۆمەڵی جولەکەی (بنو النضیر)ە[9].

خودای باڵادەستی کاربەجێ باسی ئەم ڕاگواستن و کۆکردنەوەیە دەکات لەو سورەتە و دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمۡ لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِۚ مَا ظَنَنتُمۡ أَن يَخۡرُجُواْۖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمۡ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْۖ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَۚ يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ٢﴾ الحشر.

کەواتە ناوی سورەتەکە و ئەم ئایەتە پیرۆزەش باسی ئەو ڕووداوە مێژووییە دەکەن کە بەسەر جولەکەی (بنو النضیر)دا هاتووە، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەن بۆ ئەو (حشر)ە گەورەیەی کە لە قیامەت ڕوودەدات چونکە ئەویش هەرناوی (حشر)ە.

بەکارهێنانی وشەی (حەشر) لەو سورەتە گرنگیەکی تایبەتی هەیە، چونکە لە زمانی عەرەبی وشەی تریش هەیە مانای (حشر) دەبەخشێت بۆ نموونە وشەی: (الإجلاء) بە واتای دەرکردن و ڕاگواستن دێت و لە کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەرمان ئەو باسە بە ناوی (إجلاء بنی النضیر) باس کراوە[10]، ئەگەر ئەم سورەتە بەناوی (الإجلاء) کرابا یان ئایەتەکە لە جیاتی وشەی (حشر) وشەی (الإجلاء)ی بەکارهێنابا ماناکەی گونجاو دەبوو، بەڵام ئەوکاتە ئاماژەی تێدا نەدەبوو بۆ (حشر)ی قیامەت، وادەزانم گرنگی ئەم وشەیە لەو ئاماژەیەدا بێت و بۆ ئەم مەبەستە وشەی (حشر) بەکارهاتبێت (خوداش زاناترە).

زیاد لەوە دەستەواژەی ﴿لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِ﴾ مانایەکی تریش دەبەخشێت ئەویش ئەمەیە: لە زمانی عەرەبی ئەگەر بوترێ (أول الکتاب) واتای جیاوازە لەگەڵ (الکتاب الأول) چونکە (الکتاب الأول) واتە: کتێبی یەکەم، ئەو کاتە ئەو دەستەواژەیە بەکاردێت کە مەبەست جیاوازکردنەوەی کتێبی یەکەم بێت لەگەڵ کتێبی دووەم و سێیەم و... تاد، بەڵام (أول الکتاب)، واتە: سەرەتای کتێب، ئەو کاتە ئەو دەستەواژەیە بەکاردێت کە مەبەست جیاوازکردنەوەی سەرەتای کتێب بێت لە ناوەڕاست وکۆتاییەکەی، بۆیە ئەگەر کەسێك بڵێ: (قرأت الکتاب الأول)، ئەو کەسە زیاتر لە کتێبێکی لە بەردەستە، بەڵام ئەگەر بڵێ (قرأت أول الکتاب) ئەوە ئەو کەسە تەنها یەك کتێبی لە بەردەستە.

ئەگەر سەیری دەستەواژەی (لأول الحشر) بکەین دەبینین واتای (سەرەتای حەشر) دەگەیەنێ بە واتای ئەوەی کەوا یەك حەشر هەیە و ئەو حەشرە سەرەتا و کۆتایی هەیە، نە وەك چەند حەشرێك هەبێت، بۆ نموونە: حەشری یەکەم و حەشری دووەم و... تاد، کە ئەوەش واتایەکی زۆر بەهێز دەگەیەنێ، ئەویش ئەمەیە: سەرەتای حەشر لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کرد کەوا (بنو النضیر) لە ماڵەکانیان دەرکران و ڕاگوێزران و دیمەنێکی زۆر تاڵ بوو، کە بە چاوی خۆتان بینیتان و ئەو حەشرە بەردەوامە تا کۆتایی پێدێ بە ڕاگواستنی ئێوە و خەڵکی تریش لە مەیدانی مەحشەر کە ئەویش نزیکە، کەواتە یەك حەشر هەیە ئەویش دەستی پێکردووە لە (بنو النضیر) و کۆتایی پێدێ لە (قیامەت).

پێشتر باسم کرد کەوا ئەو سورەتە ئاوێتەیە لە ڕووداوی ڕابردوو و داهاتوو، مەبەستم لە ڕووداوی ڕابردوو حەشری (بنو النضیر)ە و ڕووداوی داهاتووش حەشری (قیامەت)ە، کەواتە زۆر جوان گونجاوە ئەو سورەتەش ئاوێتە بێت لە تەسبیحاتی ڕابردوو و داهاتوو.

هەروەك (سەرەتای حەشر) ڕابردوو بوو، (کۆتایی حەشر)یش داهاتووە بە هەمان شێوە (سەرەتای سورەت) بریتیە لە تەسبیحات بە فەرمانی ڕابردوو، (کۆتایی سورەت)یش بریتیە لە تەسبیحات بە فەرمانی داهاتووی بەردەوام.

سەیری سەرەتای سورەتەکە بکە، دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، سەیری کۆتایی سورەتەکەش بکە دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٢٤﴾.

ئەو دەرەنجامەی باسمان کرد لە شێوازی ڕێز لێنان و سوپاسگوزاریدا لەو پێنج نموونەیەی کە لە سەرەتای سورەتەکاندا هاتبوون، هەمان دەرەنجام لە ئایەتەکانی ناوسورەتەکانیش بەدی دەکرێ، بۆیە ئەگەر سەیری ئەم دوو ئایەتە بکەین کەوا لە ناوەڕاستی سورەتەکاندا هاتوون و لە خوارەوە نووسیومانن دەبینین کەوا دەستەواژەی بەکارهێنراو هەندێك گۆڕانکاری تێدا هەیە و ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕووی شێوازەوە جودان لەگەڵ ئایەتەکانی پێشوو:

1. ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلطَّيۡرُ صَٰٓفَّٰتٖۖ كُلّٞ قَدۡ عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسۡبِيحَهُۥۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِمَا يَفۡعَلُونَ ٤١﴾ النور.

واتە: ئایا نازانی ئەی محمد بە زانینێکی تەواو کەوا هەموو ئەو کەسانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن تەسبیحاتی خودای گەورە دەکەن و باڵندە لە کاتی کردنەوەی باڵەکانیان، هەر هەموویان (فریشتە و مرۆڤەکان و جنۆکە و باڵندە) نوێژ و پاڕانەوە و تەسبیحاتی تایبەت بە خۆیان فێرکراون و خودا ئاگادارە بە کردەوەکانیان هەرچەندە لای ئێوەش بزر بێ[11].

2. ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤٤﴾ الإسراء.

واتە: هەر حەوت قاتی ئاسمان و زەوی و ئەو کەسانەش (هەموو دروستکراوەکان) کە لە ناویاندا هەن تەسبیحاتی خودای گەورە دەکەن، هیچ شتێك لەم بوونەوەرەدا نییە ئیللا تەسبیحاتی خودا دەکات، بەڵام ئێوە لە تەسبیحاتەکە ناگەن، چونکە بە زمانی ئێوە نییە، بە ڕاستی خودای گەورە نەرمونیانە لەگەڵ بەندەکانی و لێخۆشبووە[12].

ئەگەر سەیری ئایەتی یەکەم بکەین دەبینین دەستەواژەی: (مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ) بەکارهاتووە، کەچی لە ئایەتەکانی پێشوو (مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ) بەکارهاتبوو، ئەم دەستەواژەیە جیاوازییەکەی لەگەڵ ئایەتەکانی پێشوو ئەوەیە: وشەی (مَن)

بۆ کەسی ژیر (عاقل) بەکاردێ، کەچی وشەی (مَا) بۆ دەوار (بهائم) و بێ عەقل بەکاردێ، بەڵام هەندێ جار هەیە وشەی (من) هەر وەك لەم ئایەتەدا بەکارهاتووە بۆ هەردوو چین پێکەوە بەکاردێ و ئەو شێوازە لە عەرەبی پێی دەوترێ: (تغلیب).

(ابن عطیة) لە ڕاڤەی (مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ) دەڵێ: وشەی (مَن) هەرچەندە خۆی بۆ خاوەن عەقڵ بەکاردێت بەڵام لێرە گشتگیرە و ژیر و دەواریش دەگرێتەوە، واتە: هەرهەمووی پێکەوە یەك حیسابی بۆ کراوە[13].

لە زمانی کوردی خۆشمان ئەو شێوازە هەیە، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك بەیانیان پەنیر و دۆ و چاو نان بخوات بە کۆی ئەو شتانە هەمووی دەوترێ نانخواردن هەرچەندە پەنیر و دۆ و چایەکە پێیان ناوترێ نان، بەڵام لەبەرئەوەی نان زیاتر دەخورێ لەوانی تر و هەموو پار و یەك نانی لەگەڵە، یان لەبەر گرنگی و ڕێزلێنان هەر هەمووی ناونراوە (نان)، بۆیە وشەی (نانخواردن) تەغلیبی تێدا هەیە.

هەروەها زۆرجار ئەو وشەیەی تەغلیبی بۆ دەکرێ مەبەستێکی تری لە پاڵدا هەیە، بۆ نموونە: زیاتر ڕێزلێنان یان گرنگی یان ژمارە زۆری، یان هەموو ئەوانە پێکەوە وەك لە وشەی (نان)دا بەدی دەکرێ و لە دەستەواژەی (مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ) تەغلیب بۆ خاوەن عەقڵەکان کراوە لەبەر گرنگی و ڕێز.

ماوە ئەوە ساغبکەینەوە ئایا هۆی چییە ئەو (مَن)ـە کە بۆ ژیر بەکاردێ تایبەت کراوە بە سورەتی (نور) و بۆچی لە سورەتەکانی تر نەبوو، وەڵامەکەش وا دەزانم لەبەر ئەمەبێ: سیاقی گشتی سورەتی (نور) لە سەرەتایەکەی تاکو ئەو ئایەتە زۆربەی باسی مرۆڤە، ئەگەر سەیری بکەین لە سەرەتا باسی کەسی بەدڕەوشتە، پاشان بوختان و بوختانچی، ئینجا باسی بە دواکەوتنی شەیتان، ئینجا ئادابی چوونە ماڵان و سەیرنەکردنی ئافرەتی نامەحرەم و باسی ئەوە دەکات کەوا خودای گەورە ئاسمانەکان و زەوی چۆن ڕوناك کردۆتەوە، ئینجا باسی ئەو پیاوانە دەکات کەوا ماڵەکانی خودا ئاوەدان دەکەنەوە بە عیبادەت چۆن خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی ڕوناك کردوتەوە بە ڕوناکی و باسی خراپی حاڵی کافران دەکات، تا ئێرە ئەگەر سەیری بکەین تەنها یەك جار باسی ئاسمان و زەوی کراوە کە بێ گیانن، ئەوی تر هەر هەمووی باسی مرۆڤە، کەواتە سیاقی گشتی سورەتەکە تاکو ئەو ئایەتە لە باسی خاوەن ژیرییەکانە، بۆیە زۆر جوان و شایستەیە کە لە دواى ئەو ئایەتانە دەفەرموێ: ﴿ أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلطَّيۡرُ صَٰٓفَّٰتٖۖ كُلّٞ قَدۡ عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسۡبِيحَهُۥۗ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِمَا يَفۡعَلُونَ ٤١ ﴾، بە بەکارهاتنی وشەی (مَن) تەغلیب بۆ خاوەن ژیرییەکان بکرێ کە مرۆڤە و بکرێتە پێشەنگی تەسبیح کاران.

لە ئایەتی دووەم دەستەواژەی: (تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ) بەکارهاتووە، ئەم دەستەواژەیە جیاوازیەکەی لەگەڵ ئایەتەکانی پێشوو دوو شتە:

1. وشەی (ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ) بەکارهاتووە، واتە: (هەر حەوت قاتی ئاسمان)، کە ئەمە تەئکیدێکی زۆرتری تێدا هەیە لە ئایەتەکانی پێشوو چونکە لەوان تەنها دەیفەرموو (ئاسمان)، هۆیەکەشی وادەزانم ئەمەبێ:

لە ئایەتی پێش ئەو ئایەتە دەفەرموێ: ﴿ قُل لَّوۡ كَانَ مَعَهُۥٓ ءَالِهَةٞ كَمَا يَقُولُونَ إِذٗا لَّٱبۡتَغَوۡاْ إِلَىٰ ذِي ٱلۡعَرۡشِ سَبِيلٗا ٤٢ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوّٗا كَبِيرٗا ٤٣ ﴾ الأسراء، واتە: ئەگەر خودای دی هەبا بێجگە لە خودای گەورە "وەك موشریکەکان گومان دەبەن" ئەوکاتی گەڕاکۆییان دەکرد تاکو دەسەڵات لە خودای خاوەن (عەرش) بسێنن هەروەك پادشاکانی دونیا شەڕەکورسی دەکەن، خودای گەورە زۆر دوورە لەوەی هاوەڵی هەبێ و (زۆر گەورەترە) لەو بوختانەی کە دەیکەن، شەهاب دەڵێ: باسکردنی وشەی (عُلُوّٗا) لە دوای وشەی (ذِي ٱلۡعَرۡشِ) کۆتا پلەی ڕەوانبێژییە، چونکە هەر گەورەیی و شکۆ لە خودای خاوەن عەرش دەوەشێتەوە[14].

واتە: سیاقی پێش ئەو ئایەتە بریتییە لە باسکردنی چەوتی بیروباوەڕی موشریکەکان، بەڵگەش لەسەر ئەمە بێ دەسەڵاتی ئەو خودایانەیە کە هەڵیان بژاردووە، لە بەرامبەر ئەوەش خودای گەورە دەسەڵاتی زۆرە و خاوەنی عەرشە و گەورە و شکۆدارە و هەر حەوت قاتی ئاسمان و زەوی و ئەوانەش کە لە ناویاندا هەن تەسبیحاتی دەکەن.

بڕوانە چەند جوان و بە پێزە کە دوای ئەو ئایەتە یەکسەر دەفەرموێ: ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤٤ ﴾ الإسراء.

2. لە ئایەتەکانی پێشوو دەیفەرموو: (هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە تەسبیحاتی خودای گەورە دەکات)، بەڵام لەم ئایەتە دەفەرموێ: (هەر حەوت قاتی ئاسمان و زەوی و ئەو کەسانەش لە ناویاندا هەن تەسبیحاتی خودا دەکەن)، ئەم ئایەتە زۆر تر تەئکیدی تێدا هەیە، چونکە ئایەتەکانی پێشوو باسی ئەوەی دەکرد (هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە)، باسی خودی ئاسمان و زەوی تێدا نەکردبوو، بەڵام لەم ئایەتە باسی خودی ئاسمان و زەوی دەکات، واتە: ئاسمان خۆی بە هەر حەوت قاتییەوە و زەوی خۆی و ئەوکەسانەش کە لە ناویاندا هەن تەسبیحاتی خودا دەکەن.

هۆیەکەشی هەمان هۆی پێشووە، کە ئەویش سیاقی پێش ئەم ئایەتەیە، کە باسی گەورەیی خودای بە دەسەڵات و خاوەن عەرش دەکات، هەر بۆیە جارێکی تریش هەر لەم ئایەتە تەئکیدێکی تریش دەکاتەوە و دەفەرموێ: (وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ).

بۆ زانینی جۆری ئەو تەسبیحاتکردنەی گیاندارە بێ زمانەکان دەیکەن، هەروەها تەسبیحاتی داروبەرد زانای بلیمەت فەخری ڕازی دەڵێ: ئەو گیاندارانەی کەوا ئەرکیان بە سەرەوە نییە، وەك: دەوار و ماڵات، ئەوانەش کەوا بێ گیانن، وەك: داروبەرد، تەسبیحاتکردنیان بە زمان نییە، بەڵکو بە مانای (حاڵەکانیان بەڵگەن لەسەر تەنیایی و پیرۆزی و گەورەیی خودا) یە، چونکە تەسبیحاتکردنی بە زمان بۆ شتێك ناگونجێ کەوا تێگەیشتن و زانیاری و هەستکردن و زمانی نەبێ[15].

(ابن عطیة)ش دەڵێ: جیاوازی ڕا هەیە لە نێوان زانایان سەبارەت بە تەسبیحاتی (باڵندە) و هەموو ئەو شتانەش کەوا تەسبیحات دەکەن، زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز دەڵێن: تەسبیحاتکردنی بە زمانە[16].

کەواتە: لەسەر ڕای زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئانی پیرۆز هەموو شتێك بە زمانی تایبەتی خۆی تەسبیحات دەکات، واتە: داروبەردیش زمانی هەیە بە بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کەوا لە ڕۆژی دوایی ئەندامەکانی مرۆڤەکان شایەتی دەدەن لەسەر ئەو کارانەی کە کردوویانە و ئەو شوێنانەی خوداپەرستی، یان تاوانی لێ کراوە شایەتی دەدەن، هەروەها قورئان و ڕۆژوو شایەتی دەدەن، کەواتە مەرج نییە هەر شتێ زمانەکەی لای ئێمە دیار نەبێ بێ زمان بێ، بە بەڵگەی کۆتایی ئایەتەکە کە دەفەرموێ: (وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ).

بەم شێوەیە بۆمان دەرکەوت وشەکانی قورئان چەندە گونجاو و پڕ مانان و هەر وشەیەك چەندەها ئەرکی ڕەوانبێژی بە جێ گەیاندووە، پەروەردگارمان ئێمەش لە بەندەکانی خۆت ئەژماربکە ئەوانەی کەوا هەردەم لە تەسبیحاتت بەردەوامن لە ڕابردوو و لە داهاتوودا، لە گیاندار و بێ گیانەکان.

**پەراوێزەکان:**


(1) صفوة التفاسير: 3/ 319 – 320.
(2) هەمان سەرچاوە: 3 / 348.
(3) هەمان سەرچاوە: 3 / 378.
(4) (التعبير القرآني، الدكتور فاضل صالح السامرائي، دار عمان، الأردن، 1998ز): 154 بكة.
(5) سورەتی (الصف)، ئایەتی: 5 و 6.
(6) على طريق التفسير البياني، الدكتور فاضل صالح السامرائي، الجزء الأول، النشر العلمي، جامعة الشارقة، 2004 م: 202
(7) سورەتی (الجمعة)، ئایەتی: 9 و 10.
(8) صفوة التفاسير: 3/393.
(9) مفردات الفاظ القرآن: 237، وصفوة التفاسير: 3/ 348.
(10) فقه السيرة، محمد سعيد رمضان البوطي -رحمه الله- ط5، 1978م، دار الفكر: 276.
(11) (صفوة التفاسير): 2/343.
(12) هەمان سەرچاوە: 2/161.
(13) (المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، ابن عطية الأندلسي،ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، 1993م): 4/232.
(14) (صفوة التفاسير): 2/160 - 161.
(15) (التفسير الكبير المسمى بمفاتيح الغيب، الإمام محمد الرازي الملقب بفخر الدين (ت: 606هـ)، ط3، دار إحياء التراث العربي، بيروت، 2000م): 20/347.
(16) (المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، ابن عطية الأندلسي،ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، 1993م): 4/232.


# ئاماژەی قورئانی پیرۆز بۆ جوڵەی چەماوەیی لە گەردووندا


ڕێدار ئەحمەد


وشەی (عَـرَج) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای خواربوونەوە و چەمانەوە دێت... هەر بۆیە قورئانی پیرۆز کاتێك باس لە بەرزبوونەوە بۆ ئاسمانەکان دەکات بە وشەی (عـرج) ئاماژە بۆ چۆنیەتی بەرزبوونەوەکە دەکات. ئاشکراشە کە جوولەی مادده لە ناو گەردووندا جوولەیەکی چەماوەییە بەهۆی کاریگەری هێزی کێشکردن لەسەر تەنەکان، تەنانەت تیشکی ڕووناکیش بە هێڵێکی ڕاست ناڕوات و فۆتۆنەکانی تووشی هێزی کێشکردن دەبنەوە و جوولەیان لە گەردووندا چەماوەییە، ئەمەش بە تەواوی هەر ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا دووپاتی کردۆتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ۚ وَهُوَ ٱلرَّحِيمُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾ ﴾ سبأ.

واتە: هەرچی دەچێتە ناو زەوی و چیشی لێ دێتە دەرەوە، هەرچی لە ئاسمان دێتە خوارەوە و چیش بە چەماوەیی پیایدا بەرزدەبێتەوە، ئەو زاتە زۆر میهرەبان و لێخۆشبووە. ﴿ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ﴾ ئاماژەیە بۆ ڕێگەی بەرزبوونەوە بۆ ئاسمانەکان بە ڕێگەی لاربوونەوە و پێچکردنەوە.

سەرچاوە:
https://cosmictimes.gsfc.nasa.gov/teachers/guide/1919/guide/gravity_bends_starlight.html





# تەفسیرێکی زانستی بۆ ئایەتی

# ﴿ أَلَمۡ نَجۡعَلِ ٱلۡأَرۡضَ كِفَاتًا ﴾

ن: محمد راتب نابلسي و: هەیڤ

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَلَمۡ نَجۡعَلِ ٱلۡأَرۡضَ كِفَاتًا ﴿٢٥﴾ أَحۡيَآءٗ وَأَمۡوَٰتٗا ﴿٢٦﴾ ﴾ المرسلات، واتە: ئایا زەویمان نەکردووە بە کۆکەرەوە و کێشکەری زیندووان و مردووان.

وشەی (کفاتا): لە کرداری (کفت)ە وە هاتووە، واتە: ڕایکێشا و گرتی و نوساندی بەخۆیەوە، ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەیەکی تێدایە بۆ هێزی کێشکردنی زەوی، چونکە هەموو شتێك لەسەر زەوی کێش دەکرێت بۆی، ئەگەر ئەو شتە زیندوو بێت یان مردوو، ئەمەش تەنیا زیندووان و مردووانی مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو زیندەوەران و بێگیانەکان دەگرێتەوە، هەرچەندە زیندەوەرەکە بچوك بێت و بە چاویش نەبینرێت، هەروەها هەموو تەنێکی مردوو دەگرێتەوە وەك بەرد، ئاسن... تاد، هەرچەندە ئەوانیش بچووك بن وەك گەردیلەکان، کە ئەلیکترۆن و ناوك بەم هێزە پێکەوە بەستراونەتەوە، تەنانەت فۆتۆناتی ڕووناکیش هێزی کێشکردن دەکەوێتە سەریان، بەرگە هەوای زەوی و ئاوی دەریاکانیش بەهۆی کێشکردنەوە بە زەوییەوە ماونەتەوە، هێزی کێشکردنی زەوی ڕاستەوانە لەگەڵ کێشی تەنەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە تەنێك کێشەکەی لەسەر زەوی 60 کگم بێت، لەسەر مانگ شەش یەکی ئەو کێشەیە واتە 10کگم، لەبەرئەوە کێشی تەنێك لەسەر زەوی بریتییە لە هێزی ڕاکێشانی بەرەو زەوی، کێشی تەنێك لەسەر مانگ بریتییە لە هێزی کێشکردنی بۆ ناوەندی مانگ، دەپرسین چی دەبوو ئەگەر ئەم هێزی کێشکردنە نەبووایە؟ ئایا ئاو لەسەر زەوی جێگیر دەبوو؟ بەرگەهەوا بە زەوییەوە دەمایەوە؟ بێگومان نەخێر. بەرگە هەوا بەهۆی ئەم هێزەوە لەگەڵ خولانەوەی زەویدا ئەویش دەخولێتەوە، ئەگەر ئەم هێزە نەبووایە بەرگەهەوا جێگیر دەبوو، بەوەش گەردەلولی وا بەهێز دروست دەبوو، خێراییەکەی دەگەیشتە 1600 کم/ کاتژمێرێك، چونکە خێرایی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا 1600 کم/ کاتژمێرێکدا، ئەم خێراییەش بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو شتێکی سەر زەوی وێران بکردایە، زەوی لەگەڵ ئەوەی دەخولێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەم هێزی کێشکردنەوە تەنەکانی سەری ئارام دەگرن، ئەوەش بەخششێکی پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ﴿ أَمَّن جَعَلَ ٱلۡأَرۡضَ قَرَارٗا ﴿٦١﴾ ﴾ النمل، کەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە تەنیا تایبەت نییە بە مردنی مرۆڤ کاتێك دەمرێت و زەوی بۆ خۆی کێشی دەکات و لە ناویدا دەنێژرێت، بەڵکو ئەم کێشکردنە لەسەر هەموو تەنەکانە ئەگەر زیندوو بن یان مردوو.

http://spaceplace.nasa.gov/what-is-gravity/en/

http://solarsystem.nasa.gov/planets/moon/indepth

# ئایا مرۆڤ دەتوانێ مێشێك دروست بكات؟

